تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5772) پێنج شەممە 20ی حوزەیران 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

بە لایەنەکان گوتراوە بەزوویی ئامادەکاریی بکەن بۆ پێشکەشکردنی سیقیی کاندیدەکانیان

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی: مەسرور بارزانی سێ پێوەری بۆ وەزیرەکان دیاریکردووە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمان رایدەگەیەنێت لایەنە پێکهێنەرەکانی حکوومەت ئامادەیی خۆیان بە پابەندبوون بە رێککەوتنەکانەوە نیشانداوە، دەشڵێت مەسرور بارزانی دڵسۆزی، پاکی، پسپۆڕیی بۆ لایەنەکان وەکو پێوەر دیاریکردووە بۆ پێشکەشکردنی کاندیدان بۆ وەزارەت و پۆستەکان، ئومێد خۆشناو راشیگەیاند: پێش ماوەی یاسایی کابینەکە تەواو دەکرێت. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەست بە دروستکردنی تۆماری دەنگدەرانی کوردستان دەکات

هەرێمی کوردستان ئامادەکاری بۆ دروستکردنی تۆماریکی سەربەخۆی دەنگدەران دەکات و بەرپرسێکی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ، باشترین رێگا ئەوەیە هەرێم پرۆسەی بایۆمەتری دەنگدەران بەرێوە ببات.
(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)



ئەمیری کوەیت لە رێی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە سەرۆک بارزانییەوە دەکات

ئەمیری کوەیت خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بەو پێشڤەچوونە سیاسییەی لە هەرێمی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە


دوێنێ چوارشەمە 2019/6/19 شێخ سەباح ئەحمەد جابر ئەلسەباح ئەمیری کوەیت لە رێی تەلەفۆنەوە پەیوەندی بە سەرۆک مەسعود بارزانییەوە کرد.
لەو پەیوەندییەدا ئەمیری کوەیت خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بەو پێشڤەچوونە سیاسییەی کە لە ئاستی هەرێمی کوردستان و هەروەها پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا هاتووەتە ئاراوە و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتری بۆ گەلی کوردستان خواست.
هەر لەو پەیوەندییەدا سەرۆک بارزانی سوپاسی ئەمیری کوەیتی کرد و بەخێرهاتنیشی کرد کە بە سەردانێک دوێنێ گەیشتە بەغدای پایتەختی عێراق.



سەرۆک بارزانی لەگەڵ شاندێکی باڵای حزبی ئیسلامیی عێراق کۆبۆوە

پەرەپێدان و هاوکاری و هەماهەنگیی پەرلەمانی لەنێوان پارتی و حزبی ئیسلامیی عێراق تاوتوێکرا

دوێنێ چوارشەمە 2019/6/19 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی لەگەڵ شاندێکی باڵای حزبی ئیسلامیی عێراق کۆبۆوە، کە پێکهاتبوو لە د. ئەیاد سامەرایی سکرتێری گشتی و سوهەیب ئەلراوی و ڕەشید عەزاوی جێگرانی سکرتێری گشتی و د. نەسیر ئەلعانی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی ئیسلامیی عێراق.
لە کۆبوونەوەکەدا کە فازڵ میرانی سکرتێر و هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی و عەلی حوسێن ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەی بوون، بیروڕا لەبارەی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و گۆڕانکارییەکانی ناو پڕۆسەی سیاسیی عێراق ئاڵوگۆڕ کرا. هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر بارودۆخی پارێزگای نەینەوا و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی مووسڵ و ڕەوشی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا مەترسییەکانی هزری تۆندڕۆیی و سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش تاوتوێکرا و لەو بارەیەوە هەماهەنگی و وریایی هەموو لایەک بە پێویست زانرا.
لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا جەخت لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و هاوکاری و هەماهەنگیی پەرلەمانی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی ئیسلامیی عێراق کرایەوە.



مەسرور بارزانی پێشوازی لە یاریدەدەر و ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات

مەسرور بارزانی: هەموو هاوکارییەک پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی تاوانبارانی داعش لەبەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتیدا دادگایی بکرێن

دوێنێ چوارشەمە 2019/6/19 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش و ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە کەریم ئەسعەد ئەحمەدخان یاریدەدەر و ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و شاندێکی یاوەری کرد.
لەو دیدارەدا مەسرور بارزانی پێزانینی خۆی بەرانبەر بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان و هەنگاوەکانی پرۆسەی دادگاییکردن و سزادانی تاوانبارانی داعش نیشاندا و ڕایگەیاند، وەکو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە جێبەجێکردنی یاسای دادگاییکردنی داعش دەکەین، بەتایبەتی لەسەر ئەو تاوانانەی دەرهەق بە ئێزیدییەکان کردیان، هەروەها جەختی لەوەشکردەوە، کە هەموو یارمەتی و هاوکارییەک پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی ئەو تاوانبارانە پەلکێشی بەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی بکرێن و دادگایی بکرێن.
لە لای خۆیەوە ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش، پوختەیەکی دەربارەی ئەرک و کارە پێڕاسپێردراوەکەی خستەڕوو، ئاماژەی بەوەشدا، کە تاوانەکانی داعش لە عێراق و کوردستان ئەنجامی داون، دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە. لەبارەی ئامانجی ئەو لێکۆڵینەوەیە و پرۆسەی دادگاییکردنەکە ڕایگەیاند، کە بۆ جیاکردنەوەی تاوانباران و ڕەخساندنی زەمینەی ئاشتەوایی نیشتیمانییە.



ئەیاد عەلاوی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکات

نێچیرڤان بارزانی جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور دەکاتەوە

بەڕێز د. ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی مینبەری عێراقی، پیرۆزبایی لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست.
بەڕێز عەلاوی و شاندێکی یاوەری کە لە ژمارەیەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی مینبەری عێراقی پێکهاتبوو، دوێنێ چوارشەمە 2019/6/19 لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، تەواوی پشتگیریی خۆی و مینبەری عێراقی بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دەربڕی و بەڕێزشیان سوپاسی سەردان و پیرۆزباییی بەڕێز عەلاوی و شاندی یاوەری کرد.
لە دیدارەکەدا پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا تاوتوێکران و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی جەختی لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی هەولێر ـ بەغدا لە ڕێگەی گفتوگۆ و لەسەر بنەمای دەستوور، کردەوە.

مەحمود سەنگاوی کەسێکە وەک مافیا تەسەڕوف دەکات و باسی دوو ئیدارەیی دەکات

لە شەڕی داعشدا میلان بەشێک بوو لە بەرزکردنەوەی وەرەی پێشمەرگە، بەڵام مەحمود سەنگاوی میلانی لە بەرەکانی شەڕەوە دەفڕۆشت



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئومێد خۆشناو دەڵێت: ئەو چەتەیەی ئەو قسانەی کردبێە، کەسێکە لە ئاستی پلەداری لە ناو یەکێتیدیدا. ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیبێە، ئێمە چاوەڕوانی زیاترمان لە هەڤاڵانمان و لە پەرۆشانی ناو یەکێتی و عاقڵمەندانی ناو یەکێتی هەبوو، دژی بوەستنەوە.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان داوای بەدواداچوون لەبارەی سووتاندنی دەغڵودانی جوتیارانی کورد دەکات

ڕێکخەری ڕاسپاردەی نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: بۆ بەدواداچوونی کێشەی سوتاندنی دەغڵودانی جوتیاران لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پێویستە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تیمەکانیان بنێرن بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ئەم ڕووداوانە. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ئەیاد عەلاوی و شاندێکی (المنبر) دەکات

سەرۆکی مینبەری عێراقی بۆ سەرۆک بارزانی: بۆ پاراستنی دیموکراسی لە عێراق هەموومان پێویستمان بە رۆڵی جەنابتان هەیە

دوێنێ چوارشەمە 2019/6/19 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئەیاد عەلاوی سەرۆکی ئیئتیلافی وەتەنی عێراقی و سەرۆکی گردبوونەوەی مینبەری عێراقی و شاندێکی یاوەری کرد کە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی مینبەر پێکهاتبوو.

لە دیدارەکەدا سەرەتا ئەیاد عەلاوی ئاماژەکانی گردبوونەوەی مینبەری عێراقی ڕوونکردەوە و ڕایگەیاند کە مینبەر گردبوونەوەیەکی فراوانی کەسایەتییە میانڕۆ و نیشتمانپەروەرەکانە و کار بۆ ئەوە دەکات هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی عێراق یەکسان بن.

هەر لە دیدارەکەدا سەرۆکی مینبەری عێراقی پێزانینی خۆی بۆ ڕۆڵی ئێجابی و کاریگەری سەرۆک بارزانی دەربڕی و ڕایگەیاند: ڕۆڵی جەنابتان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان زۆر کاریگەر و بەرچاوە و ئێستاش بۆ پاراستنی دیموکراسی لە عێراق هەموومان زۆر زیاتر پێویستمان بەو ڕۆڵەی جەنابتان هەیە.

هەر لە دیدارەکەدا لەبارەی بارودۆخی سیاسی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بیرووڕا ئاڵوگۆڕ کرا و جەخت لە گفتوگۆی بونیادنەرانە بۆ چارەسەری سەرجەم کێشەکان کرایەوە.



نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆدەبێتەوە

سەرۆکی هەرێم پابەندبوونی هەرێمی کوردستانی بۆ کاری هاوبەش لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان دووپاتکردەوە

لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوێنێ چوارشەمە 2019/6/19 بەڕێز کەریم ئەسعەد ئەحمەدخان یاریدەدەر و ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش، ڕۆڵ و قوربانیدانی هەرێمی کوردستانی لە ڕووبەڕووبوونەوە و تێکشکاندنی تیرۆر و پاراستنی پێکهاتەکان بێ جیاوازی و حەواندنەوەیان، بەرز نرخاند.

بەڕێزیان کورتەیەکی دەربارەی کارەکانیان لە کۆکردنەوەی بەڵگەکان بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و بەدواداچوونی کەیسی تاوانەکانی داعش، پشتگیریی یاسایی بۆ کارەکانیان و جۆرەکانی تاوانە ئەنجامدراوەکان کە لە عێراق جگە لە یاساى تاوانەکانی تیرۆر، یاساى تاوانەکانی جەنگ و جینۆساید نییە، هەروەها سەردانی مەیدانیی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هەڵدانەوەیان، هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێم و دۆزینەوەی تاوانباران و مسۆگەرکردنی دادگاییکردنیان، خستەڕوو، جەختیشی لە گرنگیی هەماهەنگییە دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەولێر و بەغدا کردەوە. لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وێڕای دەستخۆشی لە کاری تیمەکەیان، ئامادەیی و پابەندیی هەرێمی کوردستانی بۆ پشتگیری و کاری هاوبەش لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکوومەتی عێراق بۆ بەدیهێنانی دادوەریی لەم کەیسەدا دووپاتکردەوە، هەروەها پوختەیەکی دەربارەی قوربانیدانی هەرێمی کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش پێشکەشکرد و جەختی لە پابەندبوونی هەرێمی کوردستان بە پرەنسیپ و بنەماکانی پێکەوەژیان و پاراستنی پێکهاتەکان کردەوە.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان داوای بەدواداچوون لەبارەی سووتاندنی دەغڵودانی جوتیارانی کورد دەکات



ڕێکخەری ڕاسپاردەی نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بۆ بەدواداچوونی کێشەی سووتاندنی دەغڵودانی جوتیاران لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پێویستە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تیمەکانیان بنێرن بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ئەم ڕووداوانە.

لە ماوەی ڕابردوودا لە سووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە گوندەکانی دەوروبەری کەرکووک، خانەقین، کفری، خورماتوو و شنگال چەند دەستێکی نادیار، بە بەردەوامی هەوڵی شێواندن و زیان پێگەیاندن بە هاووڵاتیان و جوتیارانی ناوچەکە دەدەن و هەروەها لەکاتی درووێنەکردنی ڕەنجی یەک ساڵەی جوتیارانی سنوورەکە، هەستاون بە سووتاندنی دەغڵودانی هاووڵاتیان و ئاگر تێبەردان و بۆمبڕێژکردنی زەویوزاری گوندەکان کە ژمارەیەک کوژراو و بریندارى لێکەوتووەتەوە.

د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم ڕایگەیاند سووتاندنی دەغڵودانی جوتیارانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم نیگەرانییەکی زۆری بۆ خەڵک و جوتیارانی ناوچەکە دروستکردووە، ئەو کەسانەی هەستاون بە ئەنجامدانی ئەم گێرەشێوێنانە لە گوندەکانی دەوروبەری کەرکووک، خانەقین، کفری و خورماتوو کەسانی نادیارن و ئامانجی سەرەکییان تێکدانی ئەو ئاشتی و پێکەوە ژیانەیە کە لەو ناوچانە بوونی هەیە.

زێباری ڕاشیگەیاند: ئەو گوندانەی زیاتر لەلایەن ئەم هێرشبەرانەوە کراونەتە ئامانج گوندەکانی حەفتەغار، لە باشووری داقووق کە پێکهاتووە لە کلی تەپە، جلناوە، ئاوایی فەریقە، ئاوایی عەلی، ئاوایی دارا، ئاوایی مەنسور، دێکانی سنووری قەزای خورماتوو، پارە پارە، تەپە سەوز، شاسیوانە، سنگور، شورا و حەمەغەریب، کوردن.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە دەورووبەری کەرکووک، خانەقین، کفری و خورماتوو کەسانی نادیارن و ئامانجی سەرەکییان تێکدانی ئەو ئاشتی و پێکەوە ژیانەیە کە لەو ناوچانە بوونی هەیە.

زێباری ڕاشیگەیاند: ئەو گوندانەی زیاتر لەلایەن ئەم هێرشبەرانەوە کراونەتە ئامانج گوندەکانی حەفتەغار، لە باشووری داقووق کە پێکهاتووە لە کلی تەپە، جلناوە، ئاوایی فەریقە، ئاوایی عەلی، ئاوایی دارا، ئاوایی مەنسور، دێکانی سنووری قەزای خورماتوو، پارە پارە، تەپە سەوز، شاسیوانە، سنگور، شورا و حەمەغەریب، کوردن.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم گوتیشی: ئەوەی لە ئێستادا پێویستە و زەروریەتی هەیە ئەوەیە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تیمەکانیان بنێرن بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە بابەت و هۆکاری سوتاندنی دەغڵودانی جوتیاران هەروەها گوشار دروستبکەن لەبارەی قەرەبووکردنەوە و ناردنی تیمی هاوبەش بەدواداچوونی ئەم ڕووداوانە و بە جددی کار لەسەر چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بکەن. لەلایەکی دیکەشەوە زۆر گرنگە حکوومەتی عێراق بێتە سەرخەت بۆ ڕێگریکردن لەم ڕووداوانە و کۆتاییهێنان بەو کێشانە بۆ ئەوەی گرژی و ئاڵۆزییەکان زیاتر لەوەی کە هەیە تەشەنە نەسێنێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرەخۆشی لە خانەوادەی ناهیدە ڕەفیق حیلمی دەکات

بەبۆنەی کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو خاتوو ناهیدە ڕەفیق حیلمی - یەوە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە و کەسوکاری کرد، ئەمە دەقەکەیەتی:

پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو خاتوو ناهیدە ڕەفیق حیلمی و کەسوکار و دۆستانی دەکەین کە بە داخەوە ئەمڕۆ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد. لە دڵەوە هاوسۆز و هاوخەمیانین، خوای گەورە خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی خۆی شاد و بکات و دڵنەوایی و سەبووریی کەسوکاریان بداتەوە.

خوالێخۆشبوو خاتوو ناهیدە ڕەفیق حیلمی، کە یادگاری نووسەر و ڕووناکبیری ناودار و سیاسەتمەداری کورد مامۆستا ڕەفیق حیلمی بوو، بە نووسین و لێکۆڵینەوەکانی و بەو خزمەتە ڕووناکبیرییەی بە درێژاییی تەمەنی پێشکەشی کردووە، بۆ هەمیشە یادی بە خێر دەمێنێتەوە.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
19/6/2019

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە شاندێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد

هێمن هەورامی: پەرلەمان هەوڵەکانی خۆی چڕکردووەتەوە بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان و لێکنزیککردنەوەی تێڕوانینەکان



دوێنێ چوارشەمە 19/6/2019 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە شاندێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە سەرۆکایەتی بەڕێز عەبدوڵلا سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا، سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان، بە ناوی حزبەکەیان، پیرۆزبایی ئاراستەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونیان و پشتگیری حزبەکەشی دەربڕی بۆ کار و ئەرکەکانی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە حکوومەتێک کە لە ئاست ئاوات و خواستی خەڵکی کوردستاندا بێت و ئامادەیی خۆشیان دەربڕی بۆ پێشکەشکردنی هەر جۆرە هاوکاری و هەماهەنگییەک لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان.

لای خۆشییەوە، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەرزنرخاندنی ئەم هەڵوێستەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، پۆختەیەکیشی دەربارەی بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە خستەڕوو. دەربارەی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، پێویستە گشت لایەنەکانی هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی کار لەسەر تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە بکەن بۆ ئەوەی کوردستان لە کەناری ئارام بمێنێتەوە و ڕێگە نەدرێت درز بخرێتە نێو مالی کوردستان و کۆسپ و تەگەرە بخرێتە بەردەم پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمانی کوردستان هەوڵی خۆی چڕکردووەتەوە بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان و لێکنزیککردنەوەی تێڕوانینەکان، چونکە یاسا و سەقامگیری و ئارامی لە هەرێم لە سەرووی هەموو کەس و لایەنێکە و پێویستە لایەنە سیاسییەکانیش بەوپەڕی بەرپرسیاریەتییەوە ڕووبەڕووی تەحەدیاتی ئەم قۆناغە بن کە لە بەردەم هەرێمی کوردستاندایە.

جەلال محەمەد:

گۆڕان لەگەڵ ئەوە دایە حکوومەتی نوێ بە زوویی پێکبهێنرێت

ئەندام پەرلەمانێکی گۆڕان ئاشکرای دەکات، گۆڕان ماوەیەکی زۆرە لەڕێگەی لێژنەیەکەوە ناوی کاندیدەکانی بۆ پشکەکانی لە حکوومەت دیاری کردووە و لە کاتی دیاریکراوادا پێشکەشی سەرۆکی حکوومەتی دەکات. لەمبارەوە جەلال محەمەد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: بزووتنەوەی گۆڕان ماوەیەکی زۆرە لەڕێگەی لێژنەیەکەوە ئامادەکاری بۆ ناوی کاندیدەکانی کردووە، بۆیە ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە، چونکە ناوی کاندیدەکانمان حازرە و لەکاتی دیاریکراوی پێکهێنانی کابینەی نوێدا ئێمە ناوی کاندیدەکانی خۆمان ئاراستەی سەرۆکی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین. گوتیشی: ئەو کاندیدانەی گۆڕان کە تاوەکوو ئێستا ناوەکانیان یەکلا نەبووەتەوە، پێش وادەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە ناوی کاندیدەکانمان یەکلا دەکەینەوە. پەرلەمانتارەکەی بزووتنەوەی گۆڕان، جەختی لەوەش کردۆتەوە: گۆڕان هەموو شتێکی حازر کردووە و لەگەڵ ئەوە دایە حکوومەتی نوێ بە زوویی پێکبهێنرێت.



مەسرور بارزانی پێشوازی لە ئەیاد عەلاوی دەکات


هەردوولا جەختیان لە پەلەکردن بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەکان کردەوە

دوێنێ چوارشەممە 2019/6/19 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش و راسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە دکتۆر ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی و شاندی یاوەری کرد. لە دیدارێکدا پرۆسەی سیاسیی عێراق و پێشهات و گرژییەکانی دەڤەرەکە تاوتوێ کران و تیشک خرایە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.

لەو دیدارەدا مەسرور بارزانی ئاماژەی بە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و جەختی لە چارەسەرکردنی پرس و کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەپێی دەستوور و گفتوگۆی ڕاشکاوانە کردەوە.

لە لای خۆیەوە سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی جارێکی دی پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی کرد، وێڕای هیوا خواستنی سەرکەوتن بۆ مەسرور بارزانی لە ئەرکی نوێیدا، ڕاشیگەیاند: ئومێدەوارم لە ماوەی داهاتوودا پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان گرنگی پێبدرێتەوە و ببنە هۆی چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە هەن.

هەردوولا کۆکبوون لەسەر پەلەکردن لە دەستپێکردنی گفتوگۆکان بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتی بۆ کێشەکان و بنیاتنانی عێراقێک، کە گشت پێکهاتەکانی هەست بە ماف و ئەرکی خۆیان بکەن.



مەسرور بارزانی پێشوازی لە شاندێکی سەربازیی ئەمەریکا دەکات

ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم: هێشتا تیرۆریستانی داعش هەڕەشەیەکی بەردەوامن لەسەر سەقامگیری و ئارامیی ناوچە ڕزگارکراوەکان

جەنەڕاڵ گریگۆری پشتیوانییەکانی ئەمەریکای بۆ ڕێکخستنەوە و ئەنجامدانی چاکسازی لە ریزەکانی پێشمەرگەدا دووپاتکردەوە

دوێنێ چوارشەممە 2019/6/19 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش و ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی سەربازیی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ گریگۆری کروودە، سەرۆکی نووسینگەی هاوکاری ئەمنی عێراقی (OSC-I) کرد.

لە دیدارێکدا، وێڕای تاوتوێکردنی بارودۆخی سەربازی و ئەمنی عێراق و تەنگژەکانی ناوچەکە بەگشتی، پرۆسەی ڕاهێنان و دابینکردنی پێداویستی سەربازی و چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگە و میکانیزمی هەماهەنگی ئەمنی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هاوپەیمانان تیشکی خرایە سەر.

لەو دیدارەدا مەسرور بارزانی ئاواتی بەردەوامبوونی هاوکارییەکانی خواست، ئاماژەی بەوەشدا، ئەگەرچی توانا سەربازییەکانی تیرۆریستانی داعش تێکشکاوە، بەڵام جموجۆڵەکانیان لە پەرەسەندن دایە، هێشتا هەڕەشەیەکی بەردەوامن لەسەر سەقامگیری و ئارامی ناوچە ڕزگارکراوەکان. لە لای خۆیەوە جەنەڕاڵ گریگۆری، وێڕای ئاماژەدان بە ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی تیرۆریستانی داعش، دووپاتی لە پشتیوانییەکانی ئەمەریکا بۆ ڕێکخستنەوە و ئەنجامدانی چاکسازی لە ریزەکانی پێشمەرگە کردەوە.

به لایەنەکان گوتراوە بەزوویی ئامادەکاریی بکەن بۆ پێشکەشکردنی سیقیی کاندیدەکانیان

ئومێد خۆشناو: مەسرور بارزانی سێ پێوەری بۆ وەزیرەکان دیاریکردووە

لە شەڕی داعشدا میلان بەشێک بوو لە بەرزکردنەوەی وەی پێشمەرگە، بەڵام مەحمود سەنگاوی میلانی لە بەرەکانی شەڕەوە دەفڕۆشت

مەحمود سەنگاوی چەتە و دز و تاڵانچی و بکوژی ڕۆژنامەنووسە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمان ڕایدەگەیەنێت لایەنە پێکهێنەرەکانی حکوومەت ئامادەیی خۆیان بە پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکانەوە نیشانداوە، دەشڵێت مەسرور بارزانی دڵسۆزی، پاکی، پسپۆڕیی بۆ لایەنەکان وەکو پێوەر دیاریکردووە بۆ پێشکەشکردنی کاندیدان بۆ وەزارەت و پۆستەکان، ئومێد خۆشناو ڕاشیگەیاند: پێش ماوەی یاسایی کابینەکە تەواو دەکرێت.



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئومێد خۆشناو کە بەشداری کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو لەنێو شاندی پارتی و سەرۆکی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بوو بۆ سەردانیکردنی لایەنەکانی پێکهێنەری کابینەی نوێ ڕایگەیاند: پاش ئەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرۆکوەزیرانی ڕاسپارد بۆ ئەوەی کابینەی حکوومەت پێکبهێنێت کە 30 ڕۆژی لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی کابینەکە پێشکەشی پەرلەمان بکات، دەست بە گفتوگۆکان کرا و سەردانی لایەنە سیاسییەکان دەستیان پێکرد، سەرەتا شاندی پارتی کە یاوەری سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراو بوو سەردانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و ئەو داوایە خرایەڕوو بۆ ئەوەی ئامادەکارییەکان بکەن و وەزیرەکانییان بخەنەڕوو و سیقیی کاندیدەکانییان پێشکەش بکەن، ڕۆژی دووشەممەش سەردانی یەکێتی نیشتمانی کرد و دوای ئەوە بنەمایانەیە کە ئەوان باسی دەکەن.

خۆشناو ڕوونیشیکردەوە، پارتی هیوا دەخوازێت ئەو قسانە هیچ مەغزایەکی سیاسی لە پشتەوە نەبێت و قسەی خودی ئەو کەسە بێت، کە لە شەڕی ناوخۆدا چەتە بووە. ڕێگری کردووە. دزی کردووە. ڕۆژنامەنووسی کوشتووە. ئێستاش داوای لەسەر من تۆمار کردووە، گوایە من پێم گوتووە، میلانی فرۆشتووە. ئێستاش دەڵێم بەڵێ میلانی فرۆشتووە. ژمارەی چەکەکەم لایە کە فرۆشتوویەتی. لە شەڕی داعش کۆڕە قارەمانەکانی ئێمە دەچوونە پێشەوەی شەڕ و میلان بەشێک بوو لە بەرزکردنەوەی وەی پێشمەرگە، بەڵام مەحمود سەنگاوی میلانی لە بەرەکانەوە فرۆشت، کەواتە گەلی فرۆشت، نیشتمانی فرۆشت، خاکی فرۆشت.

مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، چەتە، دز، تاڵانچی و بکوژی ڕۆژنامەنووسە و لە شەڕی داعش چەکی میلانی فرۆشتووە. خۆشناو لە وەڵامی ئەو قسانەی مەحمود سەنگاوی کە تێیدا داوای دوو ئیدارەیی و سوکایەتی بە سیمبوولەکانی کورد کردبوو، گوتیشی: ئەگەر باس لە زەمینەی قسەکانی ئەو جۆرە کەسە شەڕانگێز و کەسە دڵ پڕ لە قینانە بکەین، بە ئاراستەیەکە تێدەگەین، گەلی کوردستان لە ئێستادا چاوەڕوانی تێگەیشتنی هاوبەشی نێوان لایەنەکان و پێشوەچوونەکانی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ عێراق و وڵاتانی ناوچەکە، بەڵام کەسە نابەرپرسەکان کە تەنیا زمانی شەڕ دەزانن و چەتە و تاڵانچین زیانمەند دەبن. ئەو کەسەش یەکێکە لەو کەسە ئاستنزمانەیە و وەک دەبینین بێ بۆنە لە ڕۆژێکدا کە شاندی پارتی و یەکێتی کۆبوونەتەوە پەلاماری سیبوولەکانمان دەدات. هەروەها گوتی: ئەوانە یەک زمان دەزانن، تاڵانچێتی، کوشتنی ڕۆژنامەنووس، دزی و چەتەگەرایی زیاتر هیچی دیکە نازانن. دێن ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەشێوێنن، ئومێد خۆشناو گوتیشی: بە دڵنیاییەوە، ئەو چەتەیەی ئەو قسانەی کردییە، کەسێکە لە ئاستی پلەداری لە ناو یەکێتییدا. ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە. ئێمە چاوەڕوانی زیاترمان لە هەڵاڵانمان و لە پەرۆشانی ناو یەکێتی و عاقڵمەندانی ناو یەکێتی هەبوو، دژی بوەستنەوە. ئێمە ئەوەندەی چاوەڕوانیمان هەبوو، ئەوان وەڵامی بدەنەوە، خۆیان دوور خستبایەوە لەو کەسە. ئێمە تێگەیشتنمان هەیە. ئارامی هاوولاتیان و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە. ئەو جۆرە شەڕانگێزانە زیانی لێدەکەن.

ئەوەشی گوت: ئەو شەرم ناکات باسی دوو ئیدارەیی دەکات. لە کاتێکدا خەڵک هەموو دڵخۆشە یەک ئیدارە بین. کەسێکی وا لە ناوچەیەکدا وەک مافیا تەسەوڕوف دەکات دێت باسی دوو ئیدارەیی دەکات. پێویستە یەکێتی گوێ لەو کەسە ناعاقڵانە نەگرێت و دژی بوەستێتەوە. ئێمە ئەوە بە هەڵوێستی ڕەسمی یەکێتی وەرناگرین. بەڵام پێی نیگەرانین. چاوەڕوانیمان ئەوە بوو بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ئەوەندە شەرمنانە نەبوایە. سنووری بۆ دانابوایە. قسەکانی مەحمود سەنگاوی دژی ئەو بنەمایانەیە کە ئەوان باسی دەکەن.

کوردێک بە جێگری سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی گەلی دانیمارک هەڵبژێردرا

سەردالّ بەنلی کار دەکات بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی لەنێوان هەرێمی کوردستان و دانیمارک

حکوومەتی دانیمارک خاوەنی کۆنسوڵخانەی فەخرییە لە هەرێمی کوردستان





ئا: ئەمیر جەرگیس*

سەردالّ بەنلی،چالاکوانێکی سیاسیی کوردی باکووری کوردستانە و ماوەی 20 ساڵە ئەندامی گەلی دانیمارکە،-Socialist People,s Party یە،چەندین پۆستی حزبی هەبووە و جێگری شارەوانی شاریGladsaxe گلادسکسێ ئەم ولاتەیە. لە 1988وە لە دانیمارک دەژی و لە 2003وە تێکەلاوی کاری سیاسی لەگەلّ پارتی سۆسیالیستی گەلی دانیمارک بووە. سەردالّ بەنلی، کاندیدی پارتی سۆسیالیستی گەل بوو، لە دوا هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەم ولاتە و لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاندبوو کە ئەگەر ببێتە ئەندامی پەرلەمان، دەبێتە دەنگی پەنابەران و کوردەکان و پردێکی پەیوەندی بەهێزیش لەنێوان دانیمارک و کوردستان دروست دەکات. سەردالّ بەنلی لە سەرووی 5 هەزار دەنگیشی هێنا، بەڵام ڕێژەی پێویستی دەنگەکانی مسۆگەر نەکرد، بەتایبەتیش لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن هەندێک پرۆپاگەندە لە دژی کران کە کاریگەریان هەبوو لەسەری. بەربژێرێکی تری کورد لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیستی گەلی دانیمارکی بوو بە ئەندامی پەرلەمان و لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پارتی گەلی دانیمارکی کۆنگرەی سالانەی خۆی سازکرد و سەردالّ بەنلی کاندید بوو بۆ سەرکردایەتیی پارتەکە کە لە ئەنجامدا بە جێگری سەرۆکی پارتی ناوبراو هەڵبژێردرا، کە ئەمەش بە دەستکەوتێکی تری کوردستانییانی دانیمارک هەژمار دەکرێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەم ولاتە لە 2019/6/5 هەروا دوو بەربژێری کورد بۆ پەرلەمانی دانیمارک لەسەر لیستی پارتی سۆسیالّ دێمۆکرات و پارتی سۆسیالیستی گەلی دانیمارکی بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردران.

پەرلەمانی دانیمارک لە179 پەرلەمانتار پێکهاتووە، کە 175 کورسی تایبەتە بە دانیمارک و 4 کورسییەکەی تریش بۆ هەریەکە لە دوورگەکانی گرینلاند و دوورگەی فاروو تەرخانکراون. 13 پارتی سیاسی بۆ پرکردنەوەی175 کورسی پەرلەمانی ئەم ولاتە، کەوتنە پێشبڕکێی هەڵبژاردنەوە. ژمارەیەکی بەرچاویش کورد لە دانیمارک دەژین و لە بواری کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتووری چالاکن. ڕێژەی دەنگدەرانی دانیمارکی 3,531,720 کەس بوو. پارتیمان خاوەنی لیژنەی ناوچە و چەند ڕێکخراوێکە و بە چەند ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکان، داوایان لە هەڤالانی پارتی و ڕەوندی کورد کردبوو کە مافی دەنگدانی خۆیان بەکار بێنن و دەنگ بە کاندیدە کوردەکان و دۆستانی دانیمارکی بدەن کە پشتیوانی لە دۆزی کورد دەکەن، هەروا سەرجەم کۆمەڵە و ناوەندەکانی کوردستانی لەم ولاتە و پارتە سیاسییەکان هەرێکە و بەشێوەیەک هەوڵەکانی خۆیان چڕکردبۆوە بۆ ئەوەی چالاکانە ڕەوندی کورد لە دانیمارک ڕۆڵیان هەبێت. کۆمەڵگای دانیمارکی لە هەڵبژاردندا بەسەر دوو بلۆکبەندی سوور و شین دا دابەشدەکرێن. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی 2015ی ولاتی دانیمارک بلۆکی شین زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بردەوە و حکوومەتیان پێکهێنا .بەهۆی ئەوەی لە ولاتانی ئەورووپی پرۆسەی جیاکردنەوەی دەنگەکانی ئەلکترۆنییە، بۆیە لە ماوەی کەم ئەنجامەکان ڕادەگەیێندرێن. بە ڕێژەی 84.5% لە هاوڵاتیانی دانیمارکی دەنگیان داوە کە بەسەر1384 بنکەی دەنگدان دابەشکرابوو. لەم هەڵبژاردنە تەمەنی زۆرینەی دەنگدەرانی دانیمارکی لە نێوان 20-50 ساڵی بووە. نزیکەی چارەکە ملیۆنێک لەو دەنگانەی زیادی کردبوو و کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر هەڵبژاردنەکان ئەو گەنجانە بوون کە تەمی 18 ساڵییان پڕ کردبۆوە و نزیکەی (300) هەزار دەنگدەر دەبوون و بۆ یەکەمین جاریشە دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان .لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی پەرلەمانی دانیمارک بلۆکی چەپ بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەنگەکانیان زیادی کردووە . بلۆکی سوور کە بەهێزترین بلۆکی پەرلەمانی دانیمارکە 91کورسیان مسۆگەرکرد، هەروا بلۆکی شین کە لە هەڵبژاردنی پێشوو زۆرترین دەنگی هێنابوو و حکومڕانی دانیمارکیان دەکرد بە ڕێژەیەکی زۆر دەنگەکانیان کەمی کردووە کە بە گشتی 75 کورسییان بەدەستهێناوە .هەروا دوو پارتی سیاسی تاوەکو ئێستا خۆیان یەکلایی نەکردۆتەوە کە دەیانەوێ لەگەڵ کام یەک لە بلۆکەکان هاوکاری بکەن کە بریتین لە پارتی ئەلتێرناتیف کە 5 کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێناوە و تا ڕادەیەکی زۆریش لە بلۆکی سوورەوە نزیکن. هەروا پارتی هاوڵاتی نوێ کە بزووتنەوەیەکی ناوخۆیی دانیمارکە و گرنگی بە سیاسەتی ناوخۆیی دەدات4 کورسییان لە پەرلەمان بەدەستهێناوە و هەرچەندە پارتێکی سیاسی تازەیە لە ژینگەی سیاسی ئەم ولاتە، بەڵام تێڕوانینی سیاسی لە بلۆکی شینەوە نزیکە، دوو لە پارتە سیاسییەکانی دانیمارکی ڕێژەی دەنگەکانیان بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی2015 بە سەرکەوتووی سەرەکی دانیمارک دا تووشی شکست بوون و لە هەڵبژاردنی پێشووی زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێنابوو لە 2019 و بە لایەنێکی گرنگ لە پارتی حکومڕان هەژمار دەکرا، هەروا توانییان وەک لیستی براوەی حزبی لە نێو بلۆکی شین دا بمێننەوە. لە هەڵبژاردنی تازەدا پارتی چەپ 9 کورسییان لە پەرلەمانی دانیمارک زیادی کردووە و کۆنسێرڤاتیڤەکانی دانیمارکیش بە ڕێژەیەکی بەرچاو گەشەیان کردووە لە نێو بلۆکی شین دا و لە 6 کورسی پەرلەمان توانیویانە بگەنە12 کورسی، بەڵام هەمدیسان نەیانتوانی ڕێگە لە شکستی بلۆکی شین لە بەرانبەر بلۆکی سوور بگرن. دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش لە نێو پارتە سیاسییەکانی بلۆکبەندییەکە هاوپەیمانی حکمڕانی پێکدێت.

دەنگدانی دانیمارک بە شێوەکی ئارام و دێموکراسی بە کۆتایی هات. لە ڕابردوودا1 پەرلەمانتاری بە ڕەچەڵەک کورد هەبووە، بەڵام لە هەڵبژاردنەکانی ئەم ساڵ دوو کورد دەنگی پێویستیان مسۆگەر کرد، سەرجەم دەنگەکان کە لەم وێنەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە کە لە مالّپەڕی سەرەکی کەنالی حکوومی دانیمارک وەرگیراون و تاکو ئێستاش پێکهێنانی حکوومەتی تازە یەکلایی نەبووەتەوە و لایەنە سیاسییەکانیش هەروا هەندێک پرۆگرامی سیاسیان ماوە و دەبێت بە دیالۆگی سیاسی چارەسەریان بکەن هەتا پێکەوە بتوانن حکوومەت پێک بێنن.

حزبە سووڕەکان سەرکەوتنی گەورەیان بە دەستهێناوە کە بوون بە خاوەنی 91 کورسی، بلۆکی پارتە سووڕەکان پێکهاتووە لە:

1- پارتی سۆشیالّ دێمۆکرات 48 کورسی بەدەستهێناوە کە 1 کورسی زیاد کردووە.

2- پارتی ڕادیکالی چەپ16 کورسی بەدەست هێناوە کە8 کورسییان زیادی کردووە.

3- حزبی سۆسیالیستی گەلّ 14 کورسییان بەدەست هێناوە کە 7 کورسییان زیادی کردووە.

4- لیستی یەکگرتوو کە ناسراوە بە پارتە کۆمۆنیستەکان هەژمار دەکرێن 13 کورسی بەدەستهێناوە و لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ1 کورسییان لەدەستداوە.

- حزبی ئەلتێرناتیڤ 5 کورسییان بەدەستهێناوە، بەڵام بە فەرمی لە بلۆکی سوور نین، بەڵام هەمیشە بە نزیک لە بلۆکی سوور هەژمار دەکرێن، دەنگی خۆیان هەڵدەگرن بۆ کاتی پێکهێنانی حکوومەت بۆ ئەوەی بتوانن زۆرترین دەستکەوتیان هەبێت. حزبە شینەکان ئەمە چوار ساڵە کە حوکم دەکەن، زۆر کورسیان لەدەستداوە و بوون بە خاوەنی 75 کورسی، هۆکاری سەرەکی شکستهێنانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو 3 پارتە تازەی دانیمارکی کە زۆر نەتەوەپەرەست و ڕەگەزپەرستن و خۆیان خستبووە سەر لیستی بلۆکی شین، دەنگدەرانی دانیمارکی زۆر بە زانایی هەڵسوکەوتیان کرد و هەڵوێستی خۆیان دەربڕی و ڕێگەیان نەدا کە حوکمڕانی ولاتەکەیان بکەوێتە دەستی ئەو پارتە سیاسییانەی کە نەتەوەپەرەست و ڕەگەزپەرستن.

پارتە سیاسییەکانی نێو بلۆکی شین پێکهاتوون لە:

1- پارتی چەپ کە پارتی بۆڕۆزوا و مولکدارەکانە43 کورسی بەدەستهێنا کە9 کورسی زیاد کردووە لە خولّی تازەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی دانیمارک.

2- پارتی گەلی دانیمارک کە ڕاستڕەون 16 کورسی بەدەستهێنا و بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو21 کورسییان لەدەستداوە.

3- پارتی کونسێرڤاتیڤ12 کورسی بەدەستهێناوە بە زیادەی 6 کورسی.

4- لیبەرال ئەلیانس 4 کورسی بە دەستهێناوە، بەڵام بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، لەم ولاتەدا کۆڕبەندی لیبرالّ9 کورسییان لەدەستداوە.

5- پارتی نوێی گەل 4 کورسی.

6- پارتی نوێ کلاوس ریسکێر، هیچ کورسیەکی مسۆگەر نەکردووە.

7- پارتی ڕەسموس پەلودان، هیچ کورسیەکی مسۆگەر نەرکردووە.

8- پارتی دێموکراتی کریستیان کە پارتێکی کۆنی دانیمارکین، هەروا هیچ کورسییان بەدەستنەهێناوە.

9- پارتی بزاڤی نوێی5 کورسییان بەدەستهێناوە بە لە دەستدانی 4 کورسی.

-هەروەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێیکردووە، پارتی بزاڤی نوێ کە ماوەیەکی کەمە دامەزراوە4 کورسییان مسۆگەر کردووە و پارتێکی لۆکالین،پارتی بزاڤی نوێ، پارتێکی ڕاستڕەوە. هەروا لە دانیمارک پارتێکی تر بە ناوی تووندکردنەوەی تیر دامەزراوە کە سەرۆکێکی گەنجی هەیە و ناسراوە بە دژایەتیکردنی پەنابەران و بەتایبەتی موسڵمانانی ئەم ولاتە و بە سووتاندنی قورئان و سووکایەتییکردن بە موسڵمانان کێشەیەکی گەورەی لەو گەڕەکانە نایەوە کە موسڵمان نشینن و ناسەقامگیری و تووندوتیژی لێکەوتەوە، بەڵام نەیانتوانی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵ ڕێژەی 2%ی دەنگەکان مسۆگەر بکەن، کە هەر پارتێک لە دانیمارک ئەم ڕێژەیە بەدەست بێنێت، دەتوانی بچێتە خاوەنی 4 کورسی لە پەرلەمانی دانیمارک.

لە دانیمارک زۆرتر جەماوەر و هەوادارانی پارتە سیاسییەکان دەنگ بە پارتەکانیان دەدەن، کە تێیدا ئەندامن، بەڵام هەمیشە بە ڕێژەی15 تاکو 20%ی دەنگدەران دەنگ بە کارنامەی کاندیدەکان دەدەن، هەر بۆیە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیدا هاوسەنگی لە بلۆکێکەوە بۆ بلۆکێکی تر دەگۆڕدرێت و بە خاڵی یەکلاکەرەوەش دادەنرێت، لەوەی چ بلۆکێک حکومڕانی ولاتەکەیان بکەن. سەرۆک وەزیرانی ئێستای دانیمارک ڕاسمۆسێن پیرۆزبایی لە خاتوو فرێدێریکسێن کرد کە ئافرەتێکی گەنجی سۆشیالّ دێموکراتە کە کاندیدە بۆ سەرۆکوەزیران. کاندیدی تازە بۆ سەرۆکوەزیران ڕایگەیاند کە هەوڵی دروستکردنی حکوومەتێکی بنکەفراوان دەدات لە هەمبو ئەو پارتە سیاسییانەی پرۆگرام و تێڕوانینیان لە یەکەوە نزیکە. هەروا پارتە چەپەکانیش پشتگیری خۆیان پێشاندا بۆ هاوکاری لە کابینەی تازەدا.

هەرچەندە زۆرینەی دەنگەکان بلۆکی سوور بەدەستی هێناوە، بەڵام ئەوە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەم بلۆکە حکوومەت دابمەزرێنێت، لەبەر ئەوەی پرۆگرام و تیروانینی پارتە سیاسییەکانی نێو بلۆکی سووریش جیاوازە و دەبێت جیاوازییەکانی نێو پارتە سیاسییەکانی تریش پەسەند بکەن، بۆ پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەت لە دانیمارک و پێویستە هەر یەک لە پارتە سیاسییەکان دەستبەرداری بەشێک لە داخوازییەکانیان بن بۆ ئەوەی بتوانن بەشدار بن لە کابینەی تازەی حکوومەتدا .

لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی دانیمارک هاوشێوەی ولاتانی تری سکاندیناڤی و ئەورووپی زۆربەی پەنابەرانی ولاتانی ڕۆژهەلات دەنگیان بە پارتە چەپەکان داوە و پشتگیری سیاسەتیان دەکەن، بەتایبەتی لە پرسی ئاوارە و پەنابەران لە دانیمارک و هەر بۆیە ئەو کاندیدانەی بێگانە کە لەسەر لیستی پارتە چەپەکان بەربژێرکرابوون، شانسی دەرچوونیان زیاتر بووە. نزیکەی 6 کورد خۆیان لە خولّی تازەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی دانیمارک کاندید کردبوو کە 2 بەربژێری بە ڕەچەڵەک کوردی باکووری کوردستان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

لەم دەنگدانە دا چەندین کەسایەتی کورد خۆیان تومار کردبوو بۆ ئەندامەتی پەرلەمانی دانیمارک، بەڵام زۆر بەداخەوە هەموویان دەرنەچوون، تەنیا2 کورد وەک ئەندام پەرلەمان دەرچوون لە کۆی 6 بەربژێر. ئەوانەی دەنگیان هێناوە و بوون بە پەرلەمانتار بریتین لە:

-لارس ئەسلان ڕەسموسن، کە باوکی کوردی خەلکی ئەنقەڕەیە و دایکی دانیمارکییە، بەربژێری پارتی سوسیال دەموکراتی دانیمارک بوو کە دووبارە بوو بە ئەندام پەرلەمان، پارتی سۆشیالّ دێمۆکرات لە خولی تازەی پەرلەمانی دانیمارک48 کورسی بەدەستهێناوە.

-هالیمە ئۆگوز، کە لە تەمەنی شەش ساڵییەوە لە دانیمارک دەژی، کچێکی کوردی خەلکی باکووری کوردستانە و لە دیکبووی ساڵی 1979ی شاری قۆنیایە و دەرچووی کۆلیژی ئەدەبیات، بەشی سیاسەت و پەیوەندییەکانی دەڕەوێە ، بۆ ماوەی 10 ساڵە چالاکانە لە ڕیزی پارتی سۆسیالیستی گەل دا، ڕۆڵی هەیە و لەلایەن پارتی سوسیالیستەوە بەربژێر کرا و بۆ یەکەمینجار هەڵبژێردرا بە ئەندام پەرلەمان. پارتەکەی 14 کورسی بەدەستهێناوە.

شایانی باسە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک لە پارتە سیاسییەکانی دانیمارکی و پەرلەمانتارانی پێشوویان پەیوەندی هەیە و پیرۆزبایی ئاراستەی بەربژێرە سەرکەوتووەکانی کورد کرد، هەندیک لە پارتە سیاسییەکانی دانیمارکی لە ڕابردوودا سەردانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و هەرێمی کوردستانیان کردووە. بە هەمان شێوە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە چەند وێستگەیەکدا دیدار و کۆبوونەوەیان هەبووە، لەگەڵ دامەزراوەکانی حکوومەتی دانیمارک و چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم پەیوەندییانەی نێوانیان گەشەسەندنی باشتر بەخۆیەوە ببینێت. ولاتی دانیمارک خاوەنی کۆنسولخانەی فەخرییە لە هەرێمی کوردستان.

*** بەرپرسی دیسکی ئەورووپا لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دێموکراتی کوردستان**

Partifordeling i hele landet

Parti	Stemmer	Mandater	+/-	Stemmer i %	+/-
A Socialdemokratiet	915.415	48	1 ▲	25,9%	-0,4% ▼
V Venstre	825.450	43	9 ▲	23,4%	3,9% ▲
O Dansk Folkeparti	308.241	16	-21 ▼	8,7%	-12,4% ▼
B Radikale Venstre	304.427	16	8 ▲	8,6%	4% ▲
F SF	272.062	14	7 ▲	7,7%	3,5% ▲
Ø Enhedslisten	244.664	13	-1 ▼	6,9%	-0,9% ▼
C Konservative	233.348	12	6 ▲	6,6%	3,3% ▲
Å Alternativet	104.149	5	-4 ▼	3%	-1,8% ▼
D Nye Borgerlige	83.225	4	4 ▲	2,4%	2,4% ▲
I Liberal Alliance	82.227	4	-9 ▼	2,3%	-5,2% ▼
P Stram Kurs	63.093	0	0	1,8%	1,8% ▲
K Kristendemokraterne	61.208	0	0	1,8%	1% ▲
E Klaus Riskær Pedersen	29.621	0	0	0,9%	0,9% ▲

Optalt: 100% Stemmeprocent: 84,5% Stemmer: 3.529.885

بەدواداچوونێکی رۆژنامەی خەبات لەبارەی هەبوون و هەڵگرتنی چەک

لە پایتەختی عێراق و لە بازارێکی میللیی رۆژهەڵاتی بەغدا بە ئاشکرا و لەسەر شەقام چەک دەفرۆشرێت و مامەڵەی پێوە دەکرێت

ئەمەریکا بە یەکەمین وڵات دادەندرێت کە زۆرترین ڕێژەی چەک بەدەست هاووڵاتیی مەدەنییەوە هەیە

2 کۆتایی

بەدواداچوون: سەردار حوسێن

لە بەشی یەکەمی ئەم بەدواداچوونەی رۆژنامەی خەبات سەبارەت بە هەبوونی چەک و دیاردەی چەکداری لە هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر، چەندین زانیاری ورد خرانەڕوو، لەم بەشەدا و بۆ ئاشنابوونی خوێنەر بەو ڕێژەو ئامارانەی لە وڵاتانی جیهان خرانەتەڕوو سەبارەت بە دیاردەی چەکداریی هاووڵاتیانی مەدەنی، بەغدای پایتەختی عیراق و چەند وڵاتێکی دیکەی جیهان وەردەگرین و ژمارە و داتا و ڕێژەو ئامارەکان لە هەندێک وڵاتادا لە ئاستێکی مەترسیدار دایە.

دەستووری ئەمەریکا مافی چەکهەڵگرتن بە دانیشتووانەکەی دەدات، تەنانەت کۆنگرێسی ئەمەریکا نەیتوانیووە چەک لە هاونیشتیمانیانی وڵاتەکە دامالێت، بەڵام هەبوون و هەڵگرتنی چەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە یاسا ڕێکخراوە، ئەگەرچی زۆرجاریش ئەو یاسایە پێشێل دەکرێت، لەبەرانبەردا هەندێک لە وڵاتان وەک دابونەریتی کۆمەڵایەتی و خێڵەکییانەی خۆیان بەبێ هیچ مۆڵەتێک مافی هەڵگرتنی چەکیان بە دانیشتووانی خۆیان داوە، لەوانەیش شانشینی ئوردن.

هاوکات هەندێکی دیکە لە وڵاتانی عەرەبی لە پایتەخت و شارە ناسراوەکانیان سزای تووندیان بۆ ئەوانە داناوە کە چەکیان هەیە، بۆ نموونەش میسر و شانشینی مەغریب عەرەبی و جەزائیر و تونس، تەنانەت لە مەغریبی عەرەبی هەبوون و هەڵگرتنی چەک سزاکەی دەگاتە 20-15ساڵ زیندانیکردن و لە دادگای سەربازیش دادگایی ئەو کەسانە دەکرێت کە چەکیان بەدەستەوە دەگیرێت، بەڵام لە شارە دوورە دەستەکان و گوند و دێهاتەکانی هەمان ئەو وڵاتانە، بەڕێژەیەکی بەرچاو دانیشتووانەکەی چەکیان هەیە و بە ئاشکرا و بەبێ هیچ لێپرسینەوەیەک چەک هەڵدەگرن.

لە پایتەختی عیراق و لە بازارێکی میللی ڕۆژهەڵاتی بەغدا بە ئاشکرا و لەسەر شەقام چەک دەفرۆشرێت و مامەڵەی پێوە دەکرێت، لە کاتێکدا بەپێی یاسایەکی تایبەت ژمارە 4439لە ڕێکەوتی 2017-3-20کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق دایڕشتووە و ئیمزای د. فوئاد مەعسوم سەرۆکی پێشووی کۆماری عیراقی بەسەردەوەیەو پەسەندکراوە، 32ماددەی یاسایی و نزیکەی 100بڕگە وەک یاسای هەڵگرتن و هەبوونی چەک هەیە، هەرچەندە هێزە ئەمنییەکانی بەغدا بەردەوام هەڵمەتی قەدەغەکردن و دەستگیرکردنی ئەو کەسانە ئەنجام دەدەن کە چەکیان هەیە و مۆڵەتیان نییە، بەڵام ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن ڕۆژ بەڕۆژ دیاردەی چەکداری زیاتر دەبێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا

بەپێی ئەو ئامارانەی لە دەزگا میدیاییەکانی وڵاتەکە بڵاوەدەکرێنەوەو لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی قەڵاچۆکردن و نەهێشتنی تووندوتیژی پشتڕاست کراوەتەوە، ئەمەریکا بە یەکەمین وڵات دادەندرێت کە زۆرترین ڕێژەی چەک بەدەست هاووڵاتی مەدەنییەوە هەیە لەسەر ئاستی جیهان.

یاسای ئیتیحادی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەر ویلایەتێک یاسا و ڕێنمایی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ چەکهەڵگرتن، ڕێژەی 35-50%ی ئەو کەسانەی چەکیان هەیە و چەک هەڵدەگرن لەسەرتاسەری جیهان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، هاوکات بەپێی ئامارە جیهانییەکان 67%ی ئەو تاوان و کارەساتانەی بەهۆی هەبوونی مەدەنییەوە هەیە.

ئەڵمانیا

لە ئەڵمانیا هەبوون و هەڵگرتنی چەک لەلایەن خەڵکی مەدەنییەوە کارێکی زۆر نامۆیە و تا ئاستێک بە عەیبەیەکی گەورە سەیر دەکرێت، هاوکات دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا ڕوودەدەن بەرێژەی 27%ی تاوانەکان بە چەکی ئاگرین ئەنجام دەدرێن.

سویسرا

ئەو وڵاتەی بەڵای هەمووانەوە وەک بێتایەن لە ناکۆکییە سیاسی و ئابووریەکان جیهان هەژمار دەکرێت و بە ئارامترین وڵات دادەندرێت، یاسای تایبەت بە چەکهەڵگرتنیان بەجۆرێک قورس کردووە، کە ئاسان نییە بۆ هەر کەسێک بیەوێت چەکی هەبێت و مۆڵەتیشی پێبدرێت، بەڵام ئەوانەی لە کەناراوە ئاوییەکان و شوێنە سروشتییەکان پیشەی فەرمییان ڕاوچییەتییە، مافی چەک هەڵگرتنیان هەیە بۆ مەبەستی خۆپاراستن لە چەک بەدەست خەڵکی مەدەنییەوە لە جیهان ڕوودەدەن، لە ئەمەریکایە.

یەمەن

دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، یەمەن بە دووەمین وڵاتی جیهان هەژمار کراوە لە هەبوونی زۆرترین ڕێژەی چەکی سووک و ئۆتۆماتیکی و نیو ئۆتۆماتیکی بەدەست هاووڵاتیانی مەدەنییەوە. لە یەمەنی عەرەبی یاسا ڕێگەی بە هاووڵاتیان داوە چەکیان هەبێت و مۆڵەتیشیان پێدەدات، ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە لە ئێستادا نزیکەی 60ملیۆن پارچە چەک بەدەست هاووڵاتیانەوە هەیە، کە هەر هاووڵاتییەکی یەمەنی سێ پارچە چەکی بچووک و نیو ئۆتۆماتیکی بەردەکەوێت، ئامارەکانیش لەو وڵاتە باس لەوە دەکەن کە ڕێژەی 84%ی ئەو تاوانانەی لە یەمەن ڕوودەدەن بەهۆی ئەو چەکانەوەیە کە بەدەست هاووڵاتیانەوەیە.





لە مەغریبی عەرەبی هەبوون و هەڵگرتنی چەک سزاکەی دەگاتە 20-15 ساڵ زیندانیکردن

چەک بەدەست خەڵکی مەدەنییەوە لە جیهان ڕوودەدەن، لە ئەمەریکایە.

یەمەن

دوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، یەمەن بە دووەمین وڵاتی جیهان هەژمار کراوە لە هەبوونی زۆرترین ڕێژەی چەکی سووک و ئۆتۆماتیکی و نیو ئۆتۆماتیکی بەدەست هاووڵاتیانی مەدەنییەوە. لە یەمەنی عەرەبی یاسا ڕێگەی بە هاووڵاتیان داوە چەکیان هەبێت و مۆڵەتیشیان پێدەدات، ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە لە ئێستادا نزیکەی 60ملیۆن پارچە چەک بەدەست هاووڵاتیانەوە هەیە، کە هەر هاووڵاتییەکی یەمەنی سێ پارچە چەکی بچووک و نیو ئۆتۆماتیکی بەردەکەوێت، ئامارەکانیش لەو وڵاتە باس لەوە دەکەن کە ڕێژەی 84%ی ئەو تاوانانەی لە یەمەن ڕوودەدەن بەهۆی ئەو چەکانەوەیە کە بەدەست هاووڵاتیانەوەیە.

ئەڵمانیا

لە ئەڵمانیا هەبوون و هەڵگرتنی چەک لەلایەن خەڵکی مەدەنییەوە کارێکی زۆر نامۆیە و تا ئاستێک بە عەیبەیەکی گەورە سەیر دەکرێت، هاوکات دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا ڕوودەدەن بەرێژەی 27%ی تاوانەکان بە چەکی ئاگرین ئەنجام دەدرێن.

سویسرا

ئەو وڵاتەی بەڵای هەمووانەوە وەک بێتایەن لە ناکۆکییە سیاسی و ئابووریەکان جیهان هەژمار دەکرێت و بە ئارامترین وڵات دادەندرێت، یاسای تایبەت بە چەکهەڵگرتنیان بەجۆرێک قورس کردووە، کە ئاسان نییە بۆ هەر کەسێک بیەوێت چەکی هەبێت و مۆڵەتیشی پێبدرێت، بەڵام ئەوانەی لە کەناراوە ئاوییەکان و شوێنە سروشتییەکان پیشەی فەرمییان ڕاوچییەتییە، مافی چەک هەڵگرتنیان هەیە بۆ مەبەستی خۆپاراستن لە پلەی سێیەمی هەیە بۆ زۆربەی ژمارەی چەک بەدەست هاووڵاتیانیەوە لەسەر ئاستی جیهان، سویسرا دوای ئەمەریکا و یەمەن بە سێیەمین وڵاتی جیهان هەژمار دەکرێت و ڕێژەی 45%ی دانیشتووانەکەی چەکیان هەیە، هەر هێندەش نا، بەڵکو هەبوونی چەک بە یەکێک لە دابونەریتە گیانلەبەری درندە یاخود ڕاوکردن، ئەو چەکانەی ڕاوچییەکانیش هەیانە زیاتر چەکی ڕاوکردنە و بەدەگمەن نەبێت چەکی سەربازی و پۆلیسی نەکەوتۆتە دەست ڕاوچییەکان، کە ئەویش بە ڕێژەی 30%مەزندە کراوە، هاوکات ئەو تاوانانەی لە کۆنەکانی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی سویسرا دادەندرێت و لە ڕاپرسییەکی ساڵی 2011سویسراییەکان بە تووندی ئەوەیان ڕەتکردەوە کە چەکەکانیان تەسلیم بە دەسەڵات بکەن، ئەوان هەبوونی چەک وەک هێمایەک بۆ سەربەرزی خۆیان نابینێت و پێیوایە لە هەمو حاڵەتەکاندا پێویست نییە هاووڵاتی مەدەنی چەکی هەبێت.

ئایسلاندا و فینلەندا

هەبوونی چەک لەم دوو وڵاتە بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێگە پێدراوەو ئەوەندەیش جێگەی باس نییە، چونکە ئەو کەسە تەنیا بۆ مەبەستی ڕاو و ڕاهێنان لەسەر نیشانەشکاندن بەکار دەهێنێت، هەورەهاش نابێ لەلایەن هیچ دادگایەکەوە بە تۆمەتبار بانگهێشت کرابێت و دەشخرێتە ژێر چاودێرییەکی چڕی دەزگا ئەمنییەکان، هاوکات ساڵانە 1800کەس بە چەکی ئاگرین لە فەرەنسا دەکوژرێن و لەم ساڵانەی دواییشدا ژمارەکە بەرزبوونەوەی زیاتری بەخۆوە بینیووە.

نەرویژ

چەک بەڵای نەرویژییەکانەوە نامۆ نییە، چونکە میژوویەکی زۆربان لەگەڵ ڕاوکردن و نیشانەشکاندن هەیە، بەڵام هەبوونی چەک بە مەبەستی خۆپاراستن زۆر دەگمەنە، 31%ی دانیشتوانی نەرویژ چەکی ئاگرینیان لەمالەکانیان هەیە و حکوومەتی نەرویژ ژمارەیەکی زۆری لەو چەکانە دەست بەسەرداگرتووە، هەرچەندە ڕێژەی تاوانکاری لەم وڵاتە لە ئاستێکی یەکجار نزمدایە.

سوید

لە سوید ئەوەی بیەوێت چەکی دەستکەوێت، دەبێ بچێتە تاقیکردنەوەی نیشانە شکاندن و ئەندامی یانەی نیشانەشکێنان بێت بۆ ماوەی 6مانگ، هەروەهاش حکوومەت خۆی ژمارەی ئەو فیشەکانە دیاری دەکات بۆ ئەو کەسانەی مۆڵەتی چەکهەڵگرتنیان پێ دەدرێت و ڕێژەی تاوانکاریش لە سوید زۆر نزمە.

نەمسا

هاونیشتیمانی نەمسایی بە ئاسانترین شێواز چەکی دەست دەکەوێت، ئەوەی تەمەنی بگاتە 18ساڵ مافی چەک هەبوون و هەڵگرتنی هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت چەک بەکاربێنێت دەبێت ڕاهێنانی تایبەتی بەسەردا تێپەڕاندبێت و ئەزموونێکی دیاریکراوی هەبێت لە بەکارهێنانی چەکدا، هەروەها دەبێت تاقیکردنەوەی دەروونی بە سەرکەوتوویی تێپەڕاندبێت.

بەلجیکا

لە بەلجیکا هاونیشتیمانی مەدەنی دەتوانێت چەک هەڵبگرێت بەمەرجێک مۆڵەتی هەبێت، بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی چەک پێویستە تەمەنی لە 18ساڵ کەمتر نەبێت و تاقیکردنەوەی دەروونی بە سەرکەوتوویی تێپەڕاندبێت، هەروەها پێویستە ئەو کەسە ئەندامی یانەیەکی نیشانەشکاندن بێت بۆ ماوەی 6مانگ

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری مین/ هەولێر، دەستیان کرد بە پاککردنەوەی مەترسیدارترین کێڵگەی مین لە دەڤەری سۆران



تیمی مینلابەری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری مین/ هەولێر، دەستیان کرد بە پاککردنەوەی مەترسیدارترین کێڵگەی مین لە دەڤەری سۆران. زیبار خالید، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری مین/ هەولێر، بە باسنیوزی ڕاگەیاند: پاش داواکاریی خەڵکی گوندی ژیلیا، لە سنووری شارەدێی سیدەکان، سەر بە قەزای سۆران بۆ پاککردنەوەی کێڵگەیەکی مینرێژکراو لە نزیک گوندەکەیان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری مین/هەولێر، تیمێکی مینلابەری نارد ناوچەکە و ئێستا تیمەکە دەستی کردووە بە پرۆسەی پاکسازیی مین، لە کێڵگە مینی سپیندارۆک، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە سەرووی دووسەد هەزار م 2 کە بەهۆیەوە لە ڕابردووەوە تاوەکوو ئێستا خەڵکێکی زۆر بوونەتە قوربانیی ڕووداوەکانی مین و تەقەمەنی لە ناوچەکەدا.

گوتیشی: بە پاککردنەوەی ئەم کێڵگە مینە، وێڕای ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکەکە نامێنێت، لە هەمانکاتیشدا دەتوانن بۆ مەبەستی جیاجیا سوود لە شوێنەکە وەربگرن.

بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ستایشی هەوڵەکانی ئینسکلۆپیدیای پارتی دەکات



بەڕێز لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان ستایشی هەوڵەکانی ئینسکلۆپیدیای پارتی دەکات بۆ نووسینەوەی مێژووی چەندین ساڵ خەبات و تێکۆشانی حزبەکەیان. پێش نیوەڕۆی دوێنێ، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەڕێز لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی هیوا جەوهەر کارگێڕی لقی دوو، پێشوازی لە دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی کرد کە ماوەیەکە دەستیان بە نووسینەوە و تۆمارکردنی مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان و کادیرانی و ئۆرگان و ناوەندەکانی کردووە هەر لە سەرەتای دامەزراندنەوە تاوەکو ئێستا.

لەو دیدارەدا، بەڕێز لقی دوو وێڕای نیشاندانی پشتیوانی خۆی بۆ دەستەکە، کە 80%ی کارەکانی تەواو کردووە، ئاماژەی بە گرنگی و زەرووریی نووسینەوەی ئەو مێژووە کرد و جەختی کردەوە، کە تۆمارکردنی مێژوو، تۆمارکردنی ڕاستی ئەو ڕووداوانەیە کە لەو سەردەمەدا ڕوویانداوە.

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتیش دووپاتی کردەوە، کە پرۆژەکەیان درێژە پێدەدەن و هەوڵدەدەن هەموو ئەو بوارانە بخەنە ڕوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی چەندین ساڵ خەبات و تێکۆشانی خۆیدا گرنگی پێداون.

بەڕێز پەیوەندییەکانی پارتی و شاندێکی لوبنانی جەختیان لەپێکەوەژیان لەناوچەکەدا کردەوە



عەلی حسێن بەڕێز پەیوەندییەکانی پارتی پێشوازی لە شاندێکی لوبنانی کرد کەبەمەبەستی بەستنی سێیەمین کۆنگرەی گفتوگۆی عێراقیەکان لە شاری هەولێرن.. ئێوارەی دوێنێ 2019/6/19 عەلی حسێن بەڕێز مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمان لە پێکهاتەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی کرد لە (دکتۆر فادی زوو) سەرۆکی دەزگای ئەدیان لەلوبنان و (دکتۆر ئەنتوان حەداد) جێگری سەرۆکی حزبی نوێبونەوەی دیموکراسی لە لوبنان کە بە یاوەری مەریوان نەقشبەندی بەڕێز پەیوەندییەکانی وەزارەتی ئاوقاف تەشریفیان هێنابوو...

لە دیدارێکدا بەڕێز پەیوەندییەکانی پارتی بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەبووان بەخێرهاتنی شاندی میوانی کرد، پاشان عەلی حسێن باسێکی لە مێژووی پێکەوە ژیانی پێکهاتەکان لە کوردستان و سیاسەت و پەرنسیپی نەگۆڕی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی تەواوی پێکهاتەکان لە قۆناغی شۆڕش و سەردەمی بارزانیی نەمر و هەنگاوەکانی ئەمڕۆی سەرۆک بارزانی لەداکۆکی کردن لە مافی پێکهاتەکان و بەرژەوەندییەکانیان و نووسینی لە دەستوری نوێ عێراق بۆ میوانان باس کرد و تەئکیدی کردەوە ئەم پەرنسیپە لەلای پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک بارزانی وەک کلتورێک دەپارێزرێت و نەگۆڕە، پاشان شاندی میوان ئامانجی سەردانەکەیان بۆ کوردستان و بەستنی سێیەم کۆنگرەی گفتوگۆی عێراقیەکان لە شاری هەولێر خستەڕوو و گرێدانی ئەم کۆنگرەیەش لە شاری هەولێر بۆ نمونەی پێکەوەژیان لە ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەڕاندەوە کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان جێگای فەخرو شانازییە کەچەندین نەتەوەو ئایین ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بەبرایەتی و پێکەوە ژیان بەشداری کارایان هەیە لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆییدا، هاوکات جەختیان کردەوە کۆنگرەکەیان هەڵوەستە لەسەر بەشداری پێکهاتەکان لە حکوومەتی عێراق و حکوومەتی کوردستان و بەشداری لە بڕیاری سیاسی حزبدا، هاوکات پرسی ئاوارەو چەندین پرسی تر لەم گۆنگرەیە تیشکی دەخرێتە سەر، لەم بارەیەوە عەلی حسێن وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان پالپشتی تەواو بەشداری و هەماهەنگی بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکەی بۆ خواستن و بەهەنگاوێکی پەیوەست بۆ ئەم قۆناغە دانا بۆ ئەوەی کەمێک لەئێش و ئازاری پێکهاتەکان کەعێراق کەم بکرێتەوە، پاشان هەردوولا دواین پەرەسەندنەکانی ڕەوشی سیاسی و بارودۆخی عێراق و کوردستان و ناوچەکەیان خستەڕوو، لەکۆتاییدا هەردوولا جەختیان لەیەکریزی و هەماهەنگی کارکردن لەپێناو سەرخستنی برایەتی و پێکەوەژیان لەناوچەکەکە کردەوە.

بەڕێز لقێ 9: پاراستنا گیان و سەروەت و سامانێ هاوواڵاتییان ئەرکەکێ ئەخلاقی و ئایینی و مروڤایەتییە



ل بارەگایێ لقێ 9 سەباح بەیتوللا بەڕێز لقێ9 پێشوازیا لیوا تارق ئەحمەد ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پولیسێن دهۆک و شاندێ دگەل دا کر، پشتی بخێرهاتنا شاندێ ناڤبری و دروینشتنەکێ دا هەردوو ئالیان بەحسێ ڕەوشا ئارامی و تەناهیا دەڤەرێ کر ب هەڤکاریا دەزگەهێن ئەمنی و حکومی و حزبی و بو پتر خزمەتکرن و پاراستنا ئارامی و تەناهیا هاولاتیان هاتنە گەنگەشە کرن، بەڕێز لقێ 9 گۆت: پاراستنا گیان و سەروەت و سامانێ هاولاتیان لدویڤ یاسایێ ئەرکەکێ ئەخلاقی و ئایینی و مروڤایەتی و نیشتیمانی یە لسەر ملیێ مە هەمیان لەوما فەرە ئەم هەمی بهەڤرا دهاریکار بین و نەهێلین مەرەمێن دوژمن و نەحەزێن کوردستانێ بهێنە جێ بەجێ کرن ژبەرکۆ مەبەستا دوژمن و نەحەزان هەردەم ئەوە کو ڤێ ئەزمونا هەرێما کوردستانێ بشێوێنن و توڤێ دووبارەکێی دنێڤبەرا جڤاکێ دا بچینن، لێ دپشت ڕاستین کو ئەو خەون و خیالێن سەر ناگریتن و دهێنە بن ئاخکرن.

ژ ئالیەکێ دیڤە بەڕێز بەڕێز لقێ پێشوازیا پێشمەرگە و کادر و هەلگرێ مەدالیا بارزانیێ نەمر هەڤال فەق مەحەمەد کادانی کر و کورەکێ دلسوز ووەلاتپارێز مابیت تڤیا شانازیێ ب وە بکەتن.

دیسان خاتون ڕوژین کچا هەلبەستڤانێ مەزن جەگەرخوین سەرەدانا بارەگایێ لقێ 9دا و ژبال بەڕێز لقێ 9 و کارگێریا لقێ ڤە ب گەرمی هاتە پێشوازیکرن و دروینشتنەکێ دا بەڕێز لقێ ئاماژە دا ڕولێ مەزنێ هەلبەستڤان جەگەرخوینی دبلندکرنا هەستا نەتەوی ونیشتیمانی کو خەبات و تێکوشینا ئەڤان خودانێن پەیڤێن زێڕین و ئەو پەیڤ دبوونە گولە بو سینگێ دوژمنی چ جارا ناهێتە ژبیرکرن و خاتونا ناڤبری ژی سوپاسیا بەڕێز لقێ کر بو وێ پێشوازیا گەرم کو لێ هاتیە کرن.

دوای باشبوونی دۆخی دارایی جموجۆڵی بازرگانی لە دهۆک 30٪ زیادی کردووە



سەرۆکی ژووری بازرگانیی پارێزگای دهۆک ڕایەگەیەنێت، دوای باشبوونی دۆخی دارایی هەرێم، ڕۆژ بە ڕۆژ جموجۆڵی بازرگانی لە هەموو ڕوویەکەوە باشتر دەبێت و تەنها لە چەند مانگی ڕابردوودا لە دهۆک 30% زیادی کردووە.

ئەو ڕەقەمانەش لە ڕاپۆرتێکی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: دوای باشبوونی دۆخی دارایی و باشتربوونی پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا، لە ئێستادا لە هەموو ڕوویەکەوە جموجۆڵی بازرگانی زیادی کردووە و بەردەوامیش لە زیادبوونداید. هەسەن گوتیشی، تەنها لە چەند مانگی ڕابردووی ئەمساڵدا بەراورد بە ساڵی ڕابردوو، جموجۆڵی بازرگانی لە دهۆک 30% زیادی کردووە.

دەشڵێ: بۆ هێنانی کۆمپانیای بیانی بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری وەبەرهێنان، چاوەڕێی پێکهێنانی کابینەی نوێ دەکەین، چونکە ئەو کارە پێویستی بە حکوومەت هەیە. دەکات لەسەر بەشداری پێکهاتەکان لە حکوومەتی عێراق و حکوومەتی کوردستان و بەشداری لە بڕیاری سیاسی حزبدا، هاوکات پرسی ئاوارەو چەندین پرسی تر لەم گۆنگرەیە تیشکی دەخرێتە سەر، لەم بارەیەوە عەلی حسێن وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان پالپشتی تەواو بەشداری و هەماهەنگی بۆ سەرکەوتنی کۆنگرەکەی بۆ خواستن و بەهەنگاوێکی پەیوەست بۆ ئەم قۆناغە دانا بۆ ئەوەی کەمێک لەئێش و ئازاری پێکهاتەکان کەعێراق کەم بکرێتەوە، پاشان هەردوولا دواین پەرەسەندنەکانی ڕەوشی سیاسی و بارودۆخی عێراق و کوردستان و ناوچەکەیان خستەڕوو، لەکۆتاییدا هەردوولا جەختیان لەیەکریزی و هەماهەنگی کارکردن لەپێناو سەرخستنی برایەتی و پێکەوەژیان لەناوچەکەکە کردەوە.

بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕ:

90٪ی ئاوارەکان گەڕاونەتەوە و خەریکی دابینکردنی خزمەتگوزاریشین



ناحیەی گوێڕ کە بە دووری38 کم دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری هەولێر و لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە قەزای مەخموورە، بەڕێوەبەری ناحیەکە دەڵێ، 90%ی ئاوارەکان گەڕاونەتەوە و خەریکی جێبەجێکردنی خزمەتگوزاریشن. مەسعود نووری، بەڕێوەبەری ناحیەی گوێر بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی گوت، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش ڕەوشی ناحیەی گوێڕ سەقامگیری بەخۆیەوە بینیوە و خەڵکی بەهۆی شەڕەوە ئاوارەبوون، بەڵام ئێستا 90%ی گەڕاونەتەوە سەر شوێنەکانیان، بەڵام ژمارەیەک هاوڵاتی گوێڕ پێشتر دەستیان لەگەڵ گروپی تیرۆریستانی داعش تێکەڵکردبوو ڕێگەیان پێنادرێت بگەڕێنەوە گوێڕ و بەشێک لەوانەش داوکارن بەمادەی تیرۆر بۆ ئەوەی دەستگیر بکرێن، بەشێک لەوانە ئێستایش لە شاری مووسڵم و لەوانەشە هێشتا کار بۆ داعش بکەن.

بەڕێوەبەری شارەدێی گوێڕ وەک گوتیشی: ناحیەی گوێڕ وەک گەورەترین ناحیەی سنووری قەزای مەخموور لە کورد و عەرەب پێکهاتووە و هەردوو پێکهاتەش بەبێ کێشە پێکەوە دەژین، هەوڵیشماندواوە زۆرترین خزمەت پێشکەش بە دانیشتوانی سنوورەکە بکەین، بەتایبەتی لە ڕووی دابینکردنی خزمەتگوزاری. لەبارەی ئاوەدانکردنەوەی ناحیەکە لە ڕووی خزمەتگوزارییەوە، بەڕێوەبەری ناحیەکە دەڵێ: پرۆژەی خزمەتگوزاری کەوتوتە واری جێبەجێکردن لە گوێڕ، لەوانەش دروستکردن و نۆژەنکردنەوەی ژمارەیەک قوتابخانە و قیرتاوکردنی چەندین شەقامی سەرەکی ناو سەنتەری ناحیە و گوندەگانی دەوروبەری، هەروەها لەبەرنامەی ئێمەدایە وەک حکوومەت نەخۆشخانەیەکی پەنجا قەرەوێلەیی لە سەنتەری ناحیە دروست بکرێت، تا هاوڵاتیان لەکاتی پێویست سوود لە خزمەتگوزاری تەندروستی وەربگرن.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/6/20 ژمارە (5771)

بەرپرسێ لقا ئێک و پەیڤداریێ وەزارەتا پێشمەرگە رەوشا نووکە یا عێراقێ و کوردستانێ گەنگەشەکرن



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجوومەنێ سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسێ لقا ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا هەلگورد حکمەت پەیڤداریێ وەزارەتا پێشمەرگە یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ کر، دڤێ ڕێنشتنێ دا هەردوو ئالیان بەحسێ ڕەوشا نوکە یا عیراقێ ب گشتی و کوردستانێ بتایبەتی کر نەخاسمە ل وان دەڤەرێن کو نوکە لڤین و بزاڤێن ڕێکخراوا تیرورستی یا داعش تێدا هەین و گوت: دڤێت ئەم هەمی هەوڵا بدەین بۆ خوەشکرنا ژیانا وان.

شارەوانیی هەولێر:

ئەو کارتانەی بەناوی زەویی قەرەبووی خانووە کۆرییەکان دەفرۆشرێن، ساختەن

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شارەوانیی هەولێر ڕایدەگەیەنێت، ئەو کارتانەی لە بازاڕ هەن بۆ فرۆشتنی زەویی قەرەبووی خانووە کۆرییەکان، ساختەن، وەزارەتی شارەوانییش بەرپرسیار نییە لە کڕین و فرۆشتنی ئەم کارتانە. کرمانج دەشتەکی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، بە بڕیاری نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی هەرێمی کوردستان، 4 هەزار و 132 کەس زەویی وەرگرت لەبری ئەو خانووە کۆرییانەی کە پێشتر بڕیاربوو پێیان بدرێت. دەشتەکی دەشڵێت: لە ئێستادا کارتێک لە بازاڕ بڵاوبووەتەوە بە ناوی کارتی قەرەبووی خانووە کۆرییەکان، کە کڕین و فرۆشتنی پێوەدەکرێت. بەڵام ئەم کارتە ساختەیە، چونکە ئێمە وەک شارەوانیی هەولێر تەنها بە شێوەی زارەکی ژمارەی زەویی ئەمان لە تیرۆپشکێکی ئاشکرا بە سوودمەندەکان دابوو و هیچ کارتێکمان بە کەس نەداوە، بۆیە داوا لە هاوڵاتیان دەکەین کە خۆیان بە دوور بگرن لە کڕین و فرۆشتنی ئەم جۆرە کارتە. بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شارەوانیی هەولێر ئاماژەی بەوەش دا: دوای ئەوەی دیزاینی دابەشکردنی زەویی بەکان لای شارەوانی تەواو بوو، لە ئێستادا چاوەڕێی فەرمانگەی تاپۆی هەولێرین بۆ ئەوەی بە زووترین کات تاپۆکان ڕادەستی سوودمەندەکان بکات.

کۆمسیۆن دەست بە دروستکردنی تۆماری دەنگدەرانی کوردستان دەکات



هەرێمی کوردستان ئامادەکاری بۆ دروستکردنی تۆمارێکی سەربەخۆی دەنگدەران دەکات و بەرپرسێکی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانیش دەڵێ، باشترین ڕێگا ئەوەیە هەرێم پرۆسەی بایۆمەتری دەنگدەران بەڕێوە ببات.

دکتۆر ئارام نەجمەدین، سەرۆکی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: کۆمسیۆن ئامادەکاری دەکات بۆ ئەوەی تۆمارێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بۆ دەنگدەران دروست بکات، ئێمە نامانەوێ ئەزموونی ڕابردوو دووبارە بکەینەوە و چەند مانگێک بەرلە هەڵبژاردن بچینە وەزارەتی بازرگانی، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای فۆرمی خۆراک تۆماری دەنگدەران دروست بکرێت، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەیەوێ لەو کێشەیە ڕزگاری بێت، واتە مەبەستمان ئەوەیە ببینە خاوەنی تۆمارێکی هەمیشەیی.

سەرۆکی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆن دەڵێت: تا ئێستا چەند پێشنیازێک هەن بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگدەران، لەوانەش دەرگرتنی تۆماری بایۆمەتریی بەغدا، هەروەها بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە هەرێمی کوردستان خۆی بایۆمەتری بەڕێوە بەرێت و پشت بە عێراق نەبەستێت، پێشنیازی دیکەش ئەوەیە بایۆمەتریی مووچەی فەرمانبەران و کارتی نیشتیمانی بکەینە بنەما بۆ ئەوەی دەست بە هەنگاوەکانی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بکەین.

نەجمەدین ڕوونیشی کردەوە: لە ماوەکانی داهاتوودا کۆمسیۆنی بالا بڕیارێک دەدات یەکێک لەو پێشنیازانە پەسەندبکرێت و ببێتە بنەمای دروستکردنی تۆماری دەنگدەران، هەبوونی تۆماری تایبەت بە خۆمان وادەکات لە زۆر کێشە نەیشاردەوە، کە باشترین ڕێگا ئەوەیە هەرێمی کوردستان بایۆمەتریی دەنگدەران بەڕێوە ببات و گوتی: من خۆم لەگەڵ ئەوەدام ئێمەیش وەک هەرێمی کوردستان هاوشێوەی کۆمسیۆنی بەغدا دەست بە پرۆسەی بایۆمەتریی دەنگدەران بکەین، لەبەر ئەوەی هەر پێشنیازێکی دیکە جێبەجێ بکەین، دواتر پرۆسەیەکی تەواو نابێت و هەر دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سیستەمی بایۆمەتری، ئەمە متمانەیەکی زۆر بۆ کۆمسیۆن دروست دەکات و لە کێشەی ناوی مردوو و زیادە ڕزگارمان دەبێت، تەنیا بودجەیەکی زۆری پێویستە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەراورد بە بایۆمەتری حکوومەتی عێراق، کەمتری پێویستە، چونکە لە چوار پارێزگا بایۆمەتری بەڕێوە دەبەین.

لقی 11 و یەکێتی زانایانی ئیسلامی پەرە بە پەیوەندییەکانیان دەدەن



ڕێکەوتی 2019/6/18 هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی کارگێڕانی لق لە بارەگای لقی 11 لە ڕانیە پێشوازییان کرد لە شاندێکی لقی ڕانیەی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان. لەو دیدارەدا هەردوولا جەختیان لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوانیان کردەوە.

هەمان ڕۆژ بەرپرسی لق و دەستەی کارگێڕیی لق پێشوازییان کرد لە حسێن مام حەسەن فەرماندەی فەرماندەیی کاوە و باقی وەرگرتنی تۆماری بایۆمەتریی بەغدا، هەروەها بۆچوونێکی دیکە ئەوەیە هەرێمی کوردستان خۆی بایۆمەتری بەڕێوە بەرێت و پشت بە عێراق نەبەستێت، پێشنیازی دیکەش ئەوەیە بایۆمەتریی مووچەی فەرمانبەران و کارتی نیشتیمانی بکەینە بنەما بۆ ئەوەی دەست بە هەنگاوەکانی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بکەین.

نەجمەدین ڕوونیشی کردەوە: لە ماوەکانی داهاتوودا کۆمسیۆنی بالا بڕیارێک دەدات یەکێک لەو پێشنیازانە پەسەندبکرێت و ببێتە بنەمای دروستکردنی تۆماری دەنگدەران بەڕێوە ببات، واتە ئەوەی دەست بە هەنگاوەکانی تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان بکەین.

سەرۆکی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆن دەڵێت: تا ئێستا چەند پێشنیازێک هەن بۆ دروستکردنی تۆماری دەنگدەران، لەوانەش دکتۆر ئارام نەجمەدین

بەڕێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای دهۆک:

مۆڵەتی شۆفێری و سالیانەی ئۆتۆمبێل دەگۆڕدرێن




بەڕێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای دهۆک بڕیاری دا ڕێگە نەدرێت بە هیچ ئۆتۆمبێلێکی ئەو خاوەنانەی کە سزای ئەمنی و هاتووچۆیان لەسەرە، تا ئەو کاتەی سزاکانیان دادەخرێت.

بەڕێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای دهۆک ئاشکرای کرد، ئەو بڕیارە دوای ئەوە هاتووە کە ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن ئۆتۆمبێلەکان سزای ئەمنی و هاتووچۆیان لەسەرە و هەندێکیان ساڵانێکە سزاکانیان لەسەرە و هیچ ئاماژەیەک نادەن بۆ ئەوەی سزاکانیان دابخرێت.

بەڕێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای دهۆک ئاماژەی بەوەش دا، کە ئەو بڕیارە بۆ ماوەیەکی کورت دادەخرێت و دوای ئەوە ڕێگە بە خاوەنەکانیان دەدرێت کە ئۆتۆمبێلەکانیان بگەڕێنەوە.

کۆیە... پێنج ئۆتۆمبێل بەهۆی پێکدادانەوە سووتان

بەرەبەیانی دوێنێ، پێکدادانێک لە نێوان کۆیە و هەولێر ڕووی دا و لە ئەنجامدا پێنج ئۆتۆمبێل سووتان. گۆران ئەحمەد سماقە، بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانیی کۆیە بە باسنیوزی ڕاگەیاند: کاتژمێر پێنجی بەیانی، تیمەکان ئاگادار کرانەوە لە گڕگرتنی ئۆتۆمۆبیلێکی بارهەڵگر کە نەوتی ڕەشی بار کردووە. ڕوونیشی کردەوە کە ئاگرەکە بە هۆی پێکدادانی یەکێک لە ئۆتۆمۆبیلەکان لە دواوە بە ئۆتۆمبێلەکەی دیکە بووە و بووەتە هۆی سوتانی پێنج ئۆتۆمبێل کە چوار ئۆتۆمبێلیان بچووکن و تانکەری نەوتەکەش بە تەواوی سوتاوە. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ڕووداوەکە زیانی گیانی نەبووە، بەڵام زیانێکی مادیی زۆری هەبووە کە سەرووی 120 ملیۆن دینار بووە. گوتیشی: توانیمان چەند ئۆتۆمبێلێک لە سووتان بپارێزین، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکەش، جگە لە تیمەکانی کۆیە، تیمەکانی تەقتەق و ئاشتیش بەشدار بوون.



بۆ گۆڕانکاری لە مۆڵەتی شۆفێری و سالیانەی ئۆتۆمبێل، وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەک کردووە و لەمەودوا مۆڵەتی شۆفێری و سالیانەی ئۆتۆمبێل بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی لەسەری دەنووسرێت. فەخری ئەحمەد، بەڕێوەبەری هاتووچۆی پارێزگای دهۆک، لەمیانی بەشداریکردنی لەبەرنامەی باسی ڕۆژ، بە کوردستان 24ی ڕاگەیاند: بڕیارەی گۆڕینی مۆڵەتی شۆفێری و سالیانەی ئۆتۆمبێل لە وەزارەتی ناوخۆ دەرچووە، سیستمی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان و شارەکانی عێراق وەک یەک دەبێت. گوتیشی: مۆڵەتی شۆفێری و سالیانەی ئۆتۆمبێل دەبێتە ئەلیکترۆنی و نێودەوڵەتی، بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی ئینگلیزی لەسەری دەنووسرێت، هەروەها لە ماوەیەکی زۆرکەم هاووڵاتیان دەتوانن سالنامەی ئۆتۆمبێل دەربێنن. ڕاشیگەیاند: بۆ گۆڕانکاری لەو سیستمە وەزارەتی ناوخۆ گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی کردووە. ئاماژەی بەوەشدا: گۆڕانکاری لە سیستمی هاتووچۆ لە سوودی شۆفێر و هاووڵاتیان دەبێت و ڕاییکردنی مامەڵەکان ئاسان دەبێت.

زانکۆی سەلاحەدین بە هاوبەشیی زانکۆی زەهرای ئێرانی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی سازدەکات



لە هۆڵی کۆبونەوەکانی زانکۆی کوردستان لە شاری سنە پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر عاتف عەبدولا فەرهادی ڕاگری کۆلێژی زمان و یاریدەدەری ڕاگرو بەرپرسی نێودەوڵەتیەکانی زانکۆی سەلاحەدین سەبارەت بە ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسی هاوبەشی نێوان زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێرو زانکۆی زەهراء لە کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆرە ڕوقیە ڕۆستەم پورمەلکی لە زانکۆی زەهراء ئەندامی لێژنەی زانستی سێیەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زمان و ئەدەبی کوردی کۆبونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسەکە کرا کە بڕیار وایە لە 2019/10/20 لە زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر بەڕێوە بچێت.

شیاوی باسە سێیەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زمان و ئەدەبی کوردی لە بارەی زمان و ئەدەبی کوردی و فارسی- پەیوەندی و کاریگەرییەکان ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت لە 20 تا 2019/10/22 لە هۆڵی کۆچەر بیرکار لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین بەڕێوە دەچێت.

سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان:

نابێت بودجەی کۆمپانیاکان لە چاودێریی وردی حکوومەت بەدەربێت



لە وۆرکشۆپەکەدا، سەرۆکی یەکێتیی ژووڕە بازرگانیی و پیشەسازییەکانی هەرێمی کوردستان، دارا جەلیل خەیات گوتی: ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا زۆر گرفتمان هەبووە و زۆرجاریش گلەییمان لێکراوە، بۆیە تیمێکی هەماهەنگی هاوبەشی نێوان بازرگانی و دەستپاکی پێکهێنداوە کە بەیەکەوە گفتوگۆ لەسەر چەند بۆچوونێک و پێشنیازێک کراوە، ئەمڕۆش ئەم گفتوگۆیەی کە دەکرێت گرنگی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین پێداچوونەوە بە یاساکان بکرێت و ئەو کەموکوڕییانەی هەیە چارەسەر بکرێت.

ناوبراو باسی لەوەشکرد کە ئەوان ئامادەی هەماهەنگین لەگەڵ هەموو دەستەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستپاکی، چاودێری دارایی و سەندیکاکانی ووردبینی و ژمێریاری، بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی بە سیستەمبوونی بودجەی کۆمپانیاکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەردەوام بن.

هەر لە وۆرکشۆپەکەدا، سەرۆکی دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، ئەحمەد دزەیی ڕایگەیاند کە کۆمپانیا بازرگانییەکان لەهەموو سیستەمە حوکمڕانییەکان بڕبڕەی پشتی بازرگانی و ئالوگۆڕن و هەروەها داهاتیان بۆ حکوومەتیش هەیە، بەڵام نابێت کاروباری بوودجە و خەرجی و داهات و چۆنییەتی پرۆژەکانی ئەو کۆمپانیایانە بەدەربێت لە چاودێری وردی حکوومەت لە لایەن دەستە جۆراوجۆرەکانەوە.

خواست و داواکارییەکانی کوردستانیان لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان


خەبات:تریفە ئازاد

هەڵبەت نێچیرڤان بارزانی وەکو قوتابییەکی چالاک و دڵسۆزی رێبازی بارزانی و خەباتگێڕێکی بە ئەزموون لە بواری سیاسەت و دەوڵەتداری و حوکمڕانیدا،لەتوانایدایە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکاتە چەترێکی کۆکەرەوەی ناوماڵی کوردستان بۆ هەموو لایەنە سیاسیەکان و هەموو نەتەوە و ئایین و ئاینزا کانی کوردستان بۆ ئەوەی کوردستان بە دەستەجەمعی و ئاراستەیەکی هاوبەش، بەهێزەوە بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاوبنێت. هەروەها بە راسپاردنی بەرێز مسرور بارزانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خەڵکی کوردستان دڵنیادەکرێنەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەخوازێ کوردستانێکی بەهێز بونیاد بنێت بۆ ئەوەی هێمنی و ئارامی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری لە کوردستاندا بەرجەستە ببێت. بەم شێوەیە پرۆسەی سیاسی و حکومڕانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەمی یەکەم هەنگاوی خۆی نا. لەم رووەوە رۆژنامەی خەبات لەم تەوەردا راو بۆچوون و خواست و داواکارییەکانی شارەزا و پسپۆر و هاوواڵاتیانی کوردستان بۆ حکوومەت و کوردستانیان دەخاتەروو.



پاش ئەوەی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەڵبژێراوی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوادار. لە 12ی6ی 2019نێچیرڤان بارزانی بەم شێوەی خوارەوە یەکەم فەرمانی سەرۆکایەتی دەرکرد بۆ راسپاردنی، بەرێز مەسرور مەسعود مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان:

بەپێی برگەی 12لە ماددەی



هەرێم جەعفەر

10لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە 1 لەساڵی 2005ی هەموار کراو، وە پاڵپشت بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان ژمارە 7 2019، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 8لە 11ی6ی .2019نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بە:

1- راسپاردنی بەرێز مەسرور مەسعود مستەفا بارزانی وەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری نۆیەمی هەرێمی کوردستان.

2- دەبێ پێکهێنانی کابینە وەزاری لەماوەی 30ڕۆژدا لە دەرچوونی ئەم فەرمانە تێپەڕ نەکات.

3- ئەم فەرمانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.



جوان یونس

هەڵبژاردنی لە پەرلەمان و متمانەدان بە مسرور بارزانی

جوان یونس رۆژبیانی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارەی هەڵبژاردنی رێزدار مەسرور بارزانی لە نێو پەرلەمان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: بە سەربەرزییەوە لە ژێر سێبەری جەنابی سەرۆک بارزانی لاپەرە پڕ لە شانازییەکانی میژوو هەمیشە بە دەستی پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمار دەکرێن. فراکسیۆنی پارتی وەکو براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی لە30/9/2018 کاندیدی خۆی بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کە رێزدار مسرور بارزانی بوو لە 11ی حوزەیرانی 2019ئاشکرا کرد و لە حزوری 97 پەرلەمانتار مسرور بارزانی متمانەی 87پەرلەمانتاری بەدەست هێنا و لەهەمان رۆژدا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، مسرور مسعود مستەفا بارزانی وەکو کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران پێشکەشی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد، ئینجا بەرێز نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ناوزەدکراو راسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەکەی لەماوەی (30)ڕۆژدا. تەسەور دەکرێ کەمتر لە مانگێک بخایەنێ و کابینەی 9یەم تەشکیل بێت. چونکە پارتی کاندیدانی خۆی بۆ حکومەت حازرە و هەر حزبێکیش کاندیدی یەکلا نەبووبێتەوە بۆ ئەو پۆستانەی بەزیان دەکەوێت بە بەتاڵی دەمێنێتەوە نابێتە هۆی دوا کەوتنی تەشکیل کردنی کابینەی نوێ. رێزدار مسرور بارزانی ئەزمونێکی باشی هەیە لە کاری پێشووی هەروەک چۆن توانی ئەمنیەت و ئاسایشی کوردستان بپارێزێت دڵنییاین بەهەمان شێوە ئەمنیەتی حکومەت و کابینەکەشی دەپارێزێت و بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بەرێوەی دەبات بۆ خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان.

چاوەڕوان دەکرێت چوار ساڵی داهاتوو پڕ بێت لەدەستکەوت

جەوهەر تاهیر لە بارەی رێزدار مسرور بارزانی و حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: "لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان مسرور بارزانی ناوێکی ناسراوە ئە مرۆڤەیە کە قۆناغە سەختەکانی کوردستانی بڕیوە و پێدا تێپەڕیوە ئەرکی یەکجار قورسی لەسەر شان بوو ئەویش بە سەرکەوتنی گەورە تێپەڕاند کەپاراستی ئاسایشی وڵات بوو. ئەو کاتەی کە کوردستان ببوە جێگای تێڕوانینی دۆست و دوژمنان، چونکە لە دەستپێکی قۆناغێکی حکومرانی دابوو ئاسان نەبوو کەسێک بتوانی ئەو ئەرکە قورسە وا بە ئاسانی ئەنجام بدات، بەڵام مسررو بارزانی زۆر بە کارامەیی و لێهاتووی ئەو ئەرکەی بەجێ گەیاند و لەم ماوەیە سەرەڕایی دەیان کاری تیرۆرستی و شەڕی داعش بەرگری لە ئاسایشی کوردستان کرد خەڵکی کوردستان و دەرەوەی کوردستانی وڵاتانی دەوروبەری دڵنیا کردەوە کە هەمیشە کوردستان بە ئارامی دەمێنەوە و خەڵکی تری وڵاتانی دیکەی دڵنیا کردەوە کە ئەوەی لە کوردستان دەژیان کە کوردستان بە ئارای دەمێنێتەوە و پارێزگاریان لێدەکەن و بەئارامی کار و پیشە و ژیان و پرۆژەکانیان پارێزراو دەبێت. لێهاتوویی و کارامەیی توانستەکانی رێزدرا مسرور بارزانی ئارامی و



مستەفا قەرهاد

ئاسایشی کوردستانی لێکەوتەوە. لە ئێستاشدا کە مسرور بارزانی بە دەنگی ڕەهای پەرلەمنتاران دەنگی هێنا و ڕاسپێردراوە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی کوردستان لێرەدا ئەرکی بەرێزیان قورس دەبێت، چونکە وەک هەموو دەزانین چەند ساڵێکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی دژوارادا تێپەڕی و کاریگەری ئابووری و شەڕی داعش و کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا..هتد، بەڵام کوردستان بە ئارامی و پارێزراو مایەوە، بۆیە خەڵکی کوردستان زۆر بە هیواوە لە ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڕوانن. چاوەڕوان دەکرێت چوارساڵی داهاتوو پڕ بێت لە دەستکەوت بۆ خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتی کوردستان زاڵبێت بەسەر هەموو ئەو کێشانەی کە تووشی هەرێمی کوردستان دەبن و کوردستان بوژانەوەیەکی گەورە بەخۆیەوە ببینێت .

دەبێت پەیوەندی نێوان هەولێرو بەغدا ئاسایی بکرێتەوە

هەرێم جەعفەر شارەزا لە کاروباری نێو دەوڵەتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر و جەنگی چەند ساڵەی داعش و قەیرانی ئابووری و قەیران دوای قەیران، بوونە هۆی ئەوەی کابینەی ڕابردووی وەکو پێویست خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاووڵاتیان نەکات، تەنانەت لە سەر هەندێک ئاست، جۆرێک لە بێ متمانەیی دروست بووە، بۆیە ئەرکی کاک مەسرور بارزانی وەکو سەرۆکی حکوومەت سەرەتا پرکردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشاییانە دەبێت، جارێکی دیکە دەبێت خەڵک متمانە بە حکوومەت دروست بکاتەوە و گۆڕان و چاکسازیی بنەڕەتی بکرێت. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە، دەبێت سەرۆک وەزیرانی داهاتوو پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا ئاسایی بکاتەوە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بدات، چونکە نزیکە بە پلانێکی ناوخۆیی و دەرەکی شووناسی بەشێک لەو ناوچانە بە تەواوی دەگۆڕدرێن. کێشەیەکی دیکە لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان، دوور کەوتنەوەی لایەنە سیاسییەکانە، ئەگەرچی چارەسەرکردنی بەشێک لەو کێشانە سەختە بەوەی ئەجێندای دەرەکی تێکەڵیان بووە، بەڵام دواجار ئەرکی کاک مەسرورە کە هەوڵبدات ئاشتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار بکات و نەهێڵێت لە رێگای هەڕەشەی دوو ئیدارەیی، پێگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لاواز بکرێت، ئەرکی کاک مەسرور ئاسان نابێت، ڕەنگە هەر کەسێک لە کێشەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان ورد بێتەوە، لەوە بگات کە کابینەی داهاتووی حکوومەت ئەرکێکی زۆری لەئەستۆدایە، هەموو چین و تۆێژەکانیش، بۆ




جەوهەر تاهیر

داهاتوویەکی باشتر، چاویان لە حکوومەتی نوێیە. گرنگە هەموو لایەنە بەشداربووەکانی حکوومەت لەوە بگەن، گەندەڵی و بەرژەوەندی کەسی، چیدی تەنها بە زیانی سامانی گشتی کۆتایی نایەت، بەڵکو کاریگەری لەسەر متمانەی خەڵک و دەسەڵات دەبێت.

ئومێدی گەل و ئەستێرەیەکی درەوشاوە لە ئاسمانی نیشتمان

محمد فرحان شێروانی بەرپرسی لقی دەوروبەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات لە بارەی حکومەتی داهاتووی کوردستان گوتی: دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی 30ی ئەیلولی پارسڵ و دەرکەوتنی گەورەیی پارتی و پێگەی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستاندا و ئەنجامەکان ئەوەی دەرخست کە بەڵێ پارتی دیموکراتی کوردستان حیزبی یەکەم و گەورەی کوردستانە و پێگە و سەنگی خۆی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دادەکوتێت ئەویش بەپشت بەستن بەو جەماوەرە خۆرسک و دەنگدەرانەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت، لە ئەنجامدا پارتی رێژەی 45کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا و وەک فراکسیۆنی گەورەی پەرلەمان دیاریکرا، دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وە ناوزەندکردنی رێزدار کاک مەسرور بارزانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاسپاردنی لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت کەئەمەش ئەزمونێکی نوێی سیاسی و حکومی رێزدار کاک مەسرور بارزانی دەبێت لە ژیانی سیاسی خۆیدا، مەسرور مسعود مستەفا بارزانی سەرکردەیەکی گەنج و لێهاتوو بەتوانا و لە خانەوادەیەکی شۆرشگێر و خاوەن پێگەی سیاسی گەورە لە ناوچەکە دروست بووە هەردەمیش دەبێت ئومێدی گەورە بە کەسی واهەبێت لەماوەی ڕابردوودا وەک ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستاندا توانی سەڵمێنەری تەواوی ئەو قسانەبێت کە لە بارەیەوە دەکرێت وەک سەرکردەیەکی قیادی و مەیدانی. ئێستاش بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی ڕابردووی و بە پاڵپشتی سەرۆک و مەرجەعی باڵای کوردستان مەسعود بارزانی و رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردست، مسرور بارزانی دەتوانێت کابینەیەکی نوێ پێکبهێنێت و ببێتە جێگای ڕەزامەندی زۆربەی دانیشتوانی کوردستان و کار بۆ خۆشگوزەرانی و باشترکردنی بارودۆخی کوردستان و گۆڕانکاری ڕیشەیی لەسەرجەم سێکتەرەکاندا بکات. بەهۆی ئەو پێگە کاریگەریەی کە ماوەی ڕابردووەوا وەک ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان هەیبووە، مسرور بارزانی ناوێکی ئێگجار گەورەیە لە نێو حیزب و لایەن سیاسەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و جیهاندا و دەتوانێت لێهاتووانە کاری داهاتووی رایی بکات و بەربەستەکان زووتر بتوێنەوە و لەسەر دەستی جەنابیان وە ئەو پەیوەندیە فراوان و گرینگانەی کەلەماوەی ڕابردوو هەیانبووە، دەتوانێت لەمەودوا لە پێگەی سەرۆک وەزیران بەکاری بهێنێت بۆ سەرکەوتنی کابینەکەی و زیاتر کرانەوەی کوردستان بەرووی وڵاتانی دراوسێ و جیهاندا و باشتر کردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ. چاوەڕوانیەکان لە کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆرە، بەتایبەت لەسەر خوودی ڕێزدار مەسرور بارزانی وەک سەرۆک وەزیران. بۆیە ئەرکەکەی قورسە و خەڵک چاوی لێیەتی کە کوردستان بەرگێکی تری خۆشگوزەرانی لەسەر دەستی جەنابیان بەخۆیەوە ببینێت.



سەروەت مستەفا

مەسروور بارزانی کارێزما و لێهاتوو دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان

ڕۆژی 12/6/2019ڕێزدار مەسروور بارزانی وەک سەرۆکی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارانی کوردستان هەڵبژێتردرا، بۆ ئەمجارە کابینەی نوێ لە چاو کابینەکانی دیکەدا جیاواز دەبێت، چونکە بەرێز کاک مسروور بارزانی لە بواری ئەمنیدا بە ئەندازیاری هێمنی و ئارامی و ئاوەدانی و خێرخوازی ناسراوە، هیوادارین لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە خزمەت بە چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگاکەماندا بکات.

بەرێزیبان لە دامودەزگای ئەمنیدا ئەزمونێکی زۆر زۆر باشی هەیە، بێگومان لەڕووی ئاوەدانیشەوە کاریگەری خۆی دەبێت، دەتوانێت لە زۆر بواردا چاکسازی بکات، هیوادارم لەکابینەی نوێ ڕێژەی ئافرەتان لە پێگە ئیداریەکان لەبەرچاو بگرێت، دەرفەت و هەلی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بڕەخسێنێت.

ماوەی چەند ساڵێک بوو بەهۆی شەڕی داعش و قەیرانی دارایەوە پرۆژەکان بەگشتی پەکیان کەوتبوون، ئەو پرۆژانەی تاوەکو ئێستا قسەی لەسەرنەکراوە چارەسەر کێشەکانیان بکرێت. هیوادارم لە کابینەی نوێ و بەسەرۆکایەتی جەنابیان گرینگی زیاتر بە دامەزراندنی قوتابیانی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بدرێت، هەروەها کەرتەکانی (کشتوکاڵ، نەوت، گەشتوگوزار) یەکێکن لە گرنگترین کەرتەکانی هەرێمی کوردستان و پێویستە گرینگی زیاتریان پێ بدرێت.

ئاوەدانکردنەوەی لادێکان و پێشینەی خانووبەرە و زەوی و دەستی کار بۆ گەنجانمان لە پێشینەی کارەکانی حکوومەت بێت، بۆ ئەوەی گەنجان چیتر کۆچ نەکەن و لێرەوە خزمەتی کۆمەڵگاکەمان بکەن، هەوڵی گەڕانەوەی ناوچە دابڕێندراوەکانی هەرێمی کوردستان بدرێت بۆ ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، هەروەک جەنابی سەرۆک بارزانی دەڵێ "مساوەمە لەسەر نفووسی کەرکووک ناکرێت"، دڵنیاشین وەک چۆن لە ڕابردوودا بەرێز مەسروور بارزانی لەلایەنی ئەمنی سەرکەوتوو بووە بێگومان لەم پۆستەی ئێستاشیدا سەرکەوتوو دەبێت و کەسێکی کاریزما و لێهاتوو دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان.

لاوان چاوەڕوانی کوردستانێکی بەهێز دەکەن



میللەت مەهدی گۆران

لەژێر ڕابەرایەتی پێشەوای کوردایەتی و مەرجەعی باڵای کوردستان و فریاد ڕەسی کوردستان و خۆشەویست چل و هەشت ملیۆن کورد سەرۆک بارزانی، هەردوو سەرکردە و قوتابی ژێر دەستی جەنابی سەرۆک بارزانی کوردستان بەرە و ئایندە کی ڕوون و گەش و بەرە و کەنارێکی ئارام دە بەن و بەرەو کوردستانێکی بەهێز هەنگاو دەنێین.

چونکە هەردوو سەرکردە خاوەن ئەزمونێکی پڕشنگدارن لەئاوەدانی و ئارامی،ئومێدی گەلی کوردن، بەتایبەت لاوان بەئومێدەوە لەداهاتوی کوردستان دەڕوانن چۆنکە ئەو سەرکردە لاوانە، وەک درەختێکی ڕەگ داکوتاو لەمیراتێکی مەزن و شکۆمەندەوە لەهەناوی شۆڕشێکی مەزن و لەچاوی پڕ لە چاوەڕوانی دایکانی ئەنفال و شەهیدانەوە هەنگاوە کردارییەکانی ،هەنگاویان ناوە پیاوی ئارامی و ئەندازیاری ئاوەدانین، ئەم فاکتەرانە وادەکان کەهەموولایەک بەئومێدەوە لەئایندە بڕوانن و بەپەرۆشەوە چاوەڕێی هەنگاوە کردارییەکانی سەرۆکایەتی هەرێم لەڕووی دبلۆماسی وهەنگاوەکانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بکەن لەچارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و ناکۆکییەکان لەگەڵ حکومەتی بەغداد. ئەمانە هەمووی بێگومان بەپاڵپشتی و ڕابەرایەتی مەرجەعی کوردستان سەرۆک مەسعود بارزانی دەبێت،کەئەوسەرکردە پێشمەرگە خۆنەویستە زۆربەی ڕێگاسەختەکانی بڕیوە و هاتۆتە سەر سکەی خۆی، بۆیە ئەم دووقوتابیە لاوەی قوتابخانەی ڕێبازی بارزانی بێگومان بەسەرکەوتوی دەتوانن کوردستان بگەیەننە کەنارێکی ئارامتر و کوردستانێکی بەهێزترمان بۆبنیات دەنێنن.لاوان پاڵ پشت و پێشمەرگەی ئەم کوردستانە دەبن بۆ سەرکەوتنی کارەکان وپاراستنی ئارامی وئاسایشی کوردستانێکی بەهێز،لەهەمان کات لاوان چاوەڕوانن ئەم حکومەتە بەشێوەی باشتر خزمەتیان پێبکات و زیاتر هەلی کاریان بۆدابین بکرێت.

داهاتووی کوردستان
لە سایەی دوو کارەکتەری بەهێزدا





ناسر هەرکی

دوای سوێندخواردنی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ هەرێمی کوردستان ڕۆژێکی مێژوویی ڕەنگە هەندێک لایەن و چاودێر وا سەیری بکەن کە کۆکردەنەوی چەتری دەسەلات لەژێر سایەی مالّی بارزان بۆ ئەوان جێگەی نیگەرانی بێت بەلاّم بۆ زۆرینەی خەلّکی کوردستان کە دەنگیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان داوە جێگەی دلّنیایی و بەهێزی کوردستانە، چونکە ئەو دوو کارەکتەری حوکمڕانی لە کوردستان هەریەکە بە شێوازی خۆی کوردستانیان گەیاندە ڕۆژگارێک کە ولاّتانی و زلهێز و ئیقلیمی ناتوانن نکۆلی لە پێگەی گرنگ و جیوسیاسی و ستراتیژی و ئابووریەکەی بکەن بە تایبەتی لە ئێستا کە هاوکێشە سیاسیەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست بەردەوام بەرکەوتەی نوێ دێنە ئاراوە.

هەموو ستراتیژیە ئابووری و ئاوەدانیەکانی جەنابی کاک نێچیرڤان بارزانی لەسەردەمی سەرۆکایەتی حکومەت بوونەتە بناغە بۆ هەنگاوی داهاتوو، وزەی نەوت و گاز و بڕی نەوتی کوردستان نەخشەی ئابووری داهاتوون بۆ ئابووری ناوچەکە، ژێرخانی بازرگانی و فەرهەنگی و پیشەسازی و زانستی...هتد بەرهەمی حکومڕانی چەند ساڵەی مالّباتی بارزانن لە هەرێمی کوردستان کە ئیلهام و پاڵپشتی لە جەنابی سەرۆک بارزانی وەرگرتووە و تا ئێستاش لەو پاڵپشتییە بەردەوامە.

کوردستان لە نێو ئاتوون و ئاگردا بووە، دەولّەتێک تا سەر ئیسقان تیرۆرست و خوێن ڕێژ بە شەورۆژێک لە تەنیشت کوردستان هەلّتۆقی بە قوربانیدانی پێشمەرگە و ڕاپەڕایەتی جەنابی سەرۆک گەوترین شکستی لەسەر دەستی پێشمەرگە پێ گەیشت کە جیهانی سەرسام کرد، لە نێو ئەو ئاگرەدا ناوخۆی کوردستان لە سایەی جەنابی کاک مەسرور بارزانی ئارامترین ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بوو هەر ئەم ستراتیژیەتەش بوو پێشمەرگە و کوردی کرد بە بەشێک لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەولّەتی دژی تیرۆر کە تاوەکو ئێستاش لە نێو ئەو ستراتیژیەتە ماوەتەوە کە پێ دەچێت تا کۆتایی یەکلاکردنەوەی دۆسیەی سوریا و ئێران و ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست پێویستیان بە هاوپەیمانێتی کوردستان هەبێت کە تازە نانوانن بە ئاسانی دەستبەرداری بن، بۆیە کوردستان ئیستا لە هەموو ساتەکان زیاتر پێویستی بە حکومەتێکی بەهێز هەیە کە ئەویش پێویستی بە ڕاپەڕیەتیکردنی کەسانی دلّسۆز و بە ئەزموون هەیە لە لایەکی تریشەوە کەسانی خاوەن هەیمەنەی نیشتیمانی و نەتەوەیی وەکو هەردوو قوتابیەکەی جەنابی سەرۆک کە ئێستا ڕابەرایەتی کوردستانیان گرتۆتە دەست.

گرنگترین ڕەگەزی دەسەلاّت کەلە مالّبانی بارزاندا هەیە بریتییە لە بەرزڕاگرتنی شکۆی کوردو کوردستانیان کە هیچ کاتێک سەریان بۆ دژمن نەچەماندووە، هەرکاتێکیش کوردستان کەوتبێتە بەر مەترسی سەربەرزانیە جەنگی مان و نەمانیان کردووە و کوردیان پاراستووە، بۆیە خەلّکی کوردستان ئەگەر ڕای سیاسیشان لەگەلّ پارتی نەبوبێت بەلاّم دەزانن ئەوان لە هەموو کەس ئەمینترن ئەو چاوەڕوانی مەزن لە کابینەی نوێی جەنابی کاک مەسرور دەکرێت کەلە سەرووی هەمووبانەوە تەواوی سێکتەرەکانی حکومڕانی بە نیشتیمانی بکرێت و دادپەروەری ببێتە بنەمایی پاداشت و سزا کە پاڵپشت بە ئەزموونی دەولّەتداری سەرۆکی هەرێم قۆناغێکی نوێ لە دیبلۆماسیەتی نێودەولّەتی حکومەتی نوێ دێتە ئاراوە...

پیرۆزە لە خەلّکی کوردستان کە ئەمجارەش کەوتنەوە ژێر سایەی دوو کارەکتەری چالاک و سیاسەتمەدار لەسەر ئاستی جیهان. پشت بە خوا ئاینددەیەکی گەش و کوردستانێکی بەهێز چاوەڕێمان دەکات.

ئاسوێێن کوردستانەکا ب هێز تێن دیتن



زێرەڤان تەمو

خویایە ل ڕێکەڤتی 8 / 5 / 2019 پەرلەمانێ کوردستانێ کومبوو و قانوونا کاراکرنا سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ و ئاوایێ هەلبژارتنا سەروکێ هەرێمێ ب دەنگێ زۆرینەیێ پەلەمانتاران هات پەسەندکرن، تێ زانین قانوونا سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ ژ هەشت مادەیان پێکهاتییە و لگورەی وێ، سەرۆکێ هەرێمێ دێ ل ناڤ پەرلەمانی هێتە هەلبژارتن.

ئاشکرایە ل ڕێکەفتی 6 / 10 /2019 دیبلوماتکار و سیاسەتڤان نێچیرڤان بارزانی د ڕێورەسمەکێ هەرێ هەڤی و شایستەدا ل دەمێ سوێند خواندنا سەروکاتیا هەرێمێ گەلەک ڕێک و پێک و ب پروتوکول و ڕێکخستی تربوویە ل سوێند خواندنا دوو سەروک کومارێن عیراقێ، ل ماوێ بووری ئەڤ چەند ببوو جهێ هێبەتیا دیبلوماتکار و میڤانێن دەڤە و ناڤخوو یا عیراقێ . ئەگەر بپرسین ل ماوێ دەسهەلاتدارا جەنابێ نێچیرڤان بارزانی پێشتر د سەرۆکاتیا جڤاتا وەزیران دا چ رول گێرایە ل ئاستێ ناڤخۆ و دەڤە ژبۆ خزمەتکرنا هەموو پێکهاتێن کوردستانێ بێ جوداهی. ل وی دەمی دێ خویا بیت بۆ پوستێ نوی و پێشە ڕۆژێ دێ چ گاڤ و پلان و رول هەبیت ژبۆ ب هێزکرنا کوردستانێ. ب کورتی دێ سیناهیێ بەردەمە سەر هندەک خالێن کو جەنابێ نێچیرڤان بارزانی خەبات بۆ کری و چ لێ دهێتە پێشبینی کرن ژبۆ ئاڤەدانکرن و پێشخستنا کوردستانێ دهەموو وار و بیاڤاندا.

دیارە ل ماوێ ڕابووری پەیوەندییێن دبلۆماسییێن باش و بێهز بوویە لسەر ئاستێ ناڤخوە و ناڤدەولەتی ئەڤ چەند ئێکە ژ گروڤەیانە بۆ سەرکەڤتنا جەنابێ وی د پوستێ نوی دا، هەڤدەم کەساتیەک قەبولکری یە لسەر ئاستێ ناڤخوە و دەرڤە دپوستێ سەروکاتیا هەرێمێ دا و ب کارێزما تێ نیاسین دناڤ هەموو پێکهاتاندا ئەڤ چەندە ژی دبیتە ئەگەرێ دروستکرنا کوردستانەکا بهێز کو ئەڤە ژی ژ ئارمانج و دروشمێن پارتی دیموکراتی کوردستان بوویە، هەروسا هەماهەنگی و هەڤالینیا نێچیرڤان بارزنی ل گەل سەرکردە و سەرۆکێن وەلاتێن زلهێزێن جیهانێ ، دێ بیتە ئەگەرێ پاراستن و بهێزکرنا کوردستانێ ل هەمبەر هەر گەفەکێ هەر وەکو پشتی 16ێ ئکتۆبەرێ ئەڤ چەندە مەدیتی کو هەڤسەنگیا هەرێما کوردستانێ ل شکەستنا ئابووری و سیاسی پاراست. هەروەسا ئاشکرایە سەروکێ هەرێمێ دێ نوونەراتیا خەلکێ هەرێمێ ل سەر ئاستێ سیاسی و نێڤ دەولەتی کەت، نوونەراتیا هەرێما کوردستانێ ل کەت د هەماهەنگی و چارەسەرکرنا ئاریشەیان دا لگەل بەغدا و وەلاتێن بیانی، هەڤدەم وەرگرتنا پوستێ سەرۆکاتیا هەرێمێ دڤێ قوناغێ دا ژبال نێچیرڤان بارزانی دێ پێڤاژۆیەکا نوی دەست پێکەت و دێ هەموو قەیران و رەنج و ماندیبوونا گەلێ کوردستانێ پێن چوار سالێن بۆری ب داوی هێت کو ئاشکرایە نێچیرڤان بارزانی د نەخوشترین کاودان دا کابینا هەشتێ یا حکومەتێ برێڤەبر و کوردستان ب هێز هێلا و دچوارسالێن بهێت ژی دا ل سەر ئاستێ ناڤخوە پێش بینیا ئاڤەدانی و خوشگوزەرانی بۆ تاکێن کومەلگەهێ مە و چاکسازی و ئێک ڕێزیا ناڤ مالا کوردی و دامەزراندنا دەسهەلاتەکا ب هێز کو بشێت سەروەریا قانوون و شەرعیەتێ ل سەرانسەری کوردستانێ پەیرەو بکەت و کار لسەر ئێکپارچەیا ئاخ و گەلێ هەرێما کوردستانێ بکەت و بپارێزیت و دوماهیێ ب زۆن و زۆنکاریێ و دوو ئیدارەیێ و دەستێوەردانا حزبان و سەرپێچیا قانونی و سیاسەتا دورویی و فەوزایا سیاسی و ناڤچەگەریێ بینیت کو ڤێ ئێکێ ژی باندورێن خۆ یێن خراپ دروست کرینە لسەر کلتووری سیاسی یێ دەڤەرێ و لسەر نەگورێن نەتەوی و نشتیمانی دێ ڕژدبیت پێخەمەت پاراستنا مافێن دەستووری و پشکا دارایی یا هەرێمێ و پشکا ڕەوایا خەلکێ کوردستانێ ژ سەرووت و سامانێ هەموو ئیراقێ بهێتە مسۆگەرکرن. ل داویێ پیرۆزباهییێن خۆ یێن گەرم ل سەروکێ نوی یێ هەرێما کوردستانێ نێچیرڤان بارزانی دکەم ب ڕاستی کەسانەک شایستە و هەژی یە بۆ ڤی پوستێ هەژی و کورسیا سەروکاتیا هەرێمێ پێتڤی ب وە بوو ژبۆ بەردەوامیدانا خزمەت و خەبات و خوشگوزەرانیا هەمی نەتەوە و ئول و پێکهاتە یێن کوردستانی.

نێچیرڤان بارزانی لەبەردەم بەرپرسیارەتییەکی تازەدا



وەیسی سەعید وەیسی

دوای ئەوەی لە دانیشتنی ژمارە(٦)ی ئاسایی خۆی دا پەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگ بەرێز(نێچیرڤان بارزانی)وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەلبژێردرابۆیەش لەدانیشتنی ژمارە(٧)ی ئاسایی خولی بەهارەی سالی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەلبژاردنی پەرلەمان بەپێی حوکمی برگەکانی (یەکەم _دووەم_سێیەم)لەماددەی(١ ٦)وبرگەی (سێیەم)لەمادەی (١٨)ومادەکانی(٤٧-٤٨-٥٢-٥٥-٥٦-٥٧)لەپەیرەوی ناوخۆی پەرلامانی کوردستان بەرێز(نێچیرڤان بارزانی)وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد. بێگومان کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم وپاشانیش سوێندخواردنی بەرێزیان بۆقۆناغێکی وەک ئێستای کوردستان گرنگ وپێویست بووبایەخی خۆی هەیەتاپرۆسەی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا بگەڕێتەوەسەررێچکەی ئاسایی خۆی چونکەماوەی (٢)سال بووکوردستان لەبۆشایێکی یاسایی دابوو بۆیەش بەم هەنگاوەی ئێستاکەجارێکی ترهەرێمی کوردستان دەبیتەوەخاوەن سەرۆکی هەرێم، دەبیتە مایەی ئومێدبۆخەلکی کوردستان تابەگەشبینیەوەسەیری داهاتوویان بکەن چونکەجگەلەوەی بەرێز(نێچیرڤان بارزانی)لەخانەوادەیێکی تێکۆشەر و ناسراوی کوردستان پێگەیشتوە کە زیاترلەسەدەیەکە ڕابەرایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان دەکەن لەهەمان کاتیشدالەبەرێوەبردنی کوردستاندائەزموونێکی ناوازەشی هەیە لە دەولەتداریدا کە خزمەتەکانی لەڕابردوودا گەواهیدەری ئەم ڕاستیەن کەچۆن کاری کردوە لەپێناوبەرێوەبردنی وولاّت وچاک کردنی ژێرخانی ئابوری و پێشمەرگە و کوردی کرد بە بەشێک لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانی نێودەولّەتی دژی تیرۆر کە تاوەکو ئێستاش لە نێو ئەو ستراتیژیەتە ماوەتەوە کە پێ دەچێت تا کۆتایی یەکلاکردنەوەی دۆسیەی سوریا و ئێران و ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست پێویستیان بە هاوپەیمانێتی کوردستان هەبێت کە تازە نانوانن بە ئاسانی دەستبەرداری بن، بۆیە کوردستان ئیستا لە هەموو ساتەکان زیاتر پێویستی بە حکومەتێکی بەهێز هەیە کە ئەویش پێویستی بە ڕاپەڕیەتیکردنی کەسانی دلّسۆز و بە ئەزموون هەیە لە لایەکی تریشەوە کەسانی خاوەن هەیمەنەی نیشتیمانی و نەتەوەیی وەکو هەردوو قوتابیەکەی جەنابی سەرۆک کە ئێستا ڕابەرایەتی کوردستانیان گرتۆتە دەست.

گرنگترین ڕەگەزی دەسەلاّت کەلە مالّبانی بارزاندا هەیە بریتییە لە بەرزڕاگرتنی شکۆی کوردو کوردستانیان کە هیچ کاتێک سەریان بۆ دژمن نەچەماندووە، هەرکاتێکیش کوردستان کەوتبێتە بەر مەترسی سەربەرزانیە جەنگی مان و نەمانیان کردووە و کوردیان پاراستووە، بۆیە خەلّکی کوردستان ئەگەر ڕای سیاسیشان لەگەلّ پارتی نەبوبێت بەلاّم دەزانن ئەوان لە هەموو کەس ئەمینترن ئەو چاوەڕوانی مەزن لە کابینەی نوێی جەنابی کاک مەسرور دەکرێت کەلە سەرووی هەمووبانەوە تەواوی سێکتەرەکانی حکومڕانی بە نیشتیمانی بکرێت و دادپەروەری ببێتە بنەمایی پاداشت و سزا کە پاڵپشت بە ئەزموونی دەولّەتداری سەرۆکی هەرێم قۆناغێکی نوێ لە دیبلۆماسیەتی نێودەولّەتی حکومەتی نوێ دێتە ئاراوە...

پیرۆزە لە خەلّکی کوردستان کە ئەمجارەش کەوتنەوە ژێر سایەی دوو کارەکتەری چالاک و سیاسەتمەدار لەسەر ئاستی جیهان. پشت بە خوا ئاینددەیەکی گەش و کوردستانێکی بەهێز چاوەڕێمان دەکات.

گرنگە هەموتاکێکی کوردستان لەئاست هەستیاری ئەم قۆناغەدابن وبەوپەڕی بەرپرسیارەتیەوە مامەلەبکەین وپاڵپشت وپشتیوانی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان بن

و دبلۆماسیەت وپاراستنی ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستان بۆیەش بەپیاوی ئەرکە سەختەکان ناسراوە بەتایبەت دوای خیانەتە ڕەشەکەی (١٦)ی ئۆکتۆبەر کەکوردستان کەوتەبەردەم کۆمەلێک مەترسیەوە نێچیرڤان بارزانی توانی ڕووبەڕوویان ببیتەوە و لەبەرپرسیارەتی ڕانەکات و بە دبلۆماسیەت وکارامەیی خۆی بارودۆخەکە بگۆڕێت و قەیرانەکان تێک بشکێنێت کە هەر ئەمەشە وا دەکات کوردستانیان بەئومێدەوەلەچوارسالی حوکمرانی بەرێزیان بروانن کەبەهەمان ڕوحیەتی پێشووی دریژەبەکارەکانی بدات لەپێناوبنیادنانی کوردستانێکی بەهێز کە دروشمی سەرەکی پارتی بوو لەماوەی پروپاگندەی هەلّبژاردن کەلەخولی ئەم جارەیەدا.

وێرای ئەمەش وای دەبینم بەدەست بەکاربوونی لەم ئەرکەتازەیدا بەرێزیان کاریەکات لەپێناوچارەسەرکردنی کێشەچارەنووسساز و هەلّپەساردراوەکانی نێوان (هەرێم -بەغدا). هەروەهاوەک چەترێک دەمێنێتەوە بۆ کۆکردنەوەی هەموو هێز و لایەنەکان وپێکهاتە ئایینی ونەتەوەیەکان بەبێ جیاوازی کەبەدلّنیایشەوە لەسەرئاستی نێودەندە سیاسیەکانی ناوەخوو عیراق و دەرەوەش پشتگیری لێ دەکرێت کەزۆر بەرونی لەپەیام و بروسکەکانیان بەدی دەکرێت کە بەمەبەستی پیرۆزبایی وپشتگیری ئاراستەی بەرێزیان کردبوو.

بۆیەش گرنگە هەموتاکێکی کوردستان لەئاست هەستیاری ئەم قۆناغەدابن وبەوپەڕی بەرپرسیارەتیەوە مامەلەبکەین وپاڵپشت وپشتیوانی سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان بن لەپێناوئایندەیێکی پرشنگداربۆهەموومان.



کارزان فەتێ

سەردەمێ وەرچەرخان و پێشخستنا هونەرێ کوردی

دهێتە گۆتن، ئەوا ب ڕێکا هونەری بەلاڤ دبیت، سەدان سالّ ب سیاسەت و شۆرەشێن چەکداری بەلاڤ نابیت، واتە ل ژێر ڤێ گۆتنێ ئەم دکارین بێژین، کوردان چەند پێدڤی شۆرەش و بەرخودانێن خوە پاراستنێ بوویە، دوو جاران هندە پێدڤی ب هندێ یە هونەرێ خوە بکەنە خودیکا ژیان و دیرۆکا خوە، ل تەنشت ڤێ گۆتنێ ئەم دکارین تەماشەی ژیوارێ هەرێما کوردستانێ بکەین، بەرهەمێن هونەرییێن کوردی ب بەراورد ل گەل سالێن بەریا سەرهەلدانێ دەربازی قۆناغەکا نوو بوویە، چونکی نێچیرڤان بارزانی د دەمێ دەستهەلاتداریا خوە دا وەکو سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ بیاڤێ کەلتوری و هونەری پشت گوهـ نەخستینە و هەبوونا هژمارەکا زۆر یا چالاکییێن ناڤخوەیی و ناڤدەولەتی ل هەرێما کوردستانێ دیدەڤانیا وێ یەکێنە، کو ل سەردەمێ حکومرانی بارزانی وەکو سەرۆک وەزیر خزمەتەکا بەرچاڤ ب وێ سێکتەرێ کریە، بۆ نمونە: ل دهۆکێ تا نها شەش گەرێن فلمە فەستڤالا نێڤدەولەتییا دهۆکێ هاتیە کرن، ژبۆ پتر پشتەڤانیا فەستیڤالێ ژی گەلەک جاران نێچیرڤان بارزانی بخوە د ڤەکرنا فەستیڤالێ دا پشکدار بوویە، هەروەسا د ڕۆژێن فلمە فەستیڤالێ دا ب دەها فلمێن بیانی و ئەکتەر و سینەماکارێن جیهانێ هاتینە هەرێما کوردستانێ، گەلەک جاران ئەڤ جۆرێن فەستیڤالێ بوویە ئەگەر لۆبیەکا دی یا ناڤدەولەتی ژ بۆ کوردان پەیدا بییت، هەروەسا فلمە فەستیڤالا سلێمانیێ ژی سێ گەرێن خوە کرینە و دەمێ قەیرانێ ژی بەردەوام بوویە گەلەک جاران هاتیە بەر ڕاوەستیانێ، ل دەمێن دوماهیێ نێچیرڤان بارزانی ل هەولێرێ ژی فلمە فەستیڤالا دژە تیرۆرا نێڤ دەولەتی تا نها چار گەرێن وێ هاتینە کرن، هەروەسا دبیاڤێ کەلتوری ژی دا بۆ دەما پێنج سالّانە رانیە کەلتورێن جیاوازیێن گەلێن جیهانێ د هەمبێزا خوە دگریت و د فەستیڤالا کەلتورێن جیاواز نیشان دەدت، شانۆ ژی ئێک ژ وان هونەران بوویە کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ گەلەک گرنگی پێ دا یە و ب پشتەڤانیا خوە ئاستێ وێ هونەرێ گەلەک پێش خستیە، هەبوونا فەستیڤالا هەولێرێ یا شانۆیا نێڤ دەولەتی گرۆڤەیە ل ڤێ گۆتنێ، هەروەسا تا نها چارەدە گەرێن پێشانگەها نێڤدەولەتیا پەرتوکان ل هەولێرێ هاتییە ڤەکرن، ئەڤە سەرەڕاری هەبوونا گەلەک فەستیڤال و چالاکییێن ناڤخوەیی. ل ڤێرێ ئەم دبینین کو کابینەییێن ئێک ل دووڤ ئێکێن نێچیرڤان بارزانی ب تنێ گرتنێ ب وان سێکتەران نەدایە کو دبنە ئە گەرێ ب دەستڤەکا سیاسەت و داهات، بەلکو هونەر و کەلتور ژی ژ بلی داهاتێ مادی، مفایێن سیاسی و مەعنەوی هەنە و ڕوویێ جوانێ هەرێما کوردستانێ نیشان ددن.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (١) هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٤١٦٤٧٤ بەروار ٢٠١٦/١٠/١٣ بەبری ٢,١٥٠,٠٠٠ بەناوی چیاو صدرالدین شریف وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

محكمة المواد الشخصيه فى الشمال

اعلان

الى المفقود/ سليم حسين قاسو

قدم السيد / حميد سليم حسين طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول.

القاضي / عبدالعزيز احمد عزيز

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی (٢) هەولێر ژمارەی پسوولە ١٠٣١٧٥ بەرواری ٢٠١٩/١/٢١ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی ولید سیودین حمدامین وون بوون هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٥٦

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٩

ئاگادارى

لەسەر داواى هاوڵاتى (خدر حمدامين احمد) ميراتگرى (حمدامين احمد عبدالله) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:- لە (حمدامين جبرائيل عبدالله) بۆ (حمدامين احمد عبدالله) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (٧٢) کەرتی ٤/کۆڕی، کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە، پێویستە لەسەر خاوەن داواکە بەڵگەنامەی فەرمی و یاساییەکان لەگەڵ شاهیدەکان و موختاری گوندەکە ئامادە بکات لە رێکەوتی (٢٠١٩/٧/٤) کارەکەمان ئەنجام دەدەین.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

***

سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢ سالّی ١٩٧٧

ژمارە: ١٩٦

رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٧

ئاگادارى

ئاگادارى خاوەن پارچە زەویەکانی ژمارە (٦٨٩) کەرتی ٥/عنکاوە هاوولاتیان (عبدالاحد و بویا و عزیز مندالانی یوسف اللف الخواج سبی حنا بویا و کتی یلدا داودو کە و شیرین جفە و سارا حنا بویا) دەکەبنەوە کەوا لێژنەی بریاری (٢٢٢) سالّی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کوژانەوەی بەشێك لە هەر یەکە لەو پارچە زەویانەی ئامازە پێکراو بۆ بەرژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر جا بە خۆتان یان بریکارداتان ئامادەبن لە رۆژی ٢٠١٩/٧/٩ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکان بەپێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.

د. عبدالرحیم عمر مصطفی/ سەرۆکی لێژنە

***

ئەنجوومەنی کوردستان بۆ پسپۆرپە پزیشکیەکان بەرێوەبەرایەتی کارگێری و سامانە مرۆییەکان

ژمارە: ٩٠٤

رێکەوتی: ٢٠١٩/٦/١٨

بۆ/ فەرمانبەر: (د. شاخوان محمد اسماعیل) بەناونیشانی (مامۆستا)

ئاگادارکردنەوە (اخطار)

دوای دابڕانت لەدەوامی فەرمی لە ٢٠١٩/٦/١٠ داوا لە بەرێزتان دەکەین دەست بەکاربیت لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکەمان لە ماوەی (٧) حەوت رۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێم بیت وە ماوەی (٣٠) سی رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەدەست لەکارکێشاوە دادەنرێیت بەپێی مادەی (١٦) شازدە لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی سالّی ١٩٦٠ راستکراوە.

پ.ی.د. سلیم سعید قادر

سەرۆکی ئەنجوومەنی کوردستان

بۆ پسپۆرپیە پزیشکییەکان/ بەوەکالەت

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی/ میلاکات

ژمارە: ١٠٠/ ٦٣٤٣

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٢

بۆ/ بەرێز (اراس مراد یاقو) (بەستەبەندی پێشکەوتوو) لە (سەرۆکایەتی شارەوانی عەنکاوە)

ئاگادارکردنەوە

لەرێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٨ مۆڵەتی بی موچەت تەواو بووە تاکو ئێستا دەستت بەکارنەکردۆتەوە ئاگادارت دەکەینەوە لەماوەی (٧) حەوت رۆژ ئەگەر لەناو هەرێمی لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە رۆژنامەی خەبات دەست بەکاربکەیتەوە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەراژەت دینین.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

بەرێوەبەری گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:١٨٦٣/ش٢٠١٩/٤

رێکەوت:٢٠١٩/١١/٢٢

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (رغدة میثم احمد) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (محمد ولید صادق) داوای ژمارە (١٨٦٣/ش٢٠١٩/٤)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تصدیق طلاق) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ اسکان) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ راگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/١٥, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە: ٣٥٧/ب٢٠١٩/٥

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (خطاب عمر محمدامین)

ئامازە بە داوای بەرایی ژمارە (٣٥٧/ ب٢٠١٩/٥) کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لەلایەن داواکار (کوردستان فکری عبدالمناف) ئەم دادگایە لە رێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٣) بەپاشملە بڕیاری دا بەپابەندکردنت بەدانی بڕی پارە ١٠٠٠٠٠ سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (١٢٠٠٠٠٠٠٠) سەدو بیست ملیون دیناری عیراقی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنتان نادیارە بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بەپێراگەیاندنتان لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی وە ئێوە مافی نارەزایی اعتراض و تێبینیتان و پێداچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لە بڕیاری پاشملەی دادگا لەماوەی یاسایدا ئەگەر نا بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەر/ کاوە صدیق حسین

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٣٧٨ /ش/ ٢٠١٩

رێکەوتی / ١٨ / ٦ / ٢٠١٩

راگەهاندن

بو / داوالێکراو : همزه حاجی

ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٣٧٨ /ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٦/١٢) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (روندك عبدالجبار عبدالکریم) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامەیێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٢٥٣ /ش/ ٢٠١٩

رێکەوتی / ١٨ / ٦ / ٢٠١٩

راگەهاندن

بو / داوالێکراو: مهدی صالح احمد .

ل دیف داخازیا داواکار یا بەردایا تە (عیشی محمد امین) وکێشا ژمارە (٢٥٣ /ش/٢٠١٩) تێدا داخوازا پیگیریا تە بودانا خەرجی بوری بو کرو و کچیت تە و داواکارێ پیت ناکام (ڤیان و صالح و دلشاد واڤین) ل روژا (٢٠١٨/١٢/٢٢) تا روژا (٢٠١٩/٤/١٦) و پێگیریا تە بو دانا خەرجێ بەردەوام بو ڤان زاروکا ل روژا (٢٠١٩/٤/١٦) و پێگیریا تە بو دانا خەرجێ دایەنی یێ هەیڤانە بو داواکاری و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (درکار) یا ژمارە (٩٠٣) ل (٦/١٣ /٢٠١٦) ونڤیسارا بەربژارێ کومەلگەها (دەرکارێ) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب دوو روژنامێت روژانە دا ئامادەبی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢ /٧/ ٢٠١٩) ل دەمژمێر (٩) سپێدێ یان بریکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار

ژمارە: ٤١٠

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٩

هۆشداری

هۆشدەر/ (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای Down town Erbil)/ سەرەڕای کارەکەی

هۆشداریکراو/ شیروان اسلام عبدالرحمن

بەرێزتان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن پارێزەر (ولید محمود یونس) بریکاری (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای Down town Erbil) بەهۆشداری ژمارە (٣٤٢) لە ٢٠١٩/٦/١٠ لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی ڤیتاڵ و MRF لە (٢٠١٩/٦/١٦) لە رێگای دوو رۆژنامەی فەرمی پێتڕادەگەیەنم هۆشداری بەرێزت دەکەم کەوا تۆ کرێچی بریکاردارمی لە دوکانی ژمارە (١٥٧) نهۆمی (یەکەم) لە باڵەخانەی نیشتمان لە هەولێر بەپرێ کرێی مانگانەی (٨٥٨)$ هەشت سەدو پەنجاو هەشت دۆلار بەپێی گرێبەستی ژمارە (٢) وە لەبەر ئەوەی بەرێزتان کرێی مانگەکانی (ئاب و ایلول و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەم و کانونی یەکەم بۆ ساڵی ٢٠١٦) وە هەروەها مانگەکانی (کانوونی دووەم و شوبات و ئادار و نیسان و ئایار و حوزەیران و تموز و ئاب و ایلول و تشرینی ١ وە تشرینی ٢ و کانونی ١ ساڵی ٢٠١٧) وە مانگەکانی (کانونی دووەم و شوبات و ئادار و نیسان و ئایار و حوزەیران و تموز و ئاب و ایلول و تشرینی ١ وە تشرینی ٢ وە کانونی ١ ساڵی ٢٠١٨) وە مانگەکانی (کانونی دووەم و شوبات و ئادار و نیسان و ئایار و حوزەیران بۆ ساڵی ٢٠١٩) نەداوە لەگەڵ ئەوەی مستەحەق بووە وە دەبێ بیدەی بە کۆمپانیای بریکاردارم بۆیە بەپێی یاسا هۆشداریتان دەکەم کەدەبێت لەماوەی هەشت رۆژ لە رۆژی پێراگەیاندن بەم هۆشداریە کرێیەکانی سەرەوە کە دەکاتە ($٣٠٠٣٠) سی هەزار و سی دۆلار بدەی بە بریکاردارم بەپێچەوانەوە داوای یاساییت لەسەر تۆمار دەکەین لە دادگای تایبەتمەند (هۆشداری کراو پاساوی نییە).

بۆتان کامیران میران

دادنووسی یەکەم

***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە

بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

ژمارە/ ٣٧٢٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٨

جاردان

بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە رێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە) هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٣٥٨/٤٤٥ کەرتی ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (جمال جلال لطیف) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەرژەوەندی خاوەن قەرز (بانکی الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی قەرز بری پارە (١٦٧٢٠٠٠٠٠٠) یەك ملیار و شەش سەدو حەفتا و دوو ملیۆن دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەرێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەرێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەرۆ بۆ زانین کریار بروانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت رەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەرێوەبەر / خسرۆ سعید ادم

بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:١٢٠/ك٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٢

ئاگادارکردنەوە

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سمیر قنبر رشید)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (٤١٣/ج) لەیاسای بنەمای دادگای سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٢ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.

دادوەر / تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارە: ٢٧٩١/ك٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٨

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ئالان حمه غریب محمد شریف ناوی دایکی: الماس

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (کوردستان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / کامل توفیق سعید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٢٤٦٥/ك٢٠١٨

رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٨

بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: ١- کریم خالد اسماعیل ٢- مصطفی احمد حمدون

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٢ ژمارە ٦) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامەی ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمه سور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٣٨٤٥/ج٢٠١٥

رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٨

بۆ/ تۆمەتبارانی راکردوو: ١- نەبەز محمد احمد ٢- فریدون محمد احمد

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامەی ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / شیرین علی حمه سور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارە: ١٤٣٦/ك٢٠١٩

رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٨

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: چۆمان جزاء عمر

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٠/١٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارە: ٥٣٨/ك٢٠١٩

رۆژ: ٢٠١٩/٥/٨

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: رێبوار سردار شکر

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (١٠ف٥) لەیاسای باری کەسێتی وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارە: ٥٠٩/ك٢٠١٩

رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٦

بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: شوان خالد لطیف

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / ازاد اکرم مجید

***

mselect.

بابەت /ئاگاداری

کۆمپانیای MSELECT پێویستی بە کارمەندی(Community Liaison Officer) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر.
ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.

Key requirements:

- University Graduate
- Build and maintain positive relations with local communities, community leaders and local officials to ensure support to IOC's operations in the area.
- Monitor and proactively report to management any community issues that may impact operations.
- Receive and track community complaints and work with relevant IOC employees and contractors to timely address received grievances. Deliver responses to community complaints, queries and requests.
- Update local communities on operations status, milestones, progress and issues as appropriate through informal meetings, one-on-one discussions, town halls or focus groups as necessary.
- Participate in community training and social monitoring exercises as part of community outreach program.
- In coordination with Policy, Government and Public Affairs (PGPA) team assist in identifying opportunities for social investments and implementation of such projects.
- Assist in the development of communications materials.
- Assist in development of and management of stakeholder engagement database.
- Ensure regulatory compliance as required.
- Update the local content sheet and work with IOC service providers at the site and make sure the local hiring process meet the requirement.
- Good knowledge of written and spoken English.
- Good background about Sarta block areas.
- Prior Community Engagement experience.
- Understanding of the community issues, concerns and the local dynamic and leadership/ influencers/ decision makers.

تێبینی:

- ئەمەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە مالپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1342
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.

www.mselect.iq info@mselect.iq

Scanned with CamScanner

دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٥١٧/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٧
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: بێ کەس حسین حمە لاو
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بەکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٥
ژمارە: ١٧٤٧/ك/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سعد ابراهیم رمل
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / بێخاڵ محمد مصطفی
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ١٩٣/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٥/١٢
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگاداکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (یاسین خالد حمد)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٣٣١/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٥/١٢
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگاداکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو (١- اسماعیل سعید مارف ٢- صبریة محمد امین)
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٩/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / سەروەر علی جعفر
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٠١/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٦/١٦
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (عبدالکریم علی رمضان)
جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (کلسن عبدالله سلیمان) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ تێدا داخازا ژیک جودابوون (تفریق) ژتە دکەت وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگاداریا هەلبژیر وەدستەکا هەلبژارتنا پارێزگەها دهوک ل قەزا سیمیلی کمبا پەنابەرێن سوری ل دومیز ١ لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو رۆژنامەیین روژا نەیێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤێ دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/٧/٣ ول بەروڤاژی ڤێ جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەبی وئاشکرایێ هیتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ١٢٣/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/٦/١٩
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (دلوفان ابراهیم حاتم کریم)
جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ب ژێک جودابوون(التفریق) ژتە ئەوا رویدای ناڤبەرا تەو وداواکار (جیلان محمد صالح جوهر) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا هەلبژیر ودەستەکا قەزا سێمێلێ تاخی نەوروز ئەڤ بریار بەلاڤەکر وتە مافێ نەرازیبونێ وپیداجوونێ ل سەر بریاری هەیە بۆ ماوی (١٠) دەە روژا ژبەلافکرنا روژنامێ بەروڤاژی بریار دێ دوماهیک ئیت دەرهەقی تەدا ل دیف یاسایی
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
***
رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١٧/٣٠٠/١/١
رێکەفت: ٢٠١٩/٦/١٧
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنا دوویێ پشتی بریارا هاتیە شکاندن (کسر قرار) رادەگەهینیت کو سەرئیک زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو فروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (١٦٤٩١/١) کەرتێ (٤١) گرێ پانێ ب رووبەرێ (٢٠٧)م٢ هەر کەسێ بڤێت ژوان هاوولاتێن ل دەست پێکێ پشکداری سەرئیک زێدەکرنا فروتنا پارچێ دا کری پشداریێ دڤێ سەرئیک زێدەکرنێدا بکەت لا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ (٢٠٪) ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتی یا باژێرڤانی یا فایدە بکەت د ماوێ ٧ حەفت روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیک زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا فایدە دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٣٠٦/ج/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ ژیان علی ولی
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٣٠٦/ج/٢٠١٨وە پاش دادگاییکردنت بەپاشمە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٢/٢٦ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٢ دوو ساڵ بەپێی ماددەی ٣١/٤٤٤ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی پشداریێ دڤێ سەرئیک زێدەکرنێدا بکەت لا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ (٢٠٪) ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتی یا باژێرڤانی یا فایدە بکەت د ماوێ ٧ حەفت روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئیک زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا فایدە دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداریێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
رێڤەبەرێ گشتی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٨/ج/٢٠١٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/١١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ فتاح سلیمان فتاح
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٨/ج/٢٠١٥ پاش دادگاییکردنت بەپاشمە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٤/٢٩ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٥ پێنج ساڵ و (١) یەك مانگ بەپێی ماددەی ٢٩٨ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٦٥/ج/٢٠١٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ فتاح سلیمان فتاح و اسماعیل محمود رضا
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٦٥/ج/٢٠١٧ پاش دادگاییکردنت بەپاشمە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٤/١٠ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٨ هەشت ساڵ بەپێی ماددەی ٢٨٩ - ٢٩٨ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٦٥/ج/٢٠١٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٦/٩
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ هەڤال حسن محمد حسن
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٦٥/ج/٢٠١٤ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشمە غیابی لەرۆژی ٢٠١٩/٤/١ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی هەتا هەتایە (مؤبد) بەپێی ماددەی (٤٠٥) لەیاسای سزا. بەپێی ماددەی ٤٠٥ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێتان رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕوەردە گرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٦٩/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ خمیس عبدالملك صالح
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٦٩/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٢/دوو سال) بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشمە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٢٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ توانا رفیق رشید
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٢٤/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٢/دوو سال) بەپێی ماددەی (١/٤٥٦) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشمە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٣٥٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نظام عیسی شریف
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣٥٤/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢١ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشمە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٦٠/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: بارزان محمد عمر
ئاگادارکردنەوە
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٠٥/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشمە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی گەلاوێژ) بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٠٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رەوەز محمود اسماعیل
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٠٥/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشمە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی گەلاوێژ) بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٣٥٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ نظام عیسی شریف
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣٥٤/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢١ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشمە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی گەلاوێژ) بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٦٠/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: بارزان محمد عمر
ئاگادارکردنەوە
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٠٥/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال) بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشمە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی گەلاوێژ) بۆیە بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا (٣ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٢٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢١
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ توانا رفیق رشید
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٢٤/ك/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/٢٠ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٢/دوو سال) بەپێی ماددەی (١/٤٥٦) لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشمە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە

cyan magenta yellow black File: P.12-13 fl ˙ Æ˝ ” 2

چیخەف: من ژنێکم دەوێ وەک مانگ وابێت و هەموو شەوێ بەسەر سەرمەوە نەبێت



حەیدەر عەبدولڕەحمان

بە سەرو ریشە ماش و برنجییەکەیەوە هەمیشە جێگەی سرنج راکێشانی ئافرەتان بو، ئەگەر یەکێکیش لەوان لێی پرسیبوایە (ئەرێ کابرا تۆ بە تەمای ژن هێنان نیت؟) شەرم دای دەگرت و ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕا، دەیویست هەر چۆنێ بێت خۆی لە تەنگەتاویەکە رزگار بکات و بە کورتی وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت: ''ئەی قابیلە بە تەما نەبم ؟حەتمەن بە تەمام.. ''کەچی راستیەکەی وا نەبوو، ئەوەندە بیری لەو پرسە نەدەکردەوە، چونکە ئەو دوچاری نەخۆشییەکی کوشندە ببوو، ئامادە نەبوو ئەو خەمانەی خۆی لە گەڵ هیچ کەسێکی تر دابەش بکات، ئەوەتا کاتێ تەمەنی دەگاتە سی و پێنج ساڵی، لە 1897لە نامەیەکیدا بۆ هاوڕێ ی ڕۆژنامەنووسی (ئەلکسی سۆفۆرین) باس لە هاوسەری نموونەیی دەکات و دەنووسێت:



تۆ داوای ئەوە لەمن دەکەیت ژن بێنم، باشە ژن دێنم وەک تۆ ئارەزووی دەکەیت، بەڵام منیش مەرجی خۆم هەیە بۆ هاوسەرگیریی، من ژنێکم دەوێ وەک مانگ وابێت و هەموو شەوێ بەسەر سەرمەوە نەبێت ..

.''لە زۆر شوێنی تردا نا بە دڵی خۆی بۆ نزیک بوونەوە لە ژن نیشان داوە، تا ئەو ڕادەیەی نەفرەت لە هەموویان بکات و دەڵێت: ''دنیا جوانە..بەڵام شتێ هەیە بێزەوەری کردووە ئەویش ئێمەین..

ئەو وا خولقابوو هەمیشە چێژ لە بە تەنیا بوون و سەربەخۆ بوونی خۆی وەربگرێت .. تا ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار ئاشنا بوو بە ئەکتەرەی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی (ئۆلگا لیزناردۆفنا کنیپر)، کە وەک ئەکتەرێکی سەرەکی بەشداری لە دوا بەرهەمی شانۆیی ئەودا کرد،ب ۆ یەکەم جار لە ئافرەت ئالا، ئەو ئافرەتە تەمەنی دەسالان لە چیخەف بچووکتر بوو، بەڵام چیخەف خۆی لە دەست ئەو تەنیاییەی خۆی ڕزگار کردو بە نهێنی هاوسەرگیری لە گەڵدائەنجام دا..

لەو کاتەی کە پەیوەندی ئەفیندارای لە گەڵیدا هەبوو، لە دوو شانۆگەریدا ڕۆڵی تایبەتی بۆ ئەو دیاری کرد، لە شانۆیی لالۆ ڤانیا ـ ڕۆڵی ئەلینای بۆ دانا ، لە سێ خوشکەکانیش ڕۆڵی (ماشا) .''بەڵام بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری نامەیەکی بۆ نووسیووەو دەڵێت: ''زۆر لەو پرۆسە تەقلیدیانەی هاوسەرگیری و هەڵگرتنی شووشە شامپانیاو زەردەخەنەی درۆزنانە دەترسم .

لە ماوەی هاوسەرگیریشی دا،ئەو بە هۆی ئەو نەخۆشیەی دووچاری ببوو ، ئەوەندە لە گەڵ ئۆلگا بە یەکەوە نەبوون، بە هۆی سەرماو سۆڵەوە چیخەف بەرگەی نەدەگرت لە مۆسکۆ بژی و ئۆلگاش هیچ ڕۆڵێکی لە شانۆکانی ڕەت نەدەکردەوە بە هۆی نەخۆشی هاوسەرەکەیەوە، بۆیە داپرانی زۆریان هاتە ڕێ ?ئەگەرچی هاوسەرگیری کردبوو، بەڵام زۆربەی کاتەکان بە تەنیایی و نووسینی تێکستی شانۆگەریەکانی بە سەر دەبرد، لە نامەیەکی تردا بۆ ئۆلگا دەڵێت :

بە دریژایی تەمەنی هاوسەرگیریان قەت ڕەخنەم لە تۆ نواندنەکانت نەگرتووە، بە پێچەوانەوە دڵخۆش بوومە بەوەی تۆ بە دوای گەیشتن بە ئامانجەکانت دا دەگەڕیی، هەر وەک بە گوناهباریشت نازانم کە ناتوانی بەرگەی سەرما و سۆسکۆ بگری و لە گەڵمدا بژی، بەڵام ئێمە هەردووکمان نموونەیەکی جوانی هاوسەرایەتی نیشان دەدین کە هیچمان ڕێگر نین لە بەردەم ئەوی ترماندا بۆ کار کردن، ئەگەر پێکەوەش ناژین ئەمە گوناهی تۆ و گوناهی من نیە ، ئەمە گوناهی قەدەرە کە میکرۆبێکی کوشندەی لە جەستەی مندا چاندووە و تۆی خۆشەویستی بۆ هونەریشی لە دڵی تۆدا.

ئەو چەند ساڵەی لە گەڵ ئۆلگا بوو ، ڕۆژانێکی ساردو سڕ بوون، لە چەندین بۆنەدا چیخەف ئەو ساردو سڕیەی لەبەرچاوگرتنی جیهانی نامادەی بۆ چارەسەری کێشەکانی مرۆڤایەتی، هەوڵێکە بۆ لاوازکردن و بێبەهاکردنی عەقڵی مرۆڤ. کەوایە تەواوی بۆچوونەکانی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و ... دەبێ لە بنەمای بان سروشتی دوور بێت.

نەرمی نواندن: بە ڕەسەنیەتدان بە مرۆڤ، هەموو ڕەفتار و بیروباوەڕی مرۆڤ بایەخدار دەبێ (ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە تا ڕادەیەک لە ژێر کاریگەری شەڕەکانی ئایینزایی سەدەی 16و 17دابوو) تەواوی بیروباوەڕەکان و ئایینزاییەکان تەنانەت ڕێچکەکانی یەکتاپەرستی و بێباوەڕی، ڕەسەن و لادەر لە یەک ڕەگن، کەوایە خاوەنانی ئەوانە دەبێ لەگەڵ یەکدی نەرمی بنوێنن. کۆمەڵگەی کراوە و دیموکراس باشترین دەستەبەری مافەکانی مرۆڤە.

ئۆمانیزم لەلایەنی جۆراوجۆر لقی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە، وەکو ئۆمانیزمی تاکگەرا، کۆگەرا، ئەدەبی، فەلسەفی، ئایینی و بێ دینی و... هەڵسەنگاندن و لیکدانەوە لە عەیبەکانی ئۆمانیزم شیکردنەوەی هەڵەیە لە عەقڵی مرۆڤ: عەقڵی مرۆڤ کە لە گەورەترین بەخششەکانی خوایە، گرنگترین ئامێری ناسینی مرۆڤ دادەندرێ. مرۆڤ بە بەکارهێنانی عەقڵا تێدەگات، چوارچێوەی تێگەیشتنی ئەو بەستراوە بە هەستەکانی ئەو نییە. عەقڵی مرۆڤ چەمکەکانی وەکو "من"، "بوون"، "نەبوون" و رستەکانی وەکو "من هەم"، "بنەمای دڕ بە یەک"و ... کە بنەماکانی میتافیزیکن، بەبێ بەکارهێنانی هەستەکان درک دەکات و بە بنەمادانانی ئەوانە دەرئەنجامی دیکەی لێ دەکەوێتەوە و زانستەکانی عەقڵ و میتافیزیک کە گرنگایەتی زیاتر لە هەستەکانیان هەیە بۆ یەرەو پێشەوە چوونی.

ن: عەبدوللا محەمەدی- و: ئەحمەد حاجی مەولود

ئۆمانیزم

ئۆمانیزم، مرۆڤ سالاری، ڕەسەنایەتی مرۆڤ، خۆبنیاتنەر، قوتابخانەیەک، کە مرۆڤ تێیدا، تەوەری بەدیهاتنە و بە ڕەسەنایەتی دانان بە مرۆڤ، ڕەسەنایەتی خوا، ئایین یان هەر کارێکی نامرۆیی وەلا دەنێ. واتای گشتی ئەو زاراوەیە، بریتیە لە هەر سیستەمێکی فەلسەفی، سیاسی، ئابووری، ئاکاری یان کۆمەڵایەتی، کە کاکڵی سەرەکی ئەو مرۆڤە.

ئەو قوتابخانەیە مرۆڤ وەکو تاکانە ڕاستەقینەی بەدیهاتوو دادەنێ و ئەو لە جیاتی خوا دادەنێ. بۆیە دژ بە خوا ڕەسەنییە و لە شێوازی زیادەڕۆیانەدا، هەر جۆرە ئەندێشەیەکی میتافیزیکی وەکو وەحی ڕەد دەکاتەوە. مرۆڤ وەکو فەرمانڕەوای جیهان، بوویتە بنێ نوێ و دەیانەوێت ئەو بپەرستن. ئۆمانیزم لەڕاستیدا بە واتای پەرستنی مرۆڤە، نەک مرۆڤ دۆستی، یا ڕێزگرتن لە مرۆڤ، کە ئایینە ئاسمانیەکان هانی بۆ دەدەن.

میژوو

میژووی ئۆمانیزم بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە، کە خواییەکان سیفەت و تەنانەت ڕوخساری مرۆڤیان هەبوو و ئەندامی مرۆڤ گرنگترین پرس لە هونەری وێنەکێشان و شێوەکاران بوو. لە دوای سەرهەڵدانی مەسیحیەت و بە فەرمی ناساندنی ئەو ئایینە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بە فەرمانی کونستانتین، دەسەڵاتی سیاسی ژ فەرهەنگی لە تەنشت ڕێبەرایەتی ئایینی، کەوتە دەستی کلێسا. بایەخدان بە مرۆڤایەتی لە سەدەکانی ناوەڕاست، کاردانەوەی زیادەڕۆیانەی ئۆمانیزمی لێکەوتەوە.

هەندێک لە بۆچوون و کرداری دژ بە مرۆڤایەتی کلێسا بریتین لە:

مرۆڤ لە خۆدا بوونەوەرێکی گوناحبارە. مرۆڤ هیچ ئیرادەیەکی لە خۆدا نییە. عەقڵ و زانستی مرۆڤ دژ بە ئایین و هەر کارێکی زانستی دەست تێوەردانی شەیتانە لە کاروباری جیهان و دژ بە بەندایەتییە. ئایین و دنیا، چێژەکانی مەعنەوی و جەستەیی بەردەوام دژ بە یەکن. خەڵک لە بەرامبەر بیروباوەڕی خۆیان ئیرادەیەکیان لە بەرامبەر کلێسا نییە. خاوەنی ئاسمان، لێبوردەیی گوناحەکان، فرۆشتنی زەوی بەهەشت لە دەستی کلێسادایە.

بەهۆی ئەو زیادەڕۆیانە و لەبەرچاونەگرتنی کەرامەتی مرۆڤ، یەکەم کاردانەوە دژ بە کلێسا ، ئیمپراتۆریەت و دەربەدەگەکان لە باشوری ئیتالیا دەستپێکرد و لە سەدەی 14تا 16تەواوی ئیتالیا و دوایی ئەڵمانیا ، فەرانسە، ئیسپانیا و بریتانیای گرتەوە.

نەیاران، بانگەشەی زیندووکردنەوەی ڕێزی مرۆڤیان دەکرد و سەرەتا بە زیندووکردنەوەی ئەدەبیاتی کۆنی ڕۆم و یۆنان، هەوڵی گەڕانەوەی ئازادی لەدەستچوویان دەدا. ئەوان بە پشتبەستن بە ئازادی عەقڵ و دژایەتی بە ڕەنجکێشانەکانی ئایینی، دەیانویست تا چێژە جەستەیەکان کە کلێسا چاوپۆشی لێکردبوون، کردیانە ئامانجی مرۆڤ و دوورەپەرێزیان بەهۆکاری نەرینی لەبەدەستهاتنی چێژ دادەنا.

کەم کەم ئایین دژ بە ئازادی مرۆڤایەتی و تەنیا وەکو ئامێرێک بۆ خزمەت بە ئارەزووەکانی ئەو شیدەکرایەوە. جیهانی شاراوە لە بیرکرایەوە و ماددەگەری بنەمای کارەکان دانەدرا و لە کۆتایی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئایین و دنیا چێژەکانی دنیا هەڵبژێردرا.

گرنگترین بنەماکانی هزری ئۆمانیزم بریتین لە:

بنەمادانانی مرۆڤ لە بەرامبەر بنەمادانانی خوا: مرۆڤ تەرازوی هەموو کار و بارێک و ناوەندی جیهانە. خاوەنی ڕەهای جیهانە. تەواوی کاروبارەکان دەبێ لەلایەن ئەو بەهای بۆ دابندرێ. هەرچەند هەندێک لە بۆچوونەکانی ئۆمانیستی قسە لە ئایین و باوەڕ بە خوا دەکەن، بەڵام ئەو باوەڕە تەنیا بۆ تێکنەچوونی کۆمەڵگەیە. لەو بۆچوونانەش ئۆمانیستەکانی خواپەرست مرۆڤ و ئازادی ئەو ئامانج و ناسینی خوا بە ئامێرێک دەدەنێن.

داکۆکی لەسەر ئازادی و بڕیاردانی مرۆڤ: هێز و چارەنوسی مرۆڤ دراوەتە دەستی خۆی و دەسەڵاتداریەتی خوا ڕەد دەکرێتەوە. تاکەکان لە کوت و زنجیری ئایینی ئازادن و دەتوانن بەسەر ئایین، میژوو، سروشت و دەوڵەتدا زاڵ بن.

عەقڵی سەرووتری مرۆڤ: عەقڵی مرۆڤ لەگەڵ عەقڵی خوا بەرامبەرە و ڕەنگە لە سەرووی ئەو بێت، عەقڵی مرۆڤ ڕێبەرایەتی مرۆڤایەتی لە ئەستۆ دەگرێت و ئایین لە فەرماندەیی و ڕێبەرایەتی لا دەبات. عەقڵی ئۆمانیستی، عەقڵی خوبنیاتنەر و بێنیاز لە وەحیە.

سروشتگەرایی: سنووری مرۆڤ سروشتە و ئەو بە هەستەکانی خۆی دەتوانێ پەیوەندی پێوە بگرێت. بۆیە میتافیزیک و شتی شاراوە بچوک کراوەتەوە و لەبەرچاوگرتنی جیهانی نامادەی بۆ چارەسەری کێشەکانی مرۆڤایەتی، هەوڵێکە بۆ لاوازکردن و بێبەهاکردنی عەقڵی مرۆڤ. کەوایە تەواوی بۆچوونەکانی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و ... دەبێ لە بنەمای بان سروشتی دوور بێت.



Jumbo

ئۆمانیزم بە ڕەسەن دەزانێ و بڕیاردانی مرۆڤ: هێز و چارەنوسی مرۆڤ دراوەتە دەستی خۆی و دەسەڵاتداریەتی خوا ڕەد دەکرێتەوە. تاکەکان لە کوت و زنجیری ئایینی ئازادن و دەتوانن بەسەر ئایین، میژوو، سروشت و دەوڵەتدا زاڵ بن.

عەقڵی سەرووتری مرۆڤ: عەقڵی مرۆڤ لەگەڵ عەقڵی خوا بەرامبەرە و ڕەنگە لە سەرووی ئەو بێت، عەقڵی مرۆڤ ڕێبەرایەتی مرۆڤایەتی لە ئەستۆ دەگرێت و ئایین لە فەرماندەیی و ڕێبەرایەتی لا دەبات. عەقڵی ئۆمانیستی، عەقڵی خوبنیاتنەر و بێنیاز لە وەحیە.

سروشتگەرایی: سنووری مرۆڤ سروشتە و ئەو بە هەستەکانی خۆی دەتوانێ پەیوەندی پێوە بگرێت. بۆیە میتافیزیک و شتی شاراوە بچوک کراوەتەوە و لەبەرچاوگرتنی جیهانی نامادەی بۆ چارەسەری کێشەکانی مرۆڤایەتی، هەوڵێکە بۆ لاوازکردن و بێبەهاکردنی عەقڵی مرۆڤ. کەوایە تەواوی بۆچوونەکانی ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و ... دەبێ لە بنەمای بان سروشتی دوور بێت.

نەرمی نواندن: بە ڕەسەنیەتدان بە مرۆڤ، هەموو ڕەفتار و بیروباوەڕی مرۆڤ بایەخدار دەبێ (ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە تا ڕادەیەک لە ژێر کاریگەری شەڕەکانی ئایینزایی سەدەی 16و 17دابوو) تەواوی بیروباوەڕەکان و ئایینزاییەکان تەنانەت ڕێچکەکانی یەکتاپەرستی و بێباوەڕی، ڕەسەن و لادەر لە یەک ڕەگن، کەوایە خاوەنانی ئەوانە دەبێ لەگەڵ یەکدی نەرمی بنوێنن. کۆمەڵگەی کراوە و دیموکراس باشترین دەستەبەری مافەکانی مرۆڤە.

ئۆمانیزم لەلایەنی جۆراوجۆر لقی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە، وەکو ئۆمانیزمی تاکگەرا، کۆگەرا، ئەدەبی، فەلسەفی، ئایینی و بێ دینی و... هەڵسەنگاندن و لیکدانەوە لە عەیبەکانی ئۆمانیزم شیکردنەوەی هەڵەیە لە عەقڵی مرۆڤ: عەقڵی مرۆڤ کە لە گەورەترین بەخششەکانی خوایە، گرنگترین ئامێری ناسینی مرۆڤ دادەندرێ. مرۆڤ بە بەکارهێنانی عەقڵا تێدەگات، چوارچێوەی تێگەیشتنی ئەو بەستراوە بە هەستەکانی ئەو نییە. عەقڵی مرۆڤ چەمکەکانی وەکو "من"، "بوون"، "نەبوون" و رستەکانی وەکو "من هەم"، "بنەمای دڕ بە یەک"و ... کە بنەماکانی میتافیزیکن، بەبێ بەکارهێنانی هەستەکان درک دەکات و بە بنەمادانانی ئەوانە دەرئەنجامی دیکەی لێ دەکەوێتەوە و زانستەکانی عەقڵ و میتافیزیک کە گرنگایەتی زیاتر لە هەستەکانیان هەیە وەدیدێ.

هەر ئەم عەقڵە بە یارمەتی رستەی بەڵگەنەویست، بنەما سەرەتاکانی ئایین وەکو یەکتاپەرستی و ڕۆژی پەسلان دەسەلێنێ و بە باشی بڕیار دەدات، کە لە کاروبارێک کە پەیوندی بە بەختیاری و بێبەختی هەتاهەتایی مرۆڤ هەیە بێ ئاگایە و پێویستی بە کەسێکە، کە ئەو لەو کارانە ئاگادار بکاتەوە. (پێغەمبەر) بە وردبوونەوە لە سیفەتی خوا و مرۆڤ، شوێنی مرۆڤ لە بەرامبەر خوا بەڕاستی دەزانێ. ئەوە تایبەت بە ئایینێک نییە. بەڵام ئۆمانیزم بە لەبەرچاونەگرتنی ڕەهەندەکانی تێگەیشتنی عەقڵ، مرۆڤ لە گرنگترین و چارەنووسسازترین زانستەکان بێ بەش بکات. لەلای دیکەوە پشتبەستن بە عەقڵ و زانستی مرۆیی کارێکی نادروستە، کە ئەمڕۆ لە ڕۆژئاواش ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە نەیاری زۆری هەیە.

ئۆمانیزم لە ڕوانگەی هەڵەی خۆی، ئایین کە بەرنامەی بەختیاری دنیا و پەسلانی مرۆڤە دژ بە ویستی خۆی دەزانێ و ئازادی ئەو لە بێ دینی دادەنێ و مرۆڤ لە وەحی بێبەش دەکات.

لەبەرچاوگرتنی لایەنی زەوینی و ماددی مرۆڤ، مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی یەک لایەنە و وەکو بوونەوەرێک دەناسێنێ کە بایەخێکی زیاتر لە چێژی ماددی نییە.

دەرئەنجامی ڕوونی مرۆڤ تەوەری لە سەدەکانی دوایی، لەنێوچوونی بەها ئاکاریەکان، لەلایەک و گەشەکردنی زیادەڕۆیانەی بە پیشەیی بوونە لە لایەکی دیکەوە، زیادبوونی جیاوازی چینایەتی و لەنێوچوونی مافی هەژاران، بەرچاوترین دەرئەنجامی بە پیشەییبوونە.

لەبەرچاو نەگرتنی سنووری ئازادیە مرۆییەکان و زیادەڕۆیی تێیدا، بە بیانوی کەرامەتی مرۆیی، بووە هۆی جۆرێک سەرەڕۆیی و دەسەڵات خوازی و سەرکێشی لە بەرامبەر مرۆڤەکانی دیکە و لەلایەکی دیکەوە پەیوندی بەندایەتی نێوان مرۆڤ و خوا وەلا دەنێت.

مۆسکۆ بەشداری شانۆیی باغی گێلاسی کرد.
لە ئەنجامی ئەو ڕۆڵە کاریگەرانەی ئۆلگا لە شانۆی ڕووسیدا بینی، چەندین خەڵاتی ڕێز لێنانی پێ بەخشراوە، لەوانە خەڵاتی نازناوی (هونەرمەندی گەل لە ڕوسیا)

لە 22ی ئاداری 1959 ماڵئاوایی لە دنیادا کردووە.

ئەوەی وای کردووە چیخەف هۆگری ئۆلگا بێت، تەنیا نواندنەکەی بووە، کە نەک هەر لای چیخەف بە تەنها بەڵکو لای ستانسلافسکیش بە هەمان شێوە.

ئەو دوو هاوسەرە کارەکانیان لە سەرووی ڕۆتینیاتی ژیانی هاوسەریەتی داناوە، ئەو ئامانجانەی هەیان بووە بۆ خزمەتی شانۆ(چیخەف بە نووسین و ئۆلگا بە نواندن) بە لایانەوە گرنگتر بووە لە هەر کۆتو پێوەندێکی تر کە ببێتە مایەی سارد بوونەوە لە کارەکانیان، چیخەف لە چەندین نامەدا ئەو حەماسە جوانەی ئۆلگای بۆ نواندن بە بەرزی نرخاندووە، وەک ئۆلگاش بە هەمان شێوە هەمیشە هەموو ئازاردییەکی بە چیخەف بە خشیووە و هەموو هەوڵی مەرجێکی بۆ ڕەخساندووە بۆ بەردەوام بوون لە نووسین، چونکە ئۆلگا بە هۆی دەقەکانی چیخەف بوو بە ناسراوترین ئەکتەرو خاوەنی زۆرترین هەواداران، بۆیە ئەگەرچی ئۆلگا خۆی وەک ئەکتەر توانستێکی گەورەی هەبوو لە نواندن دا بەڵام چیخەف یاریدەدەرێکی باش بوو بۆ بەرەو پێشەوە چوونی.


cyan magenta yellow black File: P.12-13 fl ˙ Æ˝ ” 3

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/6/20 ژمارە (5772)

لە سێهەمین ساڵیادی ژیانئاوایی، زانا و نوێخوازی ئایینیی پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی دا

عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ئەحمەد ئاوایی
ماستەر لە ژیان و تێژینەوە قورئانییەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، لە زانکۆی سلێمانی

ئەم ساڵ 4/6/2019 سێهەمین ساڵیادی کۆچی دوایی زانا و نوێخوازی ئایینیی پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی یە، کە بیر و هزر و ئەندێشەکانی ئەو مرۆڤا و لەم سەردەمەدا لە زۆرترین پێویستییەکانی کۆمەڵگەی ئایینێن لە ڕۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی جیهانی ئیسلامی، کە بەهۆی بیری تووندڕەوییەوە – ئەو بیرەی بەتەواوەتی پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی ڕەتیدەکردەوە– جیهانی ئیسلامیی گیرۆدەی گەورەترین قەیران کردووە لە مێژووی خۆیدا، بۆیە لەم بۆنەیەدا و لەم بەرکوڵەدا پوختەیەک لە ژیان و بیروڕا و چالاکییەکانی وەبیردەهێنینەوە.



پوختەیەک لە بیۆگرافیای، پرۆفیسۆر دکتۆر مستەفا زەڵمی:

یەکەم: ناو و ڕەچەڵەک و نازناوی:

ناوی تەواوی ئەم زانایە، مستەفای کوڕی ئیبراهیمی کوڕی صۆفی حەمەمینی کوڕی جوانمێری کوڕی ڕەجەب ئاغای کوڕی یەحیا ئاغایە، کە لە بنچینەدا دانیشتوی گوندی (بڵبەر) بوون، لە ناوچەی هەورامانی کوردستانی ئێران، دایکی ناوی (ڕێحان)ە، کچی حەمە سەلیم، لە نەوەی (موسابەگ)، لە هۆزی (بەگزادە)، کە دانیشتوی ناحیەی (خورمال) بوون، لە ناوچەی هەورامانی کوردستانی عێراق، و هۆکاری بەکارهێنانی نازناوی (زەڵمی)، ئەوەیە کە بنەماڵەی ئەم زانا مەزنە نزیکەی دوو سەد ساڵ پێش ئێستا هاتوونەتە گوندی (زەڵم)، لە بناری هەورامانی کوردستانی عێراق، و لەوێ گیرساونەتەوە، بۆیە ئەو نازناوەی بۆ خۆی بەکارهێناوە.

دووەم: لەدایکبوون و گەورەبوونی:

دکتۆر مستەفا زەڵمی، لە ساڵی 1924 لە گوندی (زەڵم)، لە بناری هەورامانی کوردستانی عێراق، لە دایک بووە، و لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا پەروەردە بووە، سەرەتای دەستکردنی بە خوێندن، هەر لە گوندەکەیان لە لای (میرزا فتح الله لهۆنی)، بووە، لە ساڵی 1934 وپاشان ڕووی کردۆتە شارۆچکەی خورماڵ و لە حوجرەی مزگەوتی گەورە و دێرینی ئەو شارۆچکەیە لە خزمەت زانای مەزن مامۆستا مەلا سەید عارفی چۆڕپدا گیرساوەتەوە، کە خزمی باوکی بووە، لەوێ دەستی کردووە بە خوێندنی کتێبە سەرتاییەکانی ئەو سەردەمەی حوجرە، وەک (گوڵستان) و پەرتووکە گچکەکانی ڕێزمانی عەرەبی. پاشان لە گەڵ مەلا مەحموودی سەرگەتیی هاوڕێدا ڕووی لە شاری سلێمانی کردووە و لە حوجرەی مزگەوتی (حاجی خان) دامەزراوە، پاشان ئەم زانا مەزنە کەوتۆتە گەڕان بە شوێن دەستخستنی زانستدا. لەماوەی خوێندنیدا، نزیکەی 16 مەدرەسە و حوجرەی ئایینی گەڕاوە، بەم ڕێزبەندییەی لای خوارەوە:

گوندی زەڵم.
شارۆچکەی خورماڵ.
گوندی دەرشیشی سەروو.
شاری سلێمانی.
گوندی عەبابەیلێ.
خانەقای بیارە.
خانەقای تەوێڵە.
شاری پاوە.
گوندی دەگاگا.
گوندی شوێ.
گوندی دیبۆکرێ.
گوندی کانی سپیکە _لە ناوچەی شنۆ و لاجان ژ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
گوندی بالک.
شاری سنە.
گوندی گەلاڵە
شاری کۆیە.

تا دواجار، لە شاری کۆیە، جێگیر بووە، و لە لای مامۆستا مەلا نوری جەلی زادە، بۆ ماوەی سێ ساڵ خەریکی خوێندن بووە، پاشان بڕیاری داوە بچێتە شاری هەولێر، لەدایکبووی ساڵی 1948دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری، و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا، لە (بەڕێوەبردنی کار)، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

2- مەسعود، لەدایکبووی ساڵی 1951 دەرچووی کۆلێژی مافی، زانکۆی سەڵاحەددین.

3- فەوزیە، لەدایکبووی ساڵی 1953 دەرچووی پەیمانگای هونەری ماڵی، زانکۆی بەغدا.

4- ئەسعەد، لەدایکبووی ساڵی 1955 دەرچووی کۆلێژی یاسا، زانکۆی بەغدا.

5- عبدالناصر، کە ناسراوە بە (شاهۆ)، لەدایکبووی ساڵی 1957 ماستەر لە هونەری سینەمایی، ئێستایش خوێندکاری دکتۆرایە، لە هەمان پسپۆڕی خۆی، لە زانکۆی بەغدا، هەروەها مامۆستای هونەرە جوانەکانە، لە زانکۆی سەڵاحەددین.

6- گەلاوێژ، لەدایکبووی ساڵی 1958 خاوەنی دکتۆرایە، لە یاساوا، مامۆستایە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەڵاحەددین.

7- هۆشیار، لەدایکبووی ساڵی 1963 دەرچووی ئامادەییە، لە تاراوگە دەژی.

8- نیشتیمان، لەدایکبووی ساڵی 1964 ڕاهێنەرە لە بەشی چاودێری کۆمەڵایەتی ژ 1968 بڕوانامەی ماستەری لە شەریعەتی ئیسلامیدا، هەر لە زانکۆی بەغدا، بەدەستهێناوە، کە ناونیشانی ماستەرنامەکەی (مَدي سلطان الاراده فی الطلاق فی الشرائع والقوانین والأعراف خلال أربعه الاف سنه) بووە، و (الشیخ عبدالرحیم کُشک)، سەرپەرشتیاری بووە. لە ساڵی 1971بڕوانامەی ماستەری لە فیقهی بەراوردکاری نێوان شەریعەت و یاسا، لە زانکۆی ئەزهەر بەدەستهێناوە. لە ساڵی 1973بڕوانامەی ماستەری لە یاساوا، لە زانکۆی ئەزهەر وەرگرتووە. تا دواجار لە 9ژ 9 -1975 بڕوانامەی دکتۆرای لە فیقهی بەراوردکاری نێوان شەریعەتی ئیسلامیی و یاساوا، لە زانکۆی ئەزهەر، بە پلەیەکی بەرز بەدەستهێناوە، کە ناونیشانی تێزەکەی (أسباب أختلاف الفُقَهاء فی الأحکام اَلشَرعیّه) بووە. پاشان لە ساڵی 1976 گەڕاوەتەوە بۆ عێراق. لە ساڵی 2005 یشدا، دکتۆرای، لە یاساوا، لە کۆلێژی یاسای زانکۆی (بەغدا)، بە پلەی (نایاب)، بە دەستهێناوە. تا ساڵی 2007کە خانەنشین کراوە، لە زانکۆکانی ووڵاتدا وانەی گوتووەتەوە.

سێیەم: بنەماڵەکەی و هاوسەرگیری کردنیی و منداڵەکانی:

شایەنی باسە، کە (مەلا بڕایم)ی، باوکی دکتۆر مستەفا زەڵمی، خوێندەواریەکی مامناوەندیی هەبووە. لە ڕێزبەندی خوێندنی جاراندا، تا پەڕتووکی (ئیڤهار)، و (شەرحی مەلا جامی)، خوێندووە، بەڵام بە هۆی ئەو گرانیی و قات و قڕییەی کە بە هۆی شەڕی جیهانیی یەکەم، لە ساڵی 1914 داکەوتووە، وازی لە خوێندن هێناوە و دەستی کردووە بە کارکردن، بۆ بەدەستهێنانی بژێوی خۆی و خانەوادەکەی. پاشان سەبارەت بە دکتۆر مستەفا زەڵمی، ئەو لە تەمەنی 22 ساڵیدا، و دوای تەواوکردنی خوێندنی ئایینی لەو سەردەمەدا لە 25 ژ7- 1946 مێژووی ژ لە گەڵ ئامۆزای خۆی (مەعصومە عبدالقادر)، زەماوەندی کردووە، کە ئەم کوڕ و کچانە بەرهەمی حەفتا ساڵ ژیانی پێکەوەیی ئەم دوو هاوسەرەیە:

1- موحەممەد، لەدایکبووی ساڵی 1948دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری، و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا، لە (بەڕێوەبردنی کار)، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

2- مەسعود، لەدایکبووی ساڵی 1951 دەرچووی کۆلێژی مافی، زانکۆی سەڵاحەددین.

3- فەوزیە، لەدایکبووی ساڵی 1953 دەرچووی پەیمانگای هونەری ماڵی، زانکۆی بەغدا.

4- ئەسعەد، لەدایکبووی ساڵی 1955 دەرچووی کۆلێژی یاسا، زانکۆی بەغدا.

5- عبدالناصر، کە ناسراوە بە (شاهۆ)، لەدایکبووی ساڵی 1957 ماستەر لە هونەری سینەمایی، ئێستایش خوێندکاری دکتۆرایە، لە هەمان پسپۆڕی خۆی، لە زانکۆی بەغدا، هەروەها مامۆستای هونەرە جوانەکانە، لە زانکۆی سەڵاحەددین.

6- گەلاوێژ، لەدایکبووی ساڵی 1958 خاوەنی دکتۆرایە، لە یاساوا، مامۆستایە لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەڵاحەددین.

7- هۆشیار، لەدایکبووی ساڵی 1963 دەرچووی ئامادەییە، لە تاراوگە دەژی.

8- نیشتیمان، لەدایکبووی ساڵی 1964 ڕاهێنەرە لە بەشی چاودێری کۆمەڵایەتی ژ





داوەی ڕێزێمی عێراق ئاگادار بێت و تێی نەکەوێت. پاشان د. مستەفا زەڵمی و مەلا محەممەد عەلی کوڕی مامۆستا مەلا موحەممەدی ڕەئیس و دکتۆر محەممەد شەریف دەچن و دەگەنە ئەوێ و (ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم) دەبینن، و لە دۆزەکە حاڵی دەکەن، بۆیە (ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم) نەک هەر لە دەکات. بۆیە دەکرێت ئەم گەشتەی مەهاباد و بینینی پێشەوا قازی محەممەد و ئەو سەرۆکوەزیرانەی تر بە یەکەم وێستگەی فکری سیاسیی د. مستەفا زەڵمی هەژمار بکەین.

وێستگەی دووەم: ڕاسپاردنی زەڵمی وەک هەڵسوڕاوێکی دیبلۆماسی و سیاسیی لە لایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە بۆ دیداری ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم:

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول، ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق، وێستوێەتی فەتوایەک بە مەرجەعی باڵای شیعەکان (ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم) دەربکات، کە تیایدا کورد بە بێ باوەڕ و هەڵگەڕاوە لە ئایین پێناسە بکات و سەرومااڵیان حەڵاڵ بکات، بەوەی کە بوونەتە شیوعیی و هەڵگەڕاونەتەوە لە ئیسلام، بەڵام پێش دەرچواندنی فەتواکە، (مەلا مستەفای بارزانی)، د. مستەفا زەڵمی ڕادەسپێرێت کە لە گەڵ چەند کەسایەتییەکی ئایینیی تر بچنە لای (ئایەتوڵڵا موحسین ئەلحەکیم) و بارودۆخەکەی تێ بگەیەنن، و ئاگاداری بکەنەوە کە لەم دەرچواندنی فەتوایەکی لەو جۆرە پەشیمان دەبێتەوە، بەڵکو دەبێتە دۆستێکی زۆر نزیکی کورد، و پێیان ڕادەگەیەنێت کە سڵاوی ئەو بە (مەلا مستەفای بارزانی) بگەیەنن، و دەڵێت: من بە ماددی و مەعنەوی پشتیوانتانم. دەستتان خۆش بێت کە بێدارتان کردمەوە لەم تۆمەتە ناڕەوایە. ئەم دۆستایەتییەیشی تا کۆچی دواییشی هەر بەردەوام بوو، بۆیە دەکرێت ئەو پەیوەندییەی کە بە ئێستایشەوە لە نێوان کورد و شیعەی عێراقدا هەیە بزانین کە ئەندازیار و دیپلۆماتکارە ووریا و داڕێژەرەکەی جەنابی د. مستەفا زەڵمی بووە.

وێستگەی سێیەم: د. مستەفا زەڵمی، وەک هەڵسوڕاوی دیپلۆماسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول لە قاهیرە:

وەک د. مستەفا زەڵمی خۆی لە چەندەها جێگا جەختی لە سەر ئەوە کردۆتەوە، کە هەرگیز حیزبی نەبووە، بەڵام بەردەوام وەک دڵسۆزێکی گەلەکەی کاری کردووە، بۆیە هەر لەم سۆنگەیەوە و لە ماوەی مانەوەیدا لە قاهیرە و لە سەر داوای قوتابیانی کورد لەوێ، وەک هەڵسوڕاوی دیپلۆماسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی شۆڕشی ئەیلول لە قاهیرە دەستیبەکارکردووە، و ئەوەی لە سەر شانی بووە بە باشترین شێواز ئەنجامیداوە. تەنانەت وەک خۆی باس دەکات لە کاتێکدا یەکێک لە سەرکردەکانی شۆڕش سەردانی قاهیرە دەکات، و کۆڕێک دەگرێت، لەو کۆڕەدا د. مستەفا زەڵمی پێشبینی گەلەکۆمەی دوژمنانی کورد لە سەر شۆڕش دەکات، و هەرچەندە ئەو بەرپرسە باوەڕ بە پێشبینییەکە ناهێنێت، بەڵام بە کردەوە دوای ماوەیەک هەرەسی کارەساتاوی شۆڕشی ئەیلول ڕوو دەدات، و پێشبینییەکەی د. مستەفا زەڵمی وەک خۆی دێتە دی.

کۆچی دوایی: دواجار ئەم زانا و موجتەهیدە بوێرەی ووڵاتی کوردەواری لە بەروارى 4/6/ 2016 لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد. هەر هەمان ڕۆژ لە ئارامگایەکی تایبەت بە خۆی لە ناو (سەنتەری ڕوناکبیری دکتۆر مستەفا زەڵمیی) لە شارۆچکەی خورمالی ناوچەی هەورامانی مەڵبەند و زێدی خۆیدا ئەسپەردە کرا.

د. مستەفا زەڵمی، لەجیهانبینی نووسەر و ئەدیب (مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی)دا:

نەلەخشاوی و نیشتیمانپەروەریی: د. مستەفا زەڵمی، بە هۆی ئەو زانستە فراوانە و توانا مەزنەوە کە هەیبوو، و بە هۆی ئەو ڕێزە زۆرەی کە لە لای سەرکردەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا و بە تایبەتی سەرۆکەکەی (صەددام حسێن) هەیبوو، لە کارووبارەکاندا ڕاوێژیان پێدەکرد، و لە زانکۆ و پەیمانگا باڵاکاندا و لە کۆڕ و کۆبوونەوە تایبەتەکاندا ووتاری هەبوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانەیش ئەم حاڵەتانە کاریان لەم پیاوە مەردە نەکرد، و هەرگیز ئەوەی لە بیر نەچوو کە ئەو ڕۆڵەی گەلێکی ستەملێکراو و بەشخوراو و ئاوارەیە، کە گەلەکەی ڕووبەڕووی تووندوتیژی و ستەم و بێ بەشکردن لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی دەبێتەوە، جا ئەگەر نەیتوانی بێت، کە دەنگی بەرز بکاتەوە لە پێناویاندا، و یان لە ئێش و ئازارەکانیان کەم بکاتەوە، ئەوا هەرگیز هاوکاری جەللادەکانی ئەو ڕژێمەی نەکرد لە تاوانەکانیان، ژ سەرەڕای ئەو ڕێزە زۆرەی کە دەیانگرت–، وەک هەندێ لە هاوڕێ نزیکەکانی کردیان! بۆیە زۆرجار کە پێکەوە دادەنیشتین و سەرجەمی ئامادەبووانی کۆڕەکە متمانەدار بوونایە، ئیتر دکتۆر دەستی دەکرد بە باسکردنی خراپەکاری و ستەمی ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرە، تا ئەوەم بە بیر دێت ڕۆژێکیان لە ماڵیان بووین، لە حەوشەکەیاندا لە گەردکی زەیتونەی شاری بەغدا لە سەر کورسی دانیشتبووین، لە کاتی شەڕی عێراق ژ ئێران دا. ئێران جارووبار موشەکی ئاراستەی بەغدای پایتەخت دەکرد، ئێمەیش پێمان خۆش بوو، و ئومێدەوار بووین، ڕژێمی صەددام زیانمەند بێت و بڕووخێت، جا ئەو ڕۆژە موشەکێک لە نزیک ماڵی دکتۆر کەوتە خوارەوە و زۆر بەهێز بوو، تەنانەت شوشەی پەنجەرەکانیان هاریان کرد و کەوتنە خوارەوە، و دکتۆریش لە سەر کورسییەکەی لە تونڈی هێزی هەوای موشەکەکە کەوتە خوارەوە، و لەم کاتە ناوەخت و ترسناکەدا، دکتۆر فەرمووی: (ئۆخەی)! لە خۆشی ئەوەدا کە زیانمەندیی و مەرگی ئەو ڕژێمە وا نزیک بۆتەوە، خەمی خۆی و خانووەکەی نەبوو!

ژێدەرەکان:

1- (جهود الدكتور مصطفى الزلمي و منهجه فى الدراسات القرانييه): نامەی ماستەری (عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی) لە (پسپۆرایەتی ڕاقەی قورئانی پیرۆز و زانستەکانیدا)دا، کە پێشکەش کراوە بە دەستەی سەرۆکایەتی سکوڵی زانستە ئیسلامییەکان، لە زانکۆی سلێمانی، بە سەرپەرشتی بەڕێز (دکتۆر ئیسماعیل موحەممەد جەلال)، و لە ڕۆژی ((7/1/2016تاووتوێی تێزەکە کراوە، و بەپلەی (زۆرباشە) پەسەند کراوە.
2- (ژیان و بیروڕاکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی، ساڵی ((2017لەلایەن (دەزگای ڕێنما ژ چاپخانەی گەنج) چاپکراوە.
3 -(کاروانی ژیانم، یادداشتەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی، دوو بەرگ، چاپی ئێران).
4 - (لا قتل للمرتد غير المفسد فی القران، نووسینی: دکتۆر مستەفا زەڵمی).

هەڕێم کەلاری: جارێ بڕیارم نەداوە کە لەگەڵ یانەی چەمچەماڵ دەمێنمەوە

کارزان کانەبی

یانەی چەمچەماڵ ئەمساڵ دوای چاوەڕوانی بۆ ماوەی چوار ساڵ توانی خەونەکەی بهێنتە دێ و جارێکی تر بگەڕێتەوە ریزی یانەپلە یەکەکانی کوردستان، دوای ئەوەی بە بڕیارێکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دابەزێنرابوو بۆ خولی پلە دوو، ئەم وەرزەش کارگێڕی یانەکەش ئەرکی مەشقدانەوەی دایە هەڕێم کەلاری یاریزانی پێشووی یانەی نەورۆز، ئەم وەرزەش کەلاری توانی جارێکی تر یانەکە بە پلەی یەکەم بگەڕێنێتەوە ریزی یانە پلە یەکەکان و خەونی کارگێڕی یانەکە و هاندەرانی وەرزشی هێنایە دی، لە بارەی ئەم دەستکەوتەش هەڕێم کەلاری راهێنەری یانەی چەمچەماڵ بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی: سەرکەوتنی یانەی چەمچەماڵ بۆ ریزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ چەمچەماڵ و هاندەرە خۆشەویستەکانی، گوتیشی: لە بەرنامەی خۆم بەردەوام دەبم لە بواری راهێنەریدا، بەڵام بۆ ئایندەی خۆم جارێک هیچ بڕیاری ئەوەم نەداوە لەگەڵ یانەی چەمچەماڵی خۆشەویست دەمێنمەوە یاخود نا، لە داهاتوودا بڕیاری کۆتایی خۆم دەدەم، ئەمسالێش بە پاڵپشتی هەموو لایەک توانیمان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەین لە خولی پلە دووەکان و ئاستی یانەکانیش باش بوو.

فۆتۆ: هێنەر یەعقوب



یونس شوکر بڕیاری نەداوە

کارزان کانەبی

دوای ئەوەی بۆ ماوەی چەند وەرزێک لە ریزی یانەی وەرزشیی هەولێر لە هەردوو خولی نایابی عێراق و کوردستان یاری بۆ یانەکە کردووە و یەکێک بوو لەو یاریزانانەی کە توانیان یانەکە جارێکی تر بۆ خولی نایابی عێراق سەربخەنەوە، بەڵام ئەم وەرزە لەگەڵ هیچ یانەیەک دەرنەکەوت، یانەی شەقلاوەش ئەم وەرزە لە خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان یاری کردو کۆمەلێک یاریزانی بەتوانای بردە ریزی یانەکەی یونس شوکر یەکێک لەو یاریزانانە بوو کە یانەکەی هێنایە ریزی یانەکەی ، توانیان یانەی شەقلاوە بگەڕێنەوە ریزی یانەی پلە یەکەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە یونس شوکر بۆ رۆژنامەی خەبات گوتی" من بەردەوام لە مەشقکردنم بۆ ئەوەی هەموو کات ئامادە بم بۆ یاری کردن، گوتیشی ئەم وەرزە بەهۆی سەرقالیم بە ئیشەوە ویستم پشوو بدەم هەرچەندە چەند یانەیەک داوای یاریکردنیان لێکردم، بەڵام خۆم حەزم نەکرد دەمویست پشوو بدەم، گوتیشی بۆچوونم بۆ یانەی شەقلاوە وەکو ئەوە چووم کە هاوکاری یانەکەم بکەم بتوانم سەریان بخەینەوە بۆ خولی پلە یەک، سوپاس بۆ خودای گەورە ئامانجم پێکا توانیم لە کۆی چوار یاری لەگەڵ ئەو یانەیە چوار گۆڵ و پێنج ئەسیست تۆماربکەم و یانەکەش سەربخەینەوە بۆخولی پلە یەک، گوتیشی بۆ ئایندە نازانم چی دەبێت و لەگەڵ کام یانە یاری دەکەم.

فۆتۆ:تەلعەت نوری



بەبێ مێسی و رۆنالدۆ 11یاریزان بەهاکەیان 1.7 ملیار یورۆیە

هاوار مورتکەیی

گۆڤاری فرانس فوتبۆڵی فڕەنسی وەک پێکهاتەیەک گرانترین نرخی 11یاریزانی لە جیهان راگەیاند کە بەهایان گەیشتە 1.7 ملیار یورۆ، کە ئەستێرەکانی خولی ئینگلیزیش کۆنترۆڵی پێکهاتەکەیان کردووە، لەنێ ئەو 11یاریزانەی ناویان هاتووە، نە مێسی نە رۆنالدۆی تیا دانەنراوە.

لە گۆڵچی ناوی ئەلیسۆن بیکەری بەڕازیلی و گۆڵچی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی هەڵگری نازناوی چامپیۆنزلیگ دیت، کە نرخەکەی گەیشتۆتە 107ملیۆن یورۆ، لە هێڵی بەرگریش، یاریزانانی پریمەرلیگ دین وەک: ئەندرۆ رۆبیرتسۆن 88.3 ملیۆن یورۆ، ترانت ئەلکساندەر ئارنۆلد 130.2ملیۆن یورۆ، ڤیرگل ڤان دایک 112.1ملیۆن یورۆ، ئیمیریک لاپۆرت لە مان ستی 105.4ملیۆن یورۆ.

لەهێڵی ناوەڕاست رۆدری یاریزانی ئەتلەتیکۆ مەدرید 88.2ملیۆن یورۆ، کە چەندین یانە چاویان بڕیوەتێو تاکە یاریزانی خولی ئیسپانیە لەم پێکهاتەدا، لەپاڵ ئەویش پۆل پۆگبا لە مان یونایتد دێت 125.1 ملیۆن یورۆ، و برناندۆ سیلڤا لە یستینیز 136.9 ملیۆن یورۆ.

لەهێڵی هێرشبردنیش هەریەک لە ڕەحیم ستیرلینگ لە مان سیتی 207.8ملیۆن یورۆ، مەحەمەد سەلاح لە لیڤەرپوول 219.6ملیۆن یورۆ، کلیلیان مباپێ لە پاریس سان جێرمان بە 252ملیۆن یورۆ.



ساری بووە راهێنەری یۆڤێنتۆس

یانەی یۆڤێنتۆسی ئیتاڵی رایگەیاند کە ماوریتسیۆ ساری لەسەرەتای وەرزی داهاتوو ئەرکی راهێنەرایەتی لە شوێنی دلیگری وەردەگرێت.

ساری کە پێشتر لە وەرزی 2016 -2017 بەباشترین راهێنەری ئیتاڵی دەستنیشانکراوە کە ئەوکات راهێنەری یانەی ناپۆلی بوو کە دووجار لەدوای یۆڤی بەپلەی دووەم دەهات بە خولی ئیتاڵی، یۆڤی لە راگەیەندراوەکەیدا خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوە بەوەی کە ساری تا ساڵی 2022 وەک راهێنەری ئەو یانەیە دەمێنێتەوە.




ئەمشەو لە مۆندیالی ئافرەتاندا:

کامیرۆن- نیوزلەندا 7ی ئێوارە

هۆلەندا- کەندا 7ی ئێوارە

سوید- ئەمریکا 10ی شەو

تایلاند- چیلی 10ی شەو



بۆچی پلاتینی دەستگیرکرا؟



دوای ئەوەی گومانیکی زۆر لەسەر میشێل پلاتینی سەرۆکی پێشووی یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا بەتێوەگلانی لە گەندەلی، پۆلیسی فەرەنسا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی تێوەگلانی بە بەرتیل وەرگرتن لە کاتی رکابەرییەکانی میواندارای کردنی مۆندیالی 2022کە قەتەر ئەو شەرەفەی بەرکەوت.

رۆژنامەی Thw Sunی بەریتانی ئاشکرای کردووە کە چەندین تۆمەت خراوەتە پاڵ میشێل پلاتینی کە لەبەرامبەر زیاتر کارکردن بۆ ئەوەی میواندارای کردنی مۆندیالی 2022بەر قەتەر بکەوێت، بڕێکی زۆری پارە وەرگرتووە، رۆژنامەکە ئەوەشی درکاندووە کە بەتەنها پلاتینی تێوەنەگلاوە بەڵکو چەندین کەسی تر ناویان هاتووە، چونکە قەتەر بە ملیۆنەها دۆلاری داوەتە بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی و تۆپی پێی ئاسیا لەبەرامبەر پێدانی مافی میواندارای کردنی مۆندیالی 2022 بە وڵاتی قەتەر.

بلاکستینیۆس: بڕوامان هەیە بگەینە چوارگۆشەی زێڕین

ستینا بلاکستینیۆسی خانمە هێرشبەری هەڵبژاردەی سوید سەبارەت بە ئاستی هەڵبژاردەکەیان لە مۆندیالی ئافرەتان رایگەیاند کە دڵنیان لەوەی بەئەنجامێکی باش دەگەڕێنەوە وڵاتەکەیان.

ستینا دەڵێت: زیادەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم ئێمە یەکێک دەبین لەو چوار هەڵبژاردەیەی کۆتایی، تەماحیشمان زۆرە بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە، ئەگەرچی گەیشتن بە یاری کۆتایی هێندە ئاسان نابێت بەتایبەتیش لە بوونی هەڵبژاردەی بەهێز و بەتوانا لەم مۆندیالە.

ستینا بلاکستینیۆسی تەمەن 23ساڵ کە لەهەمان کاتیش یاری بۆ یانەی ڤیۆرنتینای ئیتاڵی یاری دەکات گوتی: بڕوایەکی تەواومان بەخۆمان هەیە و تا ئێستا ئەنجامەکان و ئاستمان دڵخۆشکەرن، پێویستیمان بەهەماهەنگی زیاترە بۆ ئەوەی بەردەوام بین، هەموو شتێک دوکوین بۆ ئەوەی بگەینە یاری کۆتایی.

گریزمان نە خورمای کاڵی بەرشلۆنە و نە تڕێی ئەتلەتیکۆی بەردەکەوێت

جۆسیپ ماریا بارمتۆی سەرۆکی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ڕەتی کردەوە کە لەگەڵ ئەنتۆنیۆ گریزمان گەیشتبێتە ڕێکەوتن و هیچ شتێک لەنێوانیاندا ڕووی نەداوە، هەروەک لە میدیاکاندا ڕۆژانە باسی لێوەدەکرێت بەڵام بارمتیۆ هەموو ئەمانە ڕەتدەکاتەوە.

بارمتیۆ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: زیاتر لە جارێک گووتومە ئێمە لەگەڵ ئەو یاریزانە نەگەیشتووینەتە ڕێکەوتن، هیچ شتێک لە ئارادا نییە، زۆر باش دەبینین کە چۆن نرخی یاریزانان زیادەڕۆیی تێدادەکرێت نرخەکان زۆر بەرزبوونەتەوە، هەروەها گوتی: بەهێمنی و لەسەرخۆ لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەڕۆین، هێشتا 3مانگمان لەپێشە بۆ چوونە ناو ئەو بازارەوە، دەمانەوێ ستراتیژیەتێک دابنێین لە گرێبەستی یاریزانە تازەکاندا، ئێمە یاریزانی باشمان هەیە لە تیپی دووەم سەریان دەخەین بۆ تیپی یەکەم، هەندێکیش لەیانەکە دەڕۆن، بێگومان ژمارەیەکی دیکەش پەیوەندی بە بەرشلۆنەوە دەکەن.

لە یارییەکدا 39گۆڵ تۆمارکرا

یاریزانان لە یارییەکی پاڵەوانێتی جامی ماکاو لە چین بەشێوازێکی سەیر ناڕەزاییان لەبەرامبەر ڕەتکردنەوەی یاریی نێوان سریلانکا و ماکاو نیشاندا کە لەمیانی پالاوتنەکانی مۆندیالی 2022بریار بوو بەرامبەر یەک یاری بکەن، ناڕەزاییەتییەکەشیان بریتی بوو لە وەی 39گۆڵ لە یارییەکەیان تۆمار بکرێت.

لە یاریی نێوان کا ئی و هانگ سای 39گۆڵ تۆمارکرا کە تیپی کا ئی بە ئەنجامی 18-21گۆڵ لە هانگ سای بردەوە، یاریزانانی هەردوولا هیچ بەربەستیکیان لەبەرامبەر یەکتری دروست نەدەکرد لە تۆمارکردنی گۆڵ، ئەویش وەک ناڕەزاییەتییەک لەبەرامبەر یەکێتی تۆپی پێی مەکاو کە ڕێگەیان نەدابوو هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان بۆ یارییەکەی بەرامبەر سریلانکا گەشت بکەن ئەویش لەبەر بارودۆخی ئەمنی لە وڵاتەکەیان.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 20. Jun. 2019 No: (5772)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

شەربەتی فرێش هۆکاری قەڵەوییە

پسپۆڕێکی خۆراک باسی هۆکارەکانی قەڵەوبوون لەوەرزی هاوین دەکات



ئا- وریشە عومەر

دکتۆر کامەران رسوڵ ژاژەیی پسپۆڕی زانستی خۆراک و نەشتەرگەری گشتی وئەندامی پڕۆفیشنالی کۆلێژی ئەمریکی بۆ زانستی خۆراک لەپەڕی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دەربارەی قەڵەو بوونی مرۆڤ لەوەرزی هاویندا چەند بابەتێکی باسکردووە لێرەدا بە کورتی تیشکیان دەخەینەسەر:

گرنگترین هۆکارەکانی

هەرچەندە وەرزی هاوین کاتێکی زۆر گونجاوە بۆ دابەزینی کێش لەبەر بوونی کاتێکی زۆر بۆ وەرزش و بوونی سەوزە و میوەی خۆمالّی هەمەجۆری بەتام و چێژی کە وزەیان کەم تێدایە ،بەڵام کۆمەڵێک هەڵسو کەوتی ناتەندروست بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی زۆری کێش و قەڵەوی ،کەئەمانەی خوارەوە سەرەکی ترین هۆکارەکانی زیاد بوونی کێش و قەڵەوی لە هاوین دا.

ـ نەخواردنی ژەمی بەیانی : کە گرنگترین ژەمە ، پێویستە پێش سەعات نۆی بەیانی خورا بێت تا لەش دەست بکات بە ڕزگار بوون و سوتانی چەوری لەش .

ـ شەونخەونی بە شێوەی بەردەوام : دەرنگ خەوتن دەبێتە هۆی تێک چوونی هۆرمۆنەکانی لەش کە دەبنە هۆی زیاد بوونی کێش لەگەڵ نەمانی ئارەزوو و توانای وەرزش و خەمۆکی و دڵتەنگی و دڵەڕاوکێ .

ـ زۆر خواردنی دۆنەرمە و ساردەمەنی : نیو قاپ دۆنەرمە بڕی (ـ کالۆری) تێدایە ، بە کرێم و قاوە بڕی (ـ کالۆری) تێدایە ؛ ئەمەش بڕێکی زۆرە بۆ نموونە یەک سەعات ڕاکردنی خێرا و بەردەوام پێویستە بۆ سووتاندنی بڕی (٦- کالۆری) .



دکتۆر کامەران رسوڵ ژاژەیی

ـ زۆر خواردنەوەی خواردنەوە گازییەکان : چونکە دەوڵەمەندن بە وزە و دەبنە هۆی قەڵەوی .

ـ زۆر خواردنی فاست فوود: وەک گەس و هەمبەرگر و بیتزا ؛ هەروەها زیاتر بوونی خواردن لە دەرەوەی ماڵ لە چێشتخانە و ڕێستورانتەکان کە خواردنەکانیان بەشی زۆری چەورە و بە تایبەت کە چوونە دەرەوەکان لە هاوین دا هەمووی دەدەخرێتە شەوەوە بە هۆی گەرماوە .

ـ زۆر خواردنەوەی شەربەت و ئاوی میوەی فرێش: کە بڕێکی زۆر وەزیان تێدایە و ڕیشاڵیان تێدا نیە و نیوەی ڤیتامین و کانزا و مادەدە دژە ئۆکساندنەکانی تێدا نەماوە .

ـ کەمی ڤیتامین دی: لە بەر نەچوونە بەر هەتاو ؛ کە باشترین کات لە نێوان (... بەیانی) بۆ ماوەی بیست خولەک بۆ نیو سەعات بە بیانوو گەرماوە

ـ وەرزش نەکردن و کەم بوونەوەی جوواڵە و ڕویشتن بە پێ و دانیشتن و بە سەر بردنی کاتێکی زۆر بە دیار ئەنتەرنێت و مۆبایڵ و یاریە ئەلکترۆنییەکان .

میرا نوێترین ڤیدیۆکلیپی بە ناوی «شایی» بڵاوکردەوە



بەرهەم شێخ عزەدین

"شایی" نوێترین بەرهەمی هونەریی میرایە ، کە ئاوازی لەلایەن هەڵکەوت زاهیرەوە بۆ دانراوە و لە تێکستی قادر ئەسعەدە.کاری ئەڕێنجمێنتی لەلایەن ئاریۆسەوە بۆ کراوە و لە دەرهێنانی بڕیار فەتاحە ، وەکو دیاریی جەژن لە لەلایەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بڵاویکردۆتەوە.میرا یەکێکە لە گۆرانیبێژە لاوەکانی کوردستان،چەندین ئەلبوم و بەرهەمی هونەریی هەیە.

پەیکەر و پەیف..

برتولد بریخت (1898-1965)



شنە کۆیی ـ ئەڵمانیا:

ئەوە پەیکەری شاعیر و نووسەری شانۆیی برتولد بریختە ، کە خاوەنی قوتابخانەی شانۆیی نامۆییە و بە گرنگترین نووسەری شانۆیی سەدەی بیستەم دادەنرێت. لەسەرەتادا لە بواری پزیشکی خوێندوویەتی و پاشان تێکەڵ بەبواری شانۆ بووە و ساڵی 1922ش خەڵاتی کلاسیتی بە ڕامبەر بەیەکەم کاری شانۆیی وەرگرتووە ،هەروەها لەساڵی 1924 دەچێتە بەرلین و لەوێ کاری دەرهێنان بۆ چەندین کاری شانۆیی دەکات. ساڵی1933 ئەوکاتەی هیتلەر دەسەڵاتی ئەڵمانیای گرتە دەست بریخت هەڵات و لەدانیمارک گیرسایەوە و پاشان بەرەو ئەمریکا چوو. ساڵی 1948 گەڕیەوە بۆ ئەڵمانیا ،ساڵی 1949 توانی سەرۆکایەتی تیپی شانۆیی بکات و خەڵاتی ستالین بۆ ئاشتی وەربگرێت. وەک ئاشکرایە بریخت خاوەنی قوتابخانەی نامۆییە لە شانۆ، کە قوتابخانەیەکی گرنگە دوای ئەرستۆ، چونکە گۆڕانکاری لەجۆری کارکردن کرد لەشانۆ.بریخت لە شانۆکانیدا زۆر گرنگی بەیەک کوتلەیی ئەکتەر و بینەر دەدا و ئەو دیوارەی کە بریخت ناوی نابوو دیواری چوارەم.... ، بریخت تێکیشکاند کە پێشتر هە بوو ئەمەش پانتایی نواندنی لەبەردەم ئەکتەر والاتر کرد و زۆرجار ئەکتەر لە ناو بینەرانەوە پەیام و ئازارە کانی خەڵکی بە گوێی هەمووانداد دادەدا. هەروەها بەکەمێک گالتەجاڕی پێکەنین نامێز شانۆییە کەدەکرا و گۆرانیش بەشێک بوو لەدابڕانی دیمەنەکان. کاتێک شانۆیی مرۆڤی چاک ئاشکرا ، بریخت هاتەسەر تەختی شانۆ و گوتی: ئێستا ئێمە بەشۆکەوە هاتنە خوارەوەی ئەو پەردەیە دەبینین کە دادەبەزێ و دادەخرێ، کەچی هێشتا ئە و پرسیارانەی ئاڕاستەمان کرد وەڵامان وەرنە گرتەوە...زۆرجار لەلایەن شانۆکارە پێشەنگەکانی کوردستان زۆرجار ئەم قوتابخانەیە پەیڕەو کراوە و کاری زۆژر دانسقە پێشکەش کراون. لەوانە خوالێخۆشبوو تەلعەت سامان و ئەحمەد سالار و سەباح عەبدولرحمان.



شەقامێک بەهۆی درەختەوە وەک تونێلی لێهاتووە

عەلی لەتیف هونەرمەندێکی خۆڕسک بوو



ئاشتی گەرمیانی

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەلی لەتیف یەکێک بوو لە گەورەترین وێنەکێش و وەرزش وانانی گەلی کورد کەلە ساڵی ١٩٤٤ لە گەڕەکی چواربا غ ی شاری سلێمانی لەدایک بووە، هونەرمەندێکی خۆڕسک بووە و یەکەم پێشانگای شێوەکاری لە ساڵی ١٩٦٤ لە پەیمانگای مامۆستایانی شاری سلێمانی کردۆتەوە وە کۆتا پێشانگای لە شاری دارمشتان لە ئەڵمانیا لەساڵی ٢٠٠٨ کردەوە، کاتێک هونەرمەند عەلی لەتیف لە ناوەڕاستی ساڵی نەوەتەکانەوە لە غوربەت دەژیا ، لە وواڵاتی ئەڵمانیا ، هەرکات هزرو بیری لای ئەوە بوو کە بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان و بەهونەرەکەی خزمەتی هونەرو کەلتووری کوردی و لاوانی نوێ بکات، لە ساڵی ٢٠٠٨ بەو هیوایەوە گەڕایەوە شاری سلێمانی و بۆ ماوەی ١٨ مانگ مایەوە کە خزمەتی هونەرو کەلتووری کوردی و لاوانی شارەکەی بکات، کاتێک بۆ براەدێکی باس کردبوو لەماوەی ئەو ماوەیەی کە ماوەتەوە کەس پێشوازی لێ نەکردبوو وەکو هونەرمەندێک لە بیەوێت خزمەتی هونەری کوردی و گەنجانی شارەکەی بکات ، دواتر گەڕایەوە بۆ غوربەت بە دڵێکی شکاوەوە، لەساڵی ٢٠٠٩ لەئاکامی نەشتەرگەریەکی سەرنەکەوتوو بۆ دڵ لەماڵی دووەمی لە دارمشتات ی ئەڵمانیا لە ١٨ یولیو ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کرد.

لەیادی ٤٠ ڕۆژەی کۆچی دوایی هونەرمەند عەلی لەتیف دکتۆر کەمال میراودەلی لە هۆڵی تاوەر لە سلێمانی لە ٢٥ / ٨ / ٢٠٠٩ پارچەیەک پەخشانی نوسیبوو کە بیخوێنێتەوە وەکو ڕێزێک بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو ، بەڵام نەیان هێشت بیخوێنێتەوە بۆ جەماوەر و فرمێسکی غوربەت و خۆشەویستی بۆ برێژن لەکاتێکدا ئەو هونەرمەندێکی ناسراوی شاری سلێمانی بوو.